خەبات

XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5856) پێنج شەممە 24ی تشرینی یەکەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق کرد

سەرۆک بارزانی: نابێت رێگە بدرێت ئۆباڵی هەڵە و کەموکوڕییەکانی رابردوو بخرێنە ئەستووی حکوومەتی ئێستای عێراق

جۆن ویلیکس پالپشتیی وڵاتەکەی بۆ هەرێمی کوردستان دووپاتکردەوە



دوێنێ چوارشەممە لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە جۆن ویلیکس باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق کرد.
لە دیدارەکەدا کە جێمس سۆرنتن کونسوڵی گشتیی بەریتانیا لە هەولێریش ئامادە بوو، باڵیۆزی بەریتانیا پالپشتیی وڵاتەکەی بۆ هەرێمی کوردستان دووپاتکردەوە و ئامادەیی وڵاتەکەی بۆ پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییەکان لەگەڵ کوردستان و عێراق ڕاگەیاند.
بارودۆخی سیاسیی عێراق و ناوچەکە و دوا گۆڕانکارییەکان لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی و هەروەها تاوتوێکردنی هەڕەشەی سەرهەڵدانەوەی داعش تەوەرێکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیە بوون.
لە دیدارەکەدا بە وردی ڕەوشی ڕۆژئاوا و هاتنی شەپۆلی نوێی پەنابەران لە سووریاوە بۆ هەرێمی کوردستان خرانە بەرباس و هەردوولا دژایەتیی خۆیان بۆ ئەگەری گۆڕینی دیموگرافی لەو ناوچەیە ڕاگەیاند و بۆ ئەوەش وایان بە باش زانی ئەو پەنابەرانەی لە ترسی شەڕ ناوچەکانیان بەجێ دەهێڵن، هەر لەناو خاکی سووریا و لە شوێنێکی ئارامی نزیک سنوور، کەمپیان بۆ دروست بکرێت و کۆمەڵێ نێودەوڵەتی هاوکاریی بەپەلەیان بۆ دابین بکات. هەروەها هەردوولا هاوڕابوون کە ئەو دۆخە ئاڵۆزەی ئێستا زیان بە هەوڵە هاوبەشەکان دژی تیرۆر دەگەیەنێت و مەترسی سەرهەڵدانەوەی داعش لە سووریا و عێراق زیاتر دەکات.
هەر لە دیدارەکەدا باسی ڕەوشی سیاسی و ئەمنیی عێراق کرا و هەردوولا هاوڕا بوون کە پێویستە داواکارییە ڕەواکانی هاوواڵاتیان جێبەجێ بکرێن و پرۆژەی خزمەتگوزاری لەناوچەکانی ناوەڕاست و عێراق جێبەجێ بکرێن و دۆخی ژیانی خەڵک باشتر بکرێت.
هەر لەوبارەیەوە سەرۆک بارزانی جەختی کردەوە کە نابێ ڕێگە بدرێت ئۆباڵی هەڵە و کەموکوڕییەکانی ڕابردوو و بخرێنە ئەستووی حکوومەتی ئێستای عێراق و ئەوانەی خۆیان هۆکاری گەندەڵی و کەموکوڕییەکان بوونە سواری شەپۆلی ناڕەزایەتیی خەڵک بن و بیانەوێ زیان بە کابینەی دکتۆر عادل عەبدولمەهدی بگەیەنن.

پرۆژە یاسای بودجەی گشتی عێراق بە پێی داواکاری خۆپیشاندەران دادەڕێژرێت

پەرلەمانتارێکی عێراق: پێویستە نوێنەرانی کورد لە بەغدا ڕۆڵیان هەبێت



ئەندامێکی لیژنەی ئامادەکردنی پرۆژە یاسای بودجەی گشتی عێراق دەڵێت، پرۆژە یاسای بودجەی گشتیی عێراق بۆ پەرلەمان دواکەوێت و بەپێی داخوازیی خۆپیشاندەرانیش ئامادە دەکرێت، بۆیە گرنگە کوردیش لە بەغدا ئامادەیی هەبێت، بۆ ئەوەی بەشی کورد لەو پرۆژە یاسایەدا دیاری بکرێت.
جەمال کۆچەر، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتویەتی: تا ئێستا پرۆژە یاسای بودجەی گشتیی عێراق ئامادە نەکراوە و چاوەڕێی داواکاری خۆپیشاندەران دەکرێت، هەتا بەپێی داواکاری ئەوان بودجە ئامادە بکرێت، چونکە کۆمەڵێ داواکاریی قورسیان هەیە و هەمووی پێویستی بە بودجە هەیە، بۆیە هەرکاتێ داواکاری ئەوان جێبەجێکرێت، بەپێی ئەو داواکارییانە بودجەکە ئامادە دەکرێت. جەمال کۆچەر گوتیشی: زۆر گرنگە کورد، بوونی لە بەغدا هەبێت، بۆ ئەوەی لە تەرخانکردن و ئامادەکردنی بودجەی سالی داهاتوو، کوردیش بەشی خۆی هەبێت و بۆی دیاری بکرێت، چونکە ئەو پرۆژە یاسایەی پێشتر ئامادەکرابوو، تەواو گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بۆیە پێویستە لە بەغدا نوێنەرانی کورد ڕۆڵیان هەبێت و حکوومەتیش ئامادەیی هەبێت.

هەدەپە بایکۆتی پەرلەمانی تورکیای کرد

هاوسەرۆکی هەدەپە لە پرێس کۆنفرانسێکدا بایکۆتکردنی هەدەپەی لەناو پەرلەمانی تورکیا ڕاگەیاند و داواشی کرد هەموو هێزە بیانییەکان لە سووریا بکشێنەوە. دوێنێ چوارشەممە 23ی10ی2019 سەزایی تەمەللی هاوسەرۆکی هەدەپە لە وتارێکیدا بۆ ئەندام پەرلەمانەکانی پارتەکەی لە پەرلەمانی تورکیا، بایکۆتکردنی هەدەپەی بۆ ماوەی 3 ڕۆژ لەناو پەرلەمانی تورکیا ڕاگەیاند. ئەو دەڵێت بۆ ماوەی 3 ڕۆژ بەشداریی هیچ چالاکی و کۆبوونەوەیەکی پەرلەمانی تورکیا ناکەین. تەمەللی هۆکاری ئەو بایکۆتەی بۆ دووڕخستنەوەی سەرۆک شارەوانییەکانیان گەڕاندەوە، کە لە ماوەی یەک هەفتەدا 8سەرۆک شارەوانییان دوورخراونەتەوە. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

ئەنجوومەنی وەزیران بارودۆخی عێراق و سووریای تاوتوێ کرد و چەند بڕیارێکیشی دەرکرد



3



چەکدارانی پەکەکە کادیرێکی پارتی لە سنووری باڵەکایەتی شۆڕبزر دەکەن

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

2

بابەکر زێباری: پێویستە عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش لیژنەی سەربازیی پێکبهێنن



6

گوتەبێژی وەزارەتی بازرگانی:

پێنج سایلۆی نوێ لە هەرێمی کوردستان دروست دەکرێن

د. جوتیار عادل: ئەگەر یارمەتی نەگاتە پەنابەرانی ڕۆژئاوای کوردستان لە هەرێم کارەساتی مرۆیی ڕوودەدات

لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ دەنگی ئەمەریکا لەگەڵ د. جوتیار عادل گوتەبێژی فەرمیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هۆشداری دەدات لە ئەگەری یارمەتی نەدانی حکوومەتی ناوەندی عێراق و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، کارەساتێکی مرۆیی ڕوودەدات، دەشڵێت: حکوومەتی هەرێم سنوورەکانی بەڕووی هاتنی ئاوارەکانی ڕۆژئاوا داناخات، ئەگەرچی گوشاری ئابووری لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە، بەڵام ئێمە ئامادەین لە قوتی خۆمان بپرین و بیدەینە ئاوارەکان و برا کوردەکانی خۆمان.
(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)



7

تەرخانکردنی 40 ملیار دینار بۆ نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبانەکان

وەزیری بەرگریی ئەمەریکا:

واشنتن پێیوایە تورکیا بەرپرسە لە ئەنجامدانی تاوانی جەنگ دژی کورد

مارک ئێسپەر، وەزیری بەرگریی ئەمەریکا بە دووری دەزانێت بەهۆی هێرشی سەربازی تورکیا بۆ سەر باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا و شەڕکردن دژی شەڕڤانە کوردەکان، ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی لەنێوان واشنتن و ئەنقەرە ڕووبدات. لە هەمان کاتدا باسی ڕاپۆرتێکی مەترسیدار دەکات لەسەر تاوانەکانی تورکیا بەرانبەر بە کورد.
بەگوێرەی کوردستان 24 ئێسپەر لە دیدارێکدا لەگەڵ کەناڵیCNNی ئەمەریکی کە ڕۆژی سێشەممە 2019/10/22 بڵاوکرایەوە، گوتوویەتی: لەگەڵ هاوپەیمانەکەمان لەناو ناتۆ شەڕ ناکەین، لە ئەستۆی ئەمەریکاش نییە پابەند بێت.
(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق کرد

باڵیۆزی بەریتانیا بۆ مەسرور بارزانی: باوەڕمان بە سەرکردایەتی ئێوە هەیە هەرێمی کوردستان بەرەو پێشەوە ببات

مەسرور بارزانی: گۆڕینی دیموگرافی لە باکووری رۆژهەڵاتی سووریا رەتدەکەینەوە



دوێنێ چوارشەمە 2019/10/23 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە جۆن وێلیکس باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق کرد.

لە دیدارەکەدا کە جەمیس سۆرنتن کونسوڵی گشتی بەریتانیا لە هەولێر ئامادەی بوو، گفتوگۆ دەربارەی دواینین گۆڕانکارییەکانی عێراق و ناوچەکە کرا. باڵیۆزی بەریتانیا ئاماژەی بەوە کرد کە بە مەبەستی مانەوایی هاتووە و لە چەند رۆژی داهاتوودا ئەرکەکانی لە عێراق کۆتایی دێت و لە دەوحەی پایتەختی قەتەر وەک باڵیۆزی نوێی بەریتانیا دەستبەکار دەبێت.

باڵیۆز وێلیکس بە سەرۆکی حکوومەتی رایگەیاند کە باوەڕمان بە سەرکردایەتیی ئێوە هەیە هەرێمی کوردستان بەرەو پێشەوە ببات و ستایشی هەنگاوە چاکسازییەکانیشتان دەکەین کە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامی دەدەن. باڵیۆزی بەریتانیا هەروەها سوپاسی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ پێشوازیکردن لە پەنابەران بەتایبەتیش کە بەهۆی گرژبوونی بارودۆخی باکووری رۆژهەڵاتی سووریا بە هەزارانیان رووبان لە هەرێمی کوردستان کردووە و هاوڕا بوو لەسەر ئەوەی پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەمبارەیەوە هاوکاری هەرێمی کوردستان بکات.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وێڕای سوپاسکردنی باڵیۆزی بەریتانیا، هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە ئەرکی نوێیدا. ئاماژەی بە پرۆسەی گفتوگۆکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدرالی دا و گوتی: ئێمە چەندین پێشنیارمان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پێشکەش کردووە و چاوەڕێی بەغدادین بە ئەرێنی وەڵامی داخوازییە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بداتەوە.

لەبارەی دۆخی سووریاش هەردوولا کۆک بوون لەسەر ئارامکردنەوەی بارودۆخەکە و رەتکردنەوەی گۆڕینی دیموگرافی ناوچەکە، چونکە گرژی و ئاڵۆزبوونی زیاتری دۆخەکەی لێدەکەوێتەوە.

وەزیری بەرگریی ئەمەریکا: واشنتن پێیوایە تورکیا بەرپرسە لە ئەنجامدانی تاوانی جەنگ دژی کورد



مارک ئێسپەر، وەزیری بەرگریی ئەمەریکا بە دووری دەزانێت بەهۆی هێرشی سەربازی تورکیا بۆ سەر باکووری رۆژهەڵاتی سووریا و شەڕکردن دژی شەڕڤانە کوردەکان، رووبەڕووبوونەوەی سەربازیی لەنێوان واشنتن و ئەنقەرە رووبدات. لە هەمان کاتدا باسی راپۆرتێکی مەترسیدار دەکات لەسەر تاوانەکانی تورکیا بەرانبەر بە کورد.

بەگوێرەی کوردستان 24 ئێسپەر لە دیدارێکدا لەگەڵ کەناڵیCNNی ئەمەریکی کە رۆژی سێشەممە 2019/10/22 بڵاوکرایەوە، گوتوویەتی: لەگەڵ هاوپەیمانەکەمان لەناو ناتۆ شەڕ ناکەین، لە ئەستۆی ئەمەریکاش نییە پابەند بێت بە پاراستنی کوردەکان لە هاوپەیمانێکی دێرینی واشنتن لەناو ریزەکخراوی ناتۆدا. لەگەڵ ئەوەشدا وەزیری بەرگریی ئەمەریکا دەڵێت: واشنتن پێیوایە تورکیا بەرپرسە لە ئەنجامدانی تاوانی جەنگ دژی کوردەکان، ئەگەر راپۆرتەکانی لەوبارەیەوە ئامادەکراون راستی و دروستی تاوانەکان بسەلمێنن، ئەو راپۆرتانەمان بینیووە و چاودێریی دەکەین، راپۆرتی ترسناک و تۆقێنەرن، ئەگەر راستی و دروستی ئەو راپۆرتانە سەلمێنرا، ئەوە دەچێتە چوارچێوەی تاوانی جەنگەوە و من وەک خۆشم گومانم لە راستی و دروستی راپۆرتەکان نییە. هەر لەو چوارچێوەیەدا و لەم هەفتەیەدا مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا هەڵوێستێکی توندی بەرانبەر ئەنقەرە راگەیاند و گوتی: سەرۆک دۆنالد ترەمپ ناخوازێت کێشەکان بە رێگای سەربازی چارەسەر بکرێن، بەڵام ئامادەیە هێزی سەربازیی دژی تورکیا بەکاربهێنێت بەهۆی جموجوڵەکانییەوە لە سووریا.

بابەکر زێباری: پێویستە عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش لێژنەی سەربازیی پێکبهێنن



هەموو ناوچەکە و بە تایبەت لەسەر کوردستان کە سنووڕمان ڕاستەوخۆ لەگەڵ عێراقە، بۆیە پێشبینی دەکەم جارێکی دیکە بێنەوە بۆ عێراق و ئەمەش بۆ سوپاسالاری پێشووی عێراق، ئاماژە بە مەترسیی چەکدارانی داعش لە رۆژئاوای کوردستان دەکات و دەڵێت مەترسی لەسەر ناوچەکە هەیە و ئەگەر بێت و ئەو چەکدارانە هەڵبێن، ئەگەری هەیە بەناوی دیکەوە دەست بە جموجۆڵ بکەنەوە.

بابەکر زێباری، فەرماندەی پێشمەرگە لەمبارەوە بە خەباتی ڕاگەیاند: 13 هەزار خێزانی چەکداری داعش لە کەمپەکانی رۆژئاوای کوردستان هەن کە بەشێکی زۆریان عێراقین و ئەگەر بێت و ئازاد بن، مەترسییە لەسەر ئێمە مەترسییە، چونکە ئالیاتی سەربازیی داعش هێشتا بەهێزە، بە تایبەت هێشتا هەمەر و چەکی قورسیان بەدەستەوە ماوە. ئەو فەرمانەدە سەربازییە گوتیشی: ڕەنگە ناوی خۆیان بگۆڕن، بە تایبەت باس لە سوپای رزگاریی سوننە دەکرێت کە پێشووتر ناوەکانیان (قاعیدە، سوپای مەهد، محەمەد، داعش، عومەر، خەلەکان و جوندی سوننە بووە)، بۆیە گرنگە بە شێوەیەکی خێرا لێژنەی هاوبەشی سەربازیی عێراق و هەرێمی کوردستان لە سنووری سووریا هەبێت، بەتایبەت لە چیای قەرەچۆغ کە سوود لە بۆشایی ئەمنی وەردەگرن و دەبێت ئەوە مەترسییە بەهەند وەربگیرێت.

فراکسیۆنی پارتی پێشنیازێک بۆ کەسوکاری شەهیدان و بریندارانی شەڕ ئاراستەی پەرلەمان دەکات

فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان پێشنیاز دەکات پارەی بەناوکردنی خانووی زێدەڕۆ لە کەسوکاری شەهیدان وەرنەگیرێت.

پێشەوا تاهیر، ئەندام پەرلەمان و گوتەبێژی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان لە پرێس کۆنفرانسێکدا ئاشکرای کرد: وەک فراکسیۆنی پارتی پێشنیاز دەکەین کەسوکاری شەهیدان و بریندارانی و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکانی پێشمەرگە و شەڕ، پارەی بەناوکردنی خانووە زێدەڕۆیەکان لێوەرنەگیرێت. گوتیشی: ئەمە پێشنیازی ئێمەیە و دەمانەوێت پشتگیریی پەرلەمانتارانی بۆ بەدەست بهێنین. بەپێ پێشنیازی یاساکە، زیاتر لە 250 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون کە بە زێدەڕۆ دروستکراون، تاپۆ دەکرێن.



وەزارەتی بەرگریی ڕووسیا: کاروانی پۆلیسی سەربازیی ڕووسیا چووەتە ناو کۆبانی

وەزارەتی بەرگریی ڕووسیا، ئاماژەی بەوە کرد کە کاروانی پۆلیسی سەربازیی ڕووسیا چووەتە ناو کۆبانی لە سنووری تورکیا-سووریا. لە ڕاگەیەندراوێکدا کە لە لایەن وەزارەتی بەرگریی ڕووسیاوە بڵاوکراوەتەوە، زانیاری لەبارەی دواینین پێشهاتەکان خراوەتەڕوو لەژێر ڕۆشنایی ئەو ڕێککەوتنەی لە 22ی تشرینی یەکەم، لەنێوان سەرۆککۆماری تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان و سەرۆکی ڕووسیا، ڤلادیمیر پوتین کرا.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە کاروانی پۆلیسی سەربازیی ڕووسیا دەستی کردووە بە جوڵە بەرەو باکووری خۆرهەلاتی سووریا و هاتووە پۆلیسی سەربازی ڕووسیا لە ناوچەکانی هاوسێ لەگەڵ ناوچەی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوا دەگەڕێن و هاوکار دەبن لە کشانەوە لە دواوەی هێزە کوردییەکان. لە ڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوە کراوە کە لە چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتنەی لە سۆچی کرا، هەنگاو گیرایە بەر بە ئاڕاستەی خۆرهەلاتی فورات و هاتووە کاروانی پۆلیسی سەربازیی ڕووسیا چووە ناو کۆبانی لە سنووری تورکیا-سووریا. بەرپرسانی ڕووسیا لەگەڵ ئیدارەی خۆجێی کۆبوونەوە و چەند بابەتێک تاوتوێ کرا لەبارەی تەواوبوونی ئەرکەکانیان.



وێنە هەواڵ

بەریتانیا.. دۆزینەوەی 39 تەرم لەناو بارهەڵگرێکدا

yasinheja@yahoo.com وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن:
www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/10/24 ژمارە (5856) | خەبات

ئەنجوومەنی وەزیران بارودۆخی عێراق و سووریای تاوتوێ کرد و چەند بڕیارێکیشی دەرکرد

راپۆرتێکی بەرفراوان دەربارەی سەد رۆژی کارکردنی کابینەی نۆیەم بڵاو دەکرێتەوە

تا ئێستا زیاتر لە هەشت هەزار پەنابەر لە رۆژئاوای کوردستان روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە



دوێنێ چوارشەممە 2019/10/23 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن کۆبووەوە .

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئاماژەی بەوەدا کە لە رۆژانی داهاتوودا و لە دوای کۆتاییهاتنی سەد رۆژی کارکردنی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، راپۆرتێکی بەرفراوان بڵاو دەکرێتەوە و تێیدا بە وردەکارییەوە ئاماژە بەو کار و پڕۆژانە دەکرێت کە ئەنجام دراون و ئەوانەی نەتواندراوە ئەنجام بدرێن، لەگەڵ روونکردنەوەی هۆکارەکانی ئەنجام نەدانیان. لەمبارەیەوە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران گوتی: حکوومەت هی خەڵکە و دەبێت لە خزمەتی خەڵکدا بێت و هاوواڵتیان مافی خۆیانە بزانن حکوومەت تا ئێستا چی کردووە.

دواتر سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران تێشکی خستە سەر گۆڕانکارییەکانی عێراق و ئاماژەی بەوەدا کە ئێمە لەگەڵ داوا رەوا و یاساییەکانی خەڵکی خۆپێشاندەری عێراقین، بەڵام بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ تووندوتیژیدا نین، ئینجا لە هەر لایەکەوە بێت. پشتگیریش لە هەنگاوە چاکسازییەکانی حکوومەتی عێراق دەکەین، بەڵام داواکارین هاوواڵتیان بە شێوازێکی ئاشتیانە داواکارییەکانیان بخەنەڕوو و دامودەزگاکانی حکوومەتی عێراقیش بەرپرسیارانە وەڵامی داخوازیی ئاشتیخوازانەی خۆپێشاندەران بدەنەوە. گوتیشی: سەقامگیربوونی بارودۆخی عێراق لە بەرژەوەندی هەموو خەڵکی عێراقدایە بە هەرێمی کوردستانیشەوە. هەروەها هیوادارین کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی بەپێی دەستوور چارەسەر بکرێن و بەغدا وەڵامێکی ئەرێنی پێشنیارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بداتەوە.

لەبارەی دۆخی رۆژئاوای کوردستان و باکووری رۆژهەڵاتی سووریاش، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران نیگەرانی خۆی لەگرژبوونی دۆخەکە نیشاندا و ئاماژەی بە لێکەوتە خراپەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان کرد کە تا ئێستا زیاتر لە هەشت هەزار پەنابەر بەهۆی ئەم دۆخەوە روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە. روونیشیکردەوە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەرچی پێوست بێت بۆ هاوکاریکردنیان ئەنجامی دەدات، بەڵام پێویستی بە هاوکاری حکوومەتی فیدراڵی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشە کە لەمبارەیەوە یارمەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بدەن.

پاشان ئەنجوومەنی وەزیران گفتوگۆی دەربارەی پێداچوونەوە بە پێکهاتەی کارگێڕی و دارایی وەزارەت و دەستە و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت کرد بە رەچاوکردنی دۆخی ئێستا . بۆ ئەم مەبەستەش بڕیار درا هەر وەزارەتێک لە لای خۆیەوە بە وردیی پێداچوونەوە بە پێکهاتەی وەزارەت و دامەزراوەکانی بکات بە پێی پلان و خشتەیەکی زەمەنی دیاریکراو بە ئاڕاستەی زیاتر بە دامەزراوەییکردن و کەمکردنەوەی خەرجییەکان هەروەک لە هێڵە گشتییەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمدا هاتووە.

بڕگەیەکی دیکەی کۆبوونەوەکە، خستنەڕووی ڕەشنووسی پڕۆژەی لکاندنی منداڵ بە خێزانی جێگرەوە بوو کە لەلایەن کۆمیتەی تایبەتی خرایەڕوو. لەمبارەیەوە ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاریدا پڕۆژەکە بە شێوەیەکی مەبدەئی پەسەند بکات دوای ئەنجامدانی چەند گۆڕانکارییەک. ئەنجوومەنی وەزیران هەروەها گفتوگۆی دەربارەی ڕاپۆرتێکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون کرد بۆ ڕێکخستنەوە و کۆکردنەوە و هەڵگرتنی سەرجەم ئەو دۆکیۆمێنت و ڕێککەوتننامە و یاداشتی لەیەکگەیشتنانەی کە لەکاتی سەردانی فەرمی شاندەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوەی وڵات ئەنجام دراون، ئەمەش لە چوارچێوەی چاکسازییەکانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە تێیدا هاتووە ئەنجامدانی ئیفاد و سەفەر و کۆنگرە و کۆنفرانس بە پێی پێویستی دەبێت.

داوا دەکەین حکوومەتی فیدراڵی وەڵامێکی ئەرێنی پێشنیارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بداتەوە

د. جوتیار عادل: ئەگەر یارمەتی نەگاتە پەنابەرانی رۆژئاوای کوردستان لە هەرێم کارەساتی مرۆیی ڕوودەدات



لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ دەنگی ئەمەریکا لەگەڵ د. جوتیار عادل گوتەبێژی فەرمیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هۆشداری دەدات لە ئەگەری یارمەتی نەدانی حکوومەتی ناوەندی عێراق و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، کارەساتێکی مرۆیی ڕوودەدات، دەشڵێت: حکوومەتی هەرێم سنووورەکانی بەڕووی هاتنی ئاوارەکانی ڕۆژئاوا داناخات، ئەگەرچی گوشاری ئابووری لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە، بەڵام ئێمە ئامادەین لە قوتی خۆمان ببڕین و بیدەینە ئاوارەکان و بڕا کوردەکانی خۆمان.

لە سەرەتادا گوتەبێژی فەرمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گوتی: ئێمە وەک حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەڕووی مرۆییەوە ئەوەی لە توانایدا بێت بۆ ئاوارە و پەنابەران دەیکەین، بەتایبەت ئەوانەی لە دوای هێرشەکەی تورکیاوە ئاوارە بوون، سەرەڕای ئەوەی حکوومەتی هەرێم لەڕووی مادییەوە ئەو توانایەی نییە بتوانێت ئەم خەڵکانە بحەوێنێتەوە و پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانیان بۆ دابینبکات، بۆیە ئێمە داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکەین هەڵوێستی جدییان هەبێت بەرانبەر ئەو دۆخەی ئێستا هەیە، حکوومەتی عێراق هاوکاری ئێمەی نەکردووە، تەنانەت بۆ ئەو کەسانەی لە مالوحاڵی خۆیان لە ناو عێراقدا ئاوارەبوون و ئێستا لە هەرێمی کوردستانن، ئەوە دوو ساڵە هاوکارییان ناکات، بۆیە داوا دەکەین هاوکاری هەرێمی کوردستان و ئەو خەڵکانە بکەن تا ئێستا و ڕێژ بەڕێژ ژمارەیان زیاتر دەکات کە بوونەتە نزیکەی دە هەزار پەنابەر کە لەدوای هێرشی تورکیاوە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان، بۆیە ئێمە وەک حکوومەتی هەرێم سنووربیان لێ داناخەین، بەڵام بەڕاستی توانامان نییە بۆ هاوکاریکردنیان.

د.جوتیار عادل ئەوەشی گوت: لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا حکوومەتی هەرێم لەگەڵ نوێنەری ڕێکخراوەکانی تایبەت بە هاوکاریکردنی پەنابەران و ئاوارەکان کۆبوونەتەوە و داوای هاوکاری بەپەلەی لێکردوون، بۆ ئەو پەنابەرانەی لە سووریاوە ڕوودەکەنە هەرێمی کوردستان، لە دوای 2014 کە ژمارەیەکی بەرچاو ئاوارە و پەنابەر ڕوویان کردە هەرێم کۆمەک دەکران، بەڵام ماوەی دوو ساڵە ئەو کۆمەکانەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ ئەو پەنابەر و ئاوارانە بڕاوە، ئێمە کێشەمان هەیە ئێستا کە ژمارەیەکی زۆرتر ڕوویان کردووەتە هەرێم و ئێمە توانای ئەوەمان نییە پێداویستییە سەرەکییەکانیان بۆ دابین بکەین و عێراقیش لە ساڵی 2017 هاوکاری نەکردووە، بۆ ئەمجارەش داوای هاوکارییان لە حکوومەتی ناوەندی کردووە بۆ یارمەتیدانی ئەو ئاوارە و پەنابەرانە، بەڵام تا ئێستا نازانین تاچەندە هاوکار دەبن.

گوتەبێژی فەرمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هۆشداری دا لە حاڵەتی یارمەتی نەدانی حکوومەتی ناوەندی عێراق و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ هاوکاری ئاوارە و پەنابەران، کارەساتی مرۆیی ڕوودەدات، گوتی: ئێمە ناتوانین و بەڕاستی ئەو ئیمکانییەتەمان نییە، بۆیە داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکەین بەجدی بێتە سەرخەت، چونکە چەند زووتر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی جوڵە بکات بۆ گەیاندنی هاوکاری و کۆمەک بە پەنابەران و ئاوارەکانی سووریا لە هەرێمی کوردستان، ئەگەری ڕوودانی کارەساتێکی مرۆیی کەمتر دەکات.

گوتەبێژەکەی فەرمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جەختیشی کردووەتەوە ئەو توانایەی حکوومەتی هەرێم هەیەتی زۆر زۆر کەمترە لەو دۆخەی ڕووبەرووی هەرێمی کوردستان بووەتەوە، بۆیە حکوومەتی هەرێم ڕەنگە تا ماوەیەک و بەکاتی بتوانێت هاوکارییان بکات بەدڵنیایی ژمارەی ئاوارە و پەنابەرانیش زیاتر دەکات.

د. جوتیار عادل ڕوونیکردەوە لە 2014وە تا ئێستا هەرێمی کوردستان ملیۆنێک و سەد هەزار پەنابەری سووریای لەلایەن کۆمەکی ئەوانەش بڕاوە لەلایەن حکوومەتی عێراق و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئەو هاوکارییانەی هەیانبوو وەک جاران نەماون. ئێمە خەڵکی خۆمان ببینین لەوبەر سنوورەوە لەبرساندا و لەسەرمادا بەوجۆرە نابێت، ئێمە لێیان ببڕوانین، ئێمە بەپێی ڕێکارە یاسایی و ئەمنییەکان مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین، بەڵام ئەم ژمارە زۆرە کاریگەری زۆر دەبێت لەسەر هەرێمی کوردستان هەرێمی کوردستان ناتوانێت زیاتر لەوە ئەو جۆرە ئاوارانە بحەوێنێتەوە.

خوێندنەوەی یەکەم بۆ پێنج پێشنیازی یاساو یەک پێشنیازی بڕیار کرا



پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر پێشنیازی یاسای بە خاوەنکردنی ئەو زەویانەی زێدەڕۆییان لەسەر کراوە لە سنووری شارەوانییەکان دەکات سەعات 11ی پێشنیوەڕۆی دوێنێ 23/10/2019 بەسەرۆکایەتیی د.ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و ئامادەبوونی مونا نەبی قەهوەچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە 5ی ئاساییی خولی پایزە لە ساڵی یەکەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن بەڕێوەچوو. لە دانیشتنەکەدا، کە بەڕێزان ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و خاتوو د.ڤالاّ فەرید وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان ئامادەی بەشێکی بوون، بەرنامەی کاری دانیشتنەکە خوێندرایەوە کە لەدوو خاڵ پێکهاتبوو، خاڵی یەکەمی تایبەتبوو بەخوێندنەوەی یەکەم بۆ پێنج پێشنیازی یاساو یەک پێشنیازی بریارو خاڵی دووەمیش بریتیبوو لە خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازی یاسای بەخاوەنکردنی ئەو زەویانەی زێدەڕۆییان لەسەر کراوە لە سنووری شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

بەکۆی دەنگی ئەندامان ڕاپۆرتی هاوبەشی هەردوو لێژنەکە کرایە بنەما بۆ گفتوگۆکان و دواتر دەرگای گفتوگۆکردنی ناوەڕۆکی پێشنیازی یاساکە بەڕووی پەرلەمانتاران کرایەوە.

دوای تەواوبوونی گفتوگۆکانی پەرلەمانتاران لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە لێژنەی یاسایی و لێژنەی تایبەتمەند ڕاسپێردران کە ڕۆژی یەکشەممەی داهاتوو کۆبنەوە بۆ جێکردنەوەو وەرگرتنی تێبینییەکانی پەرلەمانتاران لەسەر هەر بڕگەو ماددەیەکی پێشنیازەکە و لە ڕاپۆرتی هاوبەشی داهاتووی هەردوو لێژنەکە کاریان لەسەر بکرێت، تاوەکو لەزووترین کاتدا خوێندنەوەی سێیەمی بۆ بکرێت و دەنگی لەسەر بدرێت، بەمشێوەیە کۆتایی بەدانیشتنەکە هات.

کۆشکی سپی کۆتایی بە هاوبەشی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز و واشنتۆن پۆست هێنا

کۆشکی سپی ڕایگەیاند چیتر هاوبەشی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز و واشنتۆن پۆست ناکات کە سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ بەوە تۆمەتباریان دەکات هەواڵی ناڕاست بڵاودەکەنەوە.

گوتەبێژی کۆشکی سپی، ستیفن گریشام بە میدیاکانی وڵاتەکەی ڕایگەیاند، چیتر هاوبەشی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز و واشنتۆن پۆست ناکەین و کۆتایی بە هاوبەشیکردن دەهێنین لەگەڵیاندا. ترەمپ لەمیانی بەشداریکردن لە بەرنامەیەکی کەناڵی Fox ڕایگەیاند نامانەوێت ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز و واشنتۆن پۆست بێنە ناو کۆشکی سپی، لەوانەیە کۆتایی بە هاوبەشیکردن بهێنین لەگەڵیان. ئەوان هەواڵی ناڕاست بڵاودەکەنەوە. ترەمپ زوو زوو CNN ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز و واشنتۆن پۆست و بەوە تۆمەتبار دەکات کە هەواڵی ناڕاست بڵاودەکەنەوە و هێرش دەکەنە سەر ئەو.

وتارو ڕاپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com
www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/10/24 ژمارە (5856)
خەبات

چەکدارانی پەکەکە کادیرێکی پارتی لە سنووری باڵەکایەتی شۆڕشگێڕ دەکەن

ئەو کادیرەی پارتی بۆ بەڕێوەبەری نووسینی رۆژنامەی خەباتە و دوو هەفتەیە لە ماڵەکەی خۆیدا ڕفێندراوە



خەبات: ماوەی دوو هەفتەیە چەکدارانی پەکەکە کادیرێکی لقی26ی پارتی دیموکراتی کوردستانیان بە پلەی کارگێڕ ناوچە ڕفاندووە و تا ئێستاش بێسەروشوێنە.

شایەنی باسە ئەو کادیرەی پارتی، واتە عەبدوڵڵا مستەفا وەسانی، بۆ دڵشاد مستەفا وەسانی بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەی (خەبات)ە. بەگوێرەی زانیارییەکانیش هەر دوای ڕووداوەکە، چەندان کەسایەتیی ناوچەکە داوایان لە چەکدارانی پەکەکە کردووە گوندی (وەسان)ی دەڤەری باڵەکایەتی و لە پێشچاوی هاوژین و منداڵەکانی ڕفاندووبیانە و تا ئێستاش بێسەروشوێنە.

ئازارەکانی ڕۆژئاوادان، کەچی ئەوان خەڵک لە باشوور دەگرن، چەند ڕۆژێکە بێدەنگیم کردووە، نەوەکو کەسانێک بڵێن کاتی ئەوە نییە باسی هیچ حزبێک بکەرێت، بەڵام کە دەسگیرکردنەکە زیاتر لە 10 ڕۆژی تێپەڕاند و تا ئێستاش چارەنووسی نازانین، ناچاربووم قسە بکەم، عەبدوڵڵای برام نەخۆشە و دەرمانی چارەسەری هەیە، کەسوکارمان پێیان گوتبوون دەرمانی بۆ ببەن، بەڵام بەداخەوە ئەو جەماعەتە ئامادە نەبوون دەرمانەکە وەربگرن و بۆی ببەن، گوتبوویان نازانین لە کوێیە.

بەهۆی بوونی چەکدارانی پەکەکە لە ناوچە سنووربییەکان بەردەوام کێشە بۆ هاوواڵاتیان دروست دەبێت بەوەی چەکدارانی پەکەکە بەردەوام دەچنە ناو ماڵی خەڵک و هاوواڵاتیانی گوندەواریبەکان بێزار دەکەن، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە بەهۆی پەکەکە و شەڕی تورکیاوە هاوواڵاتیان دەبنە قوربانی لە ئەنجامی بۆردوومانی فڕۆکەکانی تورکیا، ئەمەش زەرەر و زیانێکی زۆری بەر دانیشتووانی ناوچە سنووربییەکان گەیاندووە.

بۆ ئەوەی ناوبراو ئازاد بکەن، بەڵام گوێیان لێ نەگرتوون و دەستی دەستیان بە کەسوکار و ئەو کەسایەتییانەی ناوچەکەش کردووە، تەنانەت ئامادە نین شوێن و چارەنووسی ئاشکرا بکەن.

دڵشاد مستەفا وەسانی برای کادیرەکە، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک لەبارەی ڕفاندنی براکەی پۆستێکی کردووە و دەڵێت: ئەمە لەکاتێکدایە هەموو کورد یەکهەڵوێستە و لەگەڵ هەیە، نیشانەی گیانی یەکتر قبووڵکردن و پێکەوە ژیانە، بۆیە هەموومان شانازی دەکەین بە کوردستان هەمیشە مەڵبەندی پێکەوە ژیان بووە. لە بەشێکی تری قسەکانی کاکەمین نەجارِ گرنگی جێبەجێکردنی ماددەی 140 دەستووری عێراقی خستەڕوو کە پێویستە ئەم ماددەیە جێبەجێبکرێت بۆ ئەوەی ئەم ناوچانە لە ڕێگای وەرگرتنی ڕای خەڵک ئارەزوومەندانە بخرێنە سەر ئەو ئیدارەیەی کە خەڵک دەیەوێت.

کاکەمین نەجارِ

کوردستان مەڵبەندی پێکەوەژیانی یەکتر قبووڵکردنە



بەمەبەستی گرنگیدانی زیاتر بە دەڤەری گوێڕ و دەوروبەری پێش نیوەڕۆی دوێنێ چوارشەممە 2019/10/23 کاکەمین نەجارِ ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارێزگای هەولێر بە یاوەری کرمانج عەبدوڵڵا بەرپرسی لقی23ی قەرەچوغ و ئەندامانی ئەنجوومەن و کارگێڕانی لق و بەرپرسی ناوچەی گوێڕ و کەسایەتی و ڕیشسپی و شێخانی هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب بارەگای مەکتەبی کۆمەڵایەتی سەر بە لیژنەی ناوچەی گوێڕ لە سەنتەری شارەدێی گوێڕ کرایەوە.

لە وتەیەکدا کاکەمین نەجارِ وێڕای پیرۆزبایی گەرم لە خەڵکی سنوورەکە بە بۆنەی کردنەوەی ئەم بارەگایە هیوای خواست ئەم بارەگایەش وەک بارەگاکانی تری پارتی ببێتە مایی هاوواڵاتییانی دەڤەرەکە و بتوانێت چارەسەری کێشە و گرفتەکانی هاوواڵاتییانی سنوورەکە بکات. لە بەشێکی تری وتەکانی کاکەمین نەجارِ دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی ناوەندی خستەڕوو کە ئێستا پەیوەندییەکان چارەسەرکردنی گرفتەکانی پێشوون. کاکەمین نەجارِ لە درێژەی وتەکەی ئاماژەی بە گرنگی پێکەوە کارکردنی حکوومەتی ناوەند و حکوومەتی هەرێم کرد کە پێکەوەکارکردن و لێکتێگەیشتن چارەسەری زۆربەی گرفتەکان دەکات و خزمەتی باشتر بۆ هاوواڵاتیان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دابین دەکرێت. لە درێژەی وتەکانی نەجارِ ڕایگەیاند: ئەم ناوچانە بە درێژایی میژوو بەشێکی دانەبڕاو بوونە لە خاکی کوردستان، هەر بۆیە سەرکردایەتیی کورد و خودی سەرۆک بارزانی ئامانجیان بووە زۆرترین خزمەت بۆ ناوچەکان دابین بکرێن و ئەم پێکەوە ژیان و یەکتر قبووڵکردنەی لە ناوچەکەدا

هەدەپە بایکۆتی پەرلەمانی تورکیای کرد



هاوسەرۆکی هەدەپە لە پرێس کۆنفرانسێکدا بایکۆتکردنی هەدەپەی لەناو پەرلەمانی تورکیا ڕاگەیاند و داواشی کرد هەموو هێزە بیانییەکان لە سووریا بکشێنەوە.

دوێنێ چوارشەممە 23ی10ی2019 سەزایی تەمەللی هاوسەرۆکی هەدەپە لە وتارێکیدا بۆ ئەندام پەرلەمانەکانی پارتەکەی لە پەرلەمانی تورکیا، بایکۆتکردنی هەدەپەی بۆ ماوەی 3 ڕۆژ لەناو پەرلەمانی تورکیا ڕاگەیاند.

ئەو دەڵێت بۆ ماوەی 3 ڕۆژ بەشداریی هیچ چالاکی و کۆبوونەوەیەکی پەرلەمانی تورکیا ناکەین. تەمەللی هۆکاری ئەو بایکۆتەی بۆ دوورخستنەوەی سەرۆک شارەوانییەکانیان گەڕاندەوە، کە لە ماوەی یەک هەفتەدا 8 سەرۆک شارەوانییان دوورخراونەتەوە.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئاماژەی بەوەش دا، کە دوورخستنەوەی سەرۆک شارەوانییەکانی گەڕاندەوە، پێویستە بەپەلە ئەو سەرۆک شارەوانییانە بگەڕێنەوە سەر کاری خۆیان.

تەمەللی هەر لە وتارەکەیدا گوتیشی: پێویستە لە سووریا هەموو هێزە بیانییەکان نەمێنن و ئەم هێرشەی تورکیا هەدەپە پێشێلکردنی دەستووری تورکیایە، بۆیە پێویستە بەپەلە ئەو سەرۆک شارەوانییانە بگەڕێنەوە سەر کاری خۆیان.

ئاوێک بوو بۆ گیانی داعش تا زیندوو ببنەوە، بۆیە دەبێت بە هەموومانەوە دژی داعش بین و ڕووبەڕوویان ببینەوە. دەبێت هەموو دنیا بزانێت کە ئەو هێزەی لە کۆبانی دژی داعش وەستایەوە، ئێستا بێوەفابوونە بەرانبەریان و نابێت لەبیریان بکەن.

حکوومەت و پەرلەمانی عێراق لە هەوڵی کۆبوونەوەن لەگەڵ نوێنەرانی خۆپیشاندەران لەبارەی داواکارییەکانیان

پەرلەمانتارێکی لیستی سادقوون، ئاشکرای کرد هەوڵەکانی حکوومەتی عێراق و لیستەکەی ئەوان بۆ پێشگیری لە خۆپیشاندانی 25ی ئۆکتۆبەر کە بڕیارە هەینی بەڕێوەبچێت، بەردەوامە و ئەویش لە ڕێگەی ناردنی نوێنەری سەرۆکوەزیران بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ یەکەی کارگێڕییەکان و نوێنەرانی ئەو خۆپیشاندەرانەی کە ئامادەن گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەت بکەن.

پارێزگایانەی خۆپیشاندانی تێدا ئەنجام دراوە.

سەعەد مەیالی، ئەندامی لیستی سادقوون، لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە خەباتی ڕاگەیاند: داوامان لەو پەرلەمانتارانە کردووە کە نوێنەری ئەو پارێزگایانەن خۆپیشاندانی تێدا ئەنجام دراوە لە ماوەی ئەم دوو ڕۆژەدا سەردانی ئەو پارێزگایانە بکەن و لەبارەی داواکارییەکانیانەوە لەگەڵ نوێنەرانی خۆپیشاندەران کۆبوونەوە بۆ زانینی کۆی داواکارییەکانیان. گوتیشی: حکوومەتیش لە هەوڵەکانی بەردەوامە بۆ ناردنی نوێنەری خۆی بۆ سەردانی بەرپرسانی یەکە کارگێڕییەکان و نوێنەرانی خۆپیشاندەران.

ئەو پەرلەمانتارە ڕاشیگەیاند: چڕکردنەوەی ئەو هەوڵانە بۆ جێبەجێکردنی داوا ڕەواکانی خەڵکە کە سااڵنێکە وەک پێویستییەک لەلایەن هاوواڵتیانەوە داوای دەکرێت، وەک دامەزراندن و گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ هەموو ناوچەکان و ڕیشەکێشکردنی بێکاری.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان: هەنگاوی زۆرمان ناوە بۆ بونیادنانی کۆمەڵگایەکی یەکسان و دوور لە تووندوتیژی

حکوومەتی هەرێم لە ساڵی 2012 ستراتیژیەتیی نیشتمانیی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژ بە ئافرەتان داناوە و بۆ ساڵی 2027 دریژ کراوەتەوە



ڕۆژی 2019/10/21 لە بارەگای ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤ لە جنێڤ خولی 74ی لیژنەی تایبەت بە ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی جیاکاری دژی ئافرەتان (سیداو) بە ئامادەبوونی پسپۆڕ و شارەزایانی لیژنەی (سیداو) و نوێنەرانی وڵاتانی ئەندام لە ڕێککەوتننامەکە و نوێنەرانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوە ناحکومییە و پەیوەندیدارەکان بە بواری ئافرەتان بۆ گفتوگۆکردنی حەوتەمین ڕاپۆرتی خولیی عێراق بە ئامادەبوونی شاندێکی هەرێمی کوردستان دەستپێکارەکانی کرد.

د. دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان و سەرۆکی شاندی هەرێم لە گفتوگۆکاندا گوتی: لەم گفتوگۆیانەدا وتاری هەرێمی کوردستانمان پێشکەشکرد و تێیدا تیشکمان خستە سەر ئەو پێشکەوتنانەی لە بواری پاراستنی مافەکانی ئافرەتان هاتوونەتەدی بە تایبەتی یاسای نەهێشتنی تووندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان ژمارە 8ی ساڵی 2011 و هەمواردکردنەوەی چەندین یاسا و دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت کە هەموویان لە بەرژەوەندی ئافرەتاندان لەوانەش هەوڵەکان بۆ هەمواردکردنەوەی یاسای نەهێشتنی تووندوتیژی خێزانی.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لەمیانەی گفتوگۆکاندا تیشکی خستە سەر ڕۆڵی ستراتیژیەتی حکوومەتی هەرێم لەبارەی پاراستنی مافی ئافرەتان یاسایی،پاراستن، خۆپارێزی و پەروەردەکردن، لەلایەکی دیکەوە کار کردنی بە یاسای سزادانی عێراقی ڕاگرت بە تایبەتی لە بواری کوشتنی ئافرەت.

زێباری تیشکی خستە سەر بوونی ئافرەتانی کورد لە بواری ڕاگەیاندن و پڕلیس و ژۆرنامەنووسانی کوردستان، هەروەها لیژنەیەک لە ئەنجوومەنی سەندیکا دامەزراوە بۆ داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتانی ژۆرنامەنووس، سەبارەت بە کەرتی پڕلیسیش لە میلاکی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پڕلیسی هەرێم 882 ئافرەت هەن لە ئەفسەر و کارمەند و فەرمانبەری و تەنیا لە میلاکی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ و فەرمانگەکانی 2522 ئافرەت هەن، وێڕای هەزارانی دیکە لە ڕیزەکانی پێشمەرگە بە پلەی جۆراوجۆر.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم سەبارەت بە ڕفاندنی ئافرەتانی ئێزیدی لەلایەن تیرۆیستانی داعشەوە گوتی: ئەمە یەکێک بوو لە بابەتە گرنگەکانی نێو گفتوگۆکانی جنێڤ لەم ڕووەوە گشت هەنگاوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانمان خستەڕوو بۆ ڕزگارکردنی ئەو ڕفێندراوانە و پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵا بە مەبەستی ناساندنی ئەو تاوانانەی دەرهەق بە کوردانی ئێزیدی ئەنجامدراون وەک جینۆساید و پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت کە ئەرکی کۆکردنەوەی زانیاری و ڕزگارکردنی ڕفێندراوانە، بەپێ زانیاریەکانی نووسینگەی ئازادکردنی ڕفێندراوان تا ڕۆژی 2019/7/20 ژمارەی ڕزگارکراوەکان بریتی بوو لە 3487 لەوانە 1186 ئافرەت، 377 پیاو، 1024 منداڵی کچ، 940 منداڵی کوڕ و تا ئێستاش 2930یان ئازادنەکراون، لەوانە 1338 مێ، 1592 نێر، هەروەها 100 ڕزگاربووی دیکە

نێردراون بۆ وڵاتی ئەڵمانیا بە مەبەستی چارەسەرکردن بەپێی ڕێکەوتنێکی نێوان حکوومەتی ئەڵمانیا و حکوومەتی هەرێم.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/10/24 ژمارە (5856) | خەبات

زریکە و هاواری محەمەد و سارا

لە نامەیەکی کراوەدا بۆ ڕێکخراوی چەکە کۆمەڵکوژییەکان





تەها دەرویش نادر - هۆڵەندا:

من ئەمڕۆ سکالای دوو منداڵی زامداری جەستە شێواو، کە بە چەکی قەدەغەکراو، لەگەڵ سەدان منداڵ و ژن و خەڵکی سڤیلدا لێدراون، بە نامەیەکی کراوە هێناومەتە بەردەم تەلارێ ڕێکخراوەکەتان، باش دەزانم لێم وەرناگرن، چونکە وڵاتی من ئەندام نییە لەو 101 وڵاتەی کە ئاڵاکانیان لە ڕیزی یەک دانراون لە ژووردەوە، بەڵام بیرتان نەچێت ئێمەی کورد لە باخچەکەتاندا نوێنەرێکمان هەیە، ئەویش مۆنۆمێنتەکەی عومەری خاوەرە، لە ساییەی ئەودا ڕێکخراوەکەتان دامەزرا، بۆیە هەمیشە چاو بە فرمێسکە لە پەنجەرەی ژووری گەورەکانەوە دەتانبینێت و ئاگای لە جموجوڵتانە، هیچ هەواڵێک نابیستێت کە پارچەیەک لە جەستەی نیشتمانی بە چەکی قەدەغەکراو دەسوتێنرێت، ئاخر تاکەی قەدەری ئێمە وابێت مێژوو بەو شێوەیە بە سەرمان دەکاتەوە، گەرچی ئێوە و خۆشمان باش دەزانین، تاکە نەتەوەیەک لە هەموو جیهاندا کەمتر بە مردنی ئاسایی بمرێت ئەندامانی نەتەوەی کورد، چونکە لەسەرتاسەری مێژووی هەزاران ساڵەماندا، کارەسات خۆی بە کارەساتی نوێ دەسپێرێت، شەهیدکردن و کوشتن و برین و وڵات وێرانکردن مێژوومان بەڕێکردووە، ئەویش تەنیا لەبەر کوردبوونمانە و داکۆکیکردن بووە لە خاکی کوردستان، ئێمە نەتەوەیەکین زۆر حەزمان لە ژیانە، زۆر زوو بەرەوپیری مەدەنیەت و شارستانییەت دەچین، ئایا کاتی ئەوە نییە دەرفەتێکمان بۆ بڕەخسێت ئێمەش وەک گەلانی دنیا بە ئاسوودەیی بژین، وێڕای سکالاکەی من، محەمەدی زامدار گەیشتە فەرەنسا بۆ چارەسەرکردن، ناکرێ یاسای نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤ، لێی بێدەنگ بن، ئێستاش کە زیاتر لە سێ ملیۆن کوردی سڤیل لەبەردەم مردنی حەتمی دان و لەبەردەم گۆڕینی دیمۆگرافی خاکەکەیانن، ئاوارەکراون لە زێدی خۆیان دوورخراونەتەوە، بۆیە پێویستە وەڵامی ئەم نەتەوە کارەساتبارە لە ڕۆژئاوای کوردستان بدەنەوە بەڕوونی، دیارە دابەشکردنی نیشتمانیی کورد بە ویستی خۆی نەبووە، بەڵکو هەڵەی میژوو و پێدەچێت هەوڵی زیندووبوونەوەی ئیمپراتۆریەت بدرێت بۆ ئیحتیواکردنی خاک و نەتەوەکەمان، لە ئێستادا، بۆیە یەکێتیی نەتەوەیی کورد هێندەی ئاو و هەوا پێویستە، لە کۆتاییدا هیوادارم خاک و وڵاتی من، خاوەن دەروازە بێت.

ئەو سەربازە ئەمەریکیانەی لە سووریاوە کشاونەتەوە عێراق جێدەهێڵن



وەزیری بەرگریی ئەمەریکا، مارک ئێسپەر رایگەیاند کە ئەو سەربازە ئەمەریکیانەی لە سووریاوە کشاونەتەوە و هاتوونەتە عێراق دوای چوار هەفتەی دیکە عێراق جێدەهێڵن. میدیاکانی عێراق رایانگەیاندووە ئێسپەر کە بە سەردانێکی چاوەڕوانەکراو گەیشتە عێراق، لەبارەی ئەو سەربازە ئەمەریکیانەی لە سووریاوە کشاونەتەوە و هاتوونەتە عێراق رایگەیاندووە کە دوای چوار هەفتەی دیکە ئەوان عێراق جێدەهێڵن. میدیا خۆجێیەکان لە زاری وەزیری بەرگریی عێراق، نەڤاح شەمەریشەوە رایانگەیاندووە، ژمارەی ئەو سەربازە ئەمەریکیانەی لە سووریاوە کشانەتەوە و هاتوونەتە عێراق گەیشتۆتە 150 کەس. شەمەری تیشکی خستووەتە سەر ئەوەی کە دوای چوار هەفتەی دیکەی سەربازەکان عێراق جێدەهێڵن و دەچنە بنکە سەربازییەکان لە قەتەر و کوێت.

دەقی ڕێککەوتننامەی ڕووسیا و تورکیا لە سۆچی سەبارەت بە ڕۆژئاوای کوردستان و سووریا

ڕۆژی 2019/10/22 ڤلادیمیر پوتن، سەرۆکی ڕووسیا و ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆککۆماری تورکیا لە سۆچی کۆبوونەوە و لێکتێگەیشتنێکیان لەبارەی سووریا و ڕۆژئاوای کوردستان واژۆو کرد. ڕێککەوتنەکە سەبارەت بە بەردەنگاربوونەوەی تیرۆر، دەستەبەرکردنی یەکپارچەیی خاکی سووریا، یەکێتیی سیاسییەکەی و گەڕانەوەی پەنابەران و هێزەکانی هەسەدەیە لە ڕۆژئاوای کوردستان.

بەگوێرەی لێکتێگەیشتنەکە لە کاتژمێر 12:00ی نیوەڕۆی ڕۆژی 23ی ئۆکتۆبەری 2019دەوە، پۆلیسی سەربازیی ڕووسیا و پاسەوانی سنووری سووریا لە دیوی سووریا لە ناوچەی سنووری نێوان تورکیا و سووریا و لە دەرەوەی ناوچەی ئۆپەراسیۆنی (کانی ئاشتی) دەبێت بۆ کارئاسانیی گواستنەوەی یەکینەکانی پاراستنی گەل و چەکەکانیان بۆ قوڵایی 30کیلۆمەتر لە دووری سنووری سووریا، پێویستە ئەو پرۆسەیە لە ماوەی 150 کاتژمێردا کۆتایی بێت.

دەقی یادداشتی لێکتێگەیشتنی تورکیا و ڕووسیا (سوچی، 22ی ئۆکتۆبەری 2019)

1-هەردوولا پابەندیی خۆیان بە پاراستنی یەکپارچەیی سیاسیی و سەلامەتیی هەرێمایەتیی سووریا و پارێزگاریی لە ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا دووپات کردەوە.

2-جەختیان کردەوە لەسەر هەوڵەکانیان بۆ بەردەنگاربوونەوەی تیرۆر بە هەموو شێوە و ڕووخسارەکانی و پەکخستنی پلانی جیاخوازیی لە خاکی سووریا.

3-لەو چوارچێتوەیەدا، ئەو ڕەوشەی لە ناوچەی ئۆپەراسیۆنی تورکیا (کانی ئاشتی) هاتووەتە ئاراوە دەپارێزرێت، کە ئێستا ناوچەکانی گرێ سپی و سەرێ کانی بە قوڵیی 32 کیلۆمەتر گرتووەتەوە.

4-هەردوولا جەختیان لەسەر بایەخی ڕێککەوتنی ئەدەنە کردەوە، ڕووسیا کارئاسانیی بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە لە ڕەوشی ئێستادا دەکات.

5-لە کاتژمێر 12:00ی نیوەڕۆی ڕۆژی 23ی ئۆکتۆبەری 2019دەوە، پۆلیسی سەربازیی ڕووسیا و پاسەوانی سنووری سووریا لە دیوی سووریا لە ناوچەی سنووری نێوان تورکیا و سووریا و لە دەرەوەی ناوچەی ئۆپەراسیۆنی (کانی ئاشتی) دەبێت بۆ کارئاسانیی گواستنەوەی یەکینەکانی پاراستنی گەل و چەکەکانیان بۆ قوڵایی 30 کیلۆمەتر لە دووری سنووری سووریا، پێویستە ئەو پرۆسەیە لە ماوەی 150 کاتژمێردا کۆتایی بێت. لەو چرکەساتەوە، دەوریەی هاوبەشی ڕووسیا و تورکیا لە خۆڕئاوا و خۆرهەڵاتی ناوچەی ئۆپەراسیۆنی "کانی ئاشتی" بە قوڵیی 10 کیلۆمەتر جگە لە شاری قامیشلۆ، لە ئەرکدا دەبن.

6-سەرجەم چەکدارانی یەکینەکانی پاراستنی گەل و چەکەکانیان لە منبج و تەل ڕەفعەت دوور دەخرێنەوە.


7- هەردوولا ڕێککاری پێویست بۆ ڕێگرتن لە دزەکردنی تیرۆریستان دەگرنە بەر.


8- هەوڵی هاوبەش دەخرێنە گەڕ بۆ کارئاسانیی بە مەبەستی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە و سەلامەتی پەنابەران.

9- ئالیەتی هاوبەش بۆ چاودێریکردن و بەدواداچوونی سەرپەرشتی و جێبەجێکردنی ئەو یاداشتە و هەماهەنگیی دادەنرێت.

10- هەردوولا کار بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسیی هەمیشەیی بۆ قەیرانی سووریا دەکەن لە چوارچێوەی ئالیەتی ڕێککەوتنەکانی ئەستانە و پشتیوانیکردنی چالاکییەکانی لیژنەی دەستووریی.

سەرچاوە: دەقی ڕێککەوتنەکە لە کوردستان 24 وەرگیراوە.





شەنگە هاوار کاکەیی

گەمەی سیاسەت

پرۆسەی مەحکومیەتی سیاسەت و هەیمەنەتی لە جیهاندا بە ڕەنگڕێژی دیمۆکراسییەت و بنەماکانی مافی مرۆڤ، ئەو وەهمەیە کەوا خرێنراوەتە نێو دونیای سیاسەتەوە بە مەبەستی مۆنۆپۆڵکردنی سەرجەم سێکتەرە ئابووریییەکانی جیهان، کە لەلایەن چەند بنەماڵەیەکی دیاریکراوی بەرژەوەندیخواز لە پرۆسەیەکی ڕێکخراو گۆڕەپانی سیاسەتیان بۆ ڕێکخستنی قازانجی بەرژەوەندییە تایبەتەکانیان ڕەخساند، ئەمڕۆش وەکو ئەمری واقیع سەرجەم سەرچاوە دارایییەکان لەژێر چاودێری چڕی ئەم چەند بنەماڵەن کە بەپەنجەی دەست ئەژمار دەکرێن.

ئەم خواستە تایبەتە گوزارشتی ڕاستییەکە کە جیهان لەژێر ڕکێفی سەروەتی سامان و داهات و سەرمایە و سەرمایەدارانە و گەمەی گەرمی سیاسەت و دیمۆکراسییەتیش بەهۆی ئەوانە لە ئارادایە و خەمخۆری ئەم خواستەشیان بۆ بەرەودانە بە دەستکەوتە ناشەرعییەکان و هیچی تر نا، ئەم هەوڵدانانەشیان هەرچەندە دووڕە لە بەهای ئینسانیەت و ویژدانی زیندوو، بەڵام بۆ ئەوان هەمیشە مانای یەک دەستەواژەیە کە دەڵێن پارە دەدوێ بەژمارە و بە داتاو مەکاسبی بانکییەکانیان و داهاتی کۆمپانیا زەبەڵاحەکانی چەکی قورس و ئەتۆمی و بواری بازرگانی نەوت و گازی سرووشتی و...هتد، نەک بە یاریکردن بە دروشمە بریقەدارەکانی دیمۆکراسییەت و مافی مرۆڤ ئەگەر بە سەلیقەوە بپرژێنە سەر ڕووی ڕاستەقینەی ئەم یاریکردنە. لە بەراوردکاریدا وەکو ئەو مرۆڤە وایە کە لەسەر بەرمالێ نوێژە، بەڵام خوا ناناسێت و بۆ خۆی خوایەکی ڕەنگینی لە خەیاڵدا مەزەندە کردووە و خۆی چۆنی بوێ حەز و ئارەزوو و بەرژەوەندییەکانی بەو چەشنە لەگەڵ خوای خۆی لە دووانە. بێ ئاگا لەوەی کە خوداناسی واتا جوانی، دادپەروەری و یەکسانی.

بە هەمان چەشن لە گەمەی سیاسەتدا ڕێڕەویان دابەشکردووەتە سەر دوو تەوژم، تەوژمە نەگۆڕەکان و تەوژمە گۆڕاوەکان، ئەوەشی جێگۆڕکێی پێ دەکرێت، تەنها دەم و چاوەکانە. ئەوەی ڕێژەی نەگۆڕیشە لە هەموو جیهاندا دینەمۆی ڕووداوەکانە، ئەوا سەوابێتەکانە، کە بریتییە لە بەرژەوەندییە ئابووریییەکانی سەرووی سێزدە بنەماڵە ?بۆیە کاتێک کە گەمە سیاسییەکان گەرم و گوڕ دەبێ سەرۆکی هەر وڵاتێک و دەم و چاوەکان ئاڵوگۆڕ دەبن، هیچ لە بابەتەکان ناگۆڕێت، تەنانەت ئەگەر لە سیستەمێکی شاهانەشدا بێ، بە هیچ شێوەیەک واتایەک نابەخشێت بە گەمەی سیاسەت لە جیهان و درزێکیش ناکەوێتە دیواری بەرژەوەندیخوازانەوە، هەرچەندە سیستەماتیکی گەمەکە بە دیمۆکراسی بوونە و لە قاڵبی مۆدێرنیەتیش بەرهەمەکان گەییون. ئەوەی جێگای سەرسوڕمانیشە لە نەوەت و نۆ لە سەدای سەرمایەی جیهان لەدەست نوخبەیەکە کە ڕێژەکەی یەک لە سەد تێناپەڕێت و بەسەرپەرشتی ئەو دەستە شاراوانەی ژێر پەردەی خوانی سیاسەت ئەگێڕدرێ کە لە ژێر ڕکێفێ ئابووریستانی ئابووری لە عەرشی فەردانیەتی خواستی خۆیانن.

یەکێک لە گەورە بەرپرسەکانی ئەو خانەوادانەش بە ناوی ناپان مایر ڕۆتشیلد کە یەکێکە لە گەورە سەرمایەدارانی جیهان، پێیوایە پێودانگی گرنگی سیاسەت لەوە دایە سەرجەم سێکتەرە ئابووریەکان مۆنۆپۆڵ بکرێن. دەشڵێت بۆ من گرنگ نییە چ پاشایەک و چ بووکە شووشەیەک دێتە سەر عەرشی شاهانە، لێ ئەوەی بۆ من گرنگە ئەوەیە کێ هەیمەنەتی لەسەر دراو و سەرەوت و سامانەکانە کە تا ئێستا هی خۆمە! کەواتە ئەو مەراسیمە پڕۆتۆکۆلیانە لە بنەڕەتدا بۆ جەمسەرگیری بونیاد نراون، نەوەک بۆ بەختەوەری مرۆڤ.

لەم تەوەردا دەکرێ بە کورتی ئاماژە بە چەند بنەماڵەیەک بکەین کە ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە لە بەرپابوونی جەنگە جیهانییەکانی دوێنێ و ئەمڕۆدا و تا چەند ڕۆڵی کاریگەر و بەرچاویان هەبووە تەنانەت لە تیرۆرکردنی سەرکردەکانیش وەکو هەردوو سەرۆکی ئەمەریکا جۆن کەنەدی و ئابراهام لنکۆڵن کە ئەمە ئەمری واقیعی جیهانە و وێستگەکانی حوکمڕانی لە ژێر مەئمەردەتیانە بێ ئەوەی خودی خۆیان بێنە گۆڕەپانی دەسەلاتداری، هەر خۆیان سەردار و سالاری جیهانن و خاوەن پێگەیەکی بەرزی دەسەلاتن و بڕیارە چارەنووسساز و گرنگەکانی جیهانیش بە ئارەزووی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان هەڵدەسووڕێنن دوور لە بەهای مرۆڤایەتی و ئینسانی بە باوەری ئەو خوا ڕەنگینەی کە مەزەندەی دەکەن لە خەیاڵاتەکانیان و خوێنی مرۆڤیش دەڕژێنن تا بازاڕی چەک و مەلعەنەتەکانی سیاسەتیان گەرم و گوڕتر بێت!

ئێمەی کوردیش بەدەر نەبووین لە سووتان بەو ئاگرە لەمێژنەی کە لە مااڵ و دڵی بەرژەوەندیخوازانەوە هەڵگیرساوە. ئەو بنەمااڵنەش زۆر بە کورتی ئەمانەن: بنەمااڵەی ڕۆتشیلد کە مەزەندە دەکرێ سەرمایەکەیان سێ تریلیۆن دۆلار بێ، بنەمااڵەی مۆرگانی ئەمەریکی کە کۆمپانیا بەنکییەکانی ئەمەریکا و ئەوروپایان داگیرکردووە، ئالسعوودیش لە سعودیا لە سەدا بیستی یەدەگی نەوتیی جیهان تایبەتە بە ناوی بنەماڵەیە، ڕوتشیلد لە ئەڵمانیا کە لە سەردەمی ناپلیۆنەوە تا ئەمڕۆ سەرپەرشتیاری جەنگەکانە لە جیهان، بارۆخیش هەرچەندە سەرمایەکەی لە ڕۆتشیلد کەمترە، بەڵام ڕۆڵی کاریگەرتری هەیە، چونکە ڕاوێژکاری پێنج لە سەرۆکەکانی ئەمەریکا بووە و هەڵگیستنەری جەنگی ساردیشە و ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەریشی هەبووە لە بەرەوپێشچوونی دروستکردنی چەکی ئەتۆم و نەوەوی. هەروەها والتۆن خاوەن کۆمپانیاکانی ویل مارتە، وندسۆر بنەماڵەی شاهانە بەریتانیا، مردۆخ بنەماڵەیەکی یەهودییە لە ئوستراالیا و خاوەن گەورە کۆمپانیاکانی بواری ڕاگەیاندنن. هەروەها بنەماڵەی ڕۆبیرت و بنەماڵەی ئۆنهایمری خاوەن کۆمپانیاکانی زێر و ئەڵماس و کانزا بە بەهاکان، بنەماڵەی برتیزکەر خاوەن گەورە کۆمپانیاکانی بواری گەشت و گوزار و هۆتێلە بەناوبانگەکانی جیهان.

ئەمانە و چەند بنەماڵەیەکی تر هەرسیان بە گوێ زەوی و تەبەقەی ئۆزۆن و بە مرۆڤایەتیش هێناوە و دیواری ئارامیان ڕووخاندووە، ئەوەی ماوە بیڵێم ئەگەر ئەم هەموو ڕاستییە لەبەر چاوان بێت، ئەوا هەرگیز نابێت چیتر گەلەیی و گازندەکانمان ئاڕاستەی کۆمەڵگەی دەوڵی و سیاسەتی دەوڵی و سەرۆکی وڵاتانی جیهان بکەین.

*** ماستەر لە یاسای گشتی/ زانکۆی ئەلیکەمە لە بەیروت**

قەڵادزێ.. لە ڕێوڕەسمێکدا بارەگای لیژنەی ناوچەی قەڵادزێ کرایەوە



پێشنیوەڕێی دوێنێ لەناو ئاپۆڕای جەماوەرێکی زۆری پارتییدا لە قەڵادزێ لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا بە ئامادەبوونی هیوا گەیلانی بەرپرسی لقی 11 و فەرماندەی فەرماندەیی کاوە و ئەندامانی مەکتەبە ناوەندییەکان و فەرماندەو ئەفسەرە سەربازییەکانی سنوورەکە و کادرانی لق و لیژنە ناوچەکانی سنووری چالاکیی لقی11 و کەسایەتی و پیاوماقوڵانی دەڤەرەکەو قوتابیان و لاوان و ئافرەتان و چین و توێژە جیاجیاکان، بارەگای لیژنەی ناوچەی قەلادزێ کرایەوە.

گوتەبێژی وەزارەتی بازرگانی:

پێنج سایلۆی نوێ لە هەرێمی کوردستان دروست دەکرێن



فەتحی مەجید گوتەبێژی وەزارەتی بازرگانیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: بەپێی ئەو پلانەی دانراوە، بڕیارە 5 سایلۆی دیکە لە هەولێر و دهۆک و سلێمانی دروست بکرێن، کە هەر سایلۆیەک 40 هەزار تۆن دانەوێلە دەگرێت، چونکە بەرهەمی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان زۆرە و شوێنمان کەمە.

بۆیە ئەو سایلۆیانە دروست دەکرێن بۆ ئەوەی ئەو کێشەیەمان نەمێنێت.

مەجید گوتیشی: ئێمە بەشێکین لە ئاسایشی خۆراک و دەمانەوێت بەشداری بکەین لەو بوارەدا، لە ئێستاشدا لە هەرێمی کوردستان شەش سایلۆ هەن و 540 هەزار تۆن دانەوێلە لەخۆ دەگرن، بەڵام خواستمان هەیە بیگەیەنینە یەک ملیۆن تۆن، ئەوکات کێشەی دانەوێلەمان نامێنێت، کە خواستی یەکەمی هاوواڵتیانە. بۆیە ئەگەر هەر گرفتێکیش ڕووبدات، ئەو کات دەتوانین چەند سالێک بەو دانەویلەیە خۆمان ڕاگرین و ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە.

لە ئێستادا مامەڵەی وەرگرتنی تابلۆی ئۆتۆمبێل و نوێکردنەوەی مۆڵەتی شۆفێری بە 90 خولەک تەواودەبن



ڕێبەر ئەحمەد، وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە میانی لێدوانێکدا بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند، پێشتر مامەڵەکانی سالانە، وەرگرتنی تابلۆی ئۆتۆمبێل و نوێکردنەوەی مۆڵەتی شۆفێری چەندین هەفتەی پێدەچوو، بەڵام ئێستا بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆ لەهەرێمی کوردستان بە 90خولەک ئەو مامەڵانە تەواودەکەن. وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێم وتیشی، ئەوان کاردەکەن بۆئەوەی لەو ماوەیەش کەمتر مامەڵەی هاوواڵتیان ڕابیکرێت.

بەڕێسۆ لقێ ئێک:

کوردستانی قەردارێن خوینا شەهیدانە



بئامادەبوونا سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقێ ئێک و بیشکداریا کۆمەکا خێزان و کچێن شەهیدێن سەر بلند داوی ب خولا دریارێ ئەوا ژ لایێ ڕێڤەبەریا ڕاهێنانێن پێشمەرگەیی یا دهۆکێ و ب هەماهەنگی دگەل لقا ئێک هاتبوو ڕێکخستن ئینا، لدەستپێکا ڤان ڕێورەسمان بەرپرسێ لقێ ئێک پەیڤەک پێشکەش کر و گوت: ئەز بەختەوەرم ئەڤرۆ د ناڤ هەوەیێن هێژا دا ئامادەبووم، چونکی هوین ئەو کەسن یێن هەمی خەلکێ کوردستانێ قەردارێ خونا عەزیزێن هەوە و هەر پێشکەفتن و دەستکەفتیەک لکوردستانێ هاتبیتە دی بخونا شەهیدێن سەر بلندێن کوردستانێ بوویە و بڤێ هەلکەفتێ ژی پیروزباهیا لهەوە ئێک ب ئێک دکەم ژ بۆ دەرچوونا هەوە ژڤێ خولێ پاشی ژی دیاری و بروانامە لسەر بەشدار بویان هاتنە پارفەکرن.

سەرکونسوڵی کۆریای باشوور:

کوردستان لە ڕووی دیبلۆماسیەتەوە ناوچەیەکی مێژوویی گرنگە



بۆ ئەنجامدانی سمیناڕێک لەسەر دیبلۆماسیەت، عەلی حسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی پارتی بەئامادەبونی هوشیار سوەیلی بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی و ئەندامانی مەکتەب، پێشوازی لە چۆی کوانژین سەرکونسلی ولاتی کۆریا لە هەرێمی کوردستان کرد.

لە دیدارێکدا عەلی حوسێن بەرپرسی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی لەگەڵ سەرکونسڵی کۆریا، هەماهەنگیی و پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولاو پێشخستنی لە هەموو بوارەکاندا بەگرنگی خرایەڕوو، هاوکات عەلی حسێن ستایشی ڕۆڵی کۆریای باشوور و کونسڵەکانی کۆریای کرد کە توانییان ڕۆڵی گەورە ببینن لە ئاوەدانکردنەوەو پێشخستن لە تەواوی سێکتەرەکان لە کوردستاندا. پاشان چۆی کوانژین سەرکونسوڵی کۆریای باشوور لە هەرێمی کوردستان لە هۆڵی مەکتەبی پەیوەندییەکان بابەتێکی لەسەر دیبلۆماسیەت بۆ ئەندامانی مەکتەبی پەیوەندییەکان پێشکەش کرد و تێدا بە بایەخ و گرنگیەوە باسی لە تیرۆر و پایەکانی دیبلۆماسیەت لە ڕابردوو ئێستا بەگشتی کردو تەئکیدی کردەوە بەهێزبونی هەر وڵاتێک دەگەڕێتەوە بۆ دیبلۆماسیەتێکی بەهێز و خستنەڕووی پایەکانی دیبلۆماسیەت لە ڕووی کلتووری ئابووری و سیاسەتێکی دروست، هاوکات تەئکیدی کردەوە کوردستان ناوچەیەکی مێژوویی گرنگە کە سەرچاوە مێژوویەکان باسیان کردووە لە ڕووی دیبلۆماسیەت، بۆیە دەبێت خەڵکی کوردستان و ئێوە شانازی بەم لایەنە پیرۆزە بکەن، پاشان ئامادەبوان بابەتەکەیان بەچەندین ڕاو پرسیار دەوڵەمەندتر کرد.

پرسەو سەرەخۆشی

بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان

بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو خالۆ بازیانی

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیار و پێشمەرگە و سەرلقی شۆڕشی مەزنی ئەیلول، خوالێخۆشبوو ئەسعەد عەلی جەژنی ناسراو بە خالۆ بازیانیمان بیست.

بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی بنەماڵە تێکۆشەرەکەتان و تەواوی کەسوکار خزم و دۆست و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین و شەریکی خەمتانین.

لەخودای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

مەکتەبی سیاسی

بەرپرسی لقی 16: لە هەرێمی کوردستاندا کەس لە سەرووی یاساوە نییە



بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی16ی هەولێری پارتی بەیاوەری هەریەکە لە کوردۆ ئەحمەد کارگێڕی لق و هێرش مەلا جەوهەر بەرپرسی لێژنە پێشوازیکران. بڵند ئیسماعیل هاوخەمی لقی16ی هەولێرو پارتی گەیاندە سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریاو کەسوکاری ئەو خانەوادەیەی ڕۆژئاوای کوردستانی کرد کە ماوەیەک لەمەوبەر بەشێوەیەکی دڕندانە شەهید کران و لەلایەن هەڤاڵ بەهجەت سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا (الپارتی) و ژمارەیەک لەکەس و کاری قوربانیەکان ناوچەی کەسنەزان لەگوندی پیرەش سەردانی کەسوکاری ئەو خانەوادەیەی ڕۆژئاوای کوردستانی کرد کە ماوەیەک لەمەوبەر بەشێوەیەکی دڕندانە پێشوازیکران. بڵند ئیسماعیل هاوخەمی لقی16ی هەولێرو پارتی گەیاندە سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریاو کەسوکاری ئەو خانەوادەیەی ڕۆژئاوای کوردستانی کە ماوەیەک لەمەوبەر بەشێوەیەکی دڕندانە کەسوکاری قوربانیەکان سوپاسی بەرپرسی لقی16ی هەولێریان کرد بۆ سەردانیکردنیان و سوپاسی داموەدزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کرد کە لەماوەیەکی کورتدا توانییان تاوانبار بدۆزنەوەو دەستگیری بکەن.

تەندروستیی هەولێر.. گشت دەزگاکانی تەندروستی بە دیکۆمێنتکاری دەکرێن



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی: بەڕێوەبەری بەشی کارگێڕی بە هەماهەنگی بەشی ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر کۆبونەوەیەکی لەگەڵ گشت کارمەندانی هۆبەی ڕاگەیاندنەکانی بەڕێوەبەرتیەکان و نەخۆشخانەکان و سەنتەرەکان لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی ئەنجامدا، لە کۆبونەوەکەدا تیشک خرایە سەر میکانیزمی ئەو کارانە و پلانی کار بۆ دروستکردنی پەرتوکێکی دیکۆمێنتکاری پڕۆفیشنڵ کە گشت زانیاری دروست لە بارەی دەزگاکانی تەندروستی لە سنوری شاری هەولێر، بەڕێوەبەری کارگێڕی ئەم کارەی بۆ ئامادەبووان خستە ڕوو کە چەند گرنگی هەیە بۆ زانیاری دروست و پوخت لە دەزگاکانی تەندروستی لە سنوری شاری هەولێر.

بارزان... لە هەفتەی بەرەنگاریی نیشتمانی سیمینارێک بەڕێوەچوو



خەبات ـ مسلم دۆلەمەری ـ بارزان:

لقی میرگەسوری یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە هۆڵی ئامادەیی بلێ بە ئامادەبونی ژمارەیەک لە بەرپرس و نوێنەرانی ئیداری و حزبی و ڕێکخراوی قوتابیان و مامۆستایان و ڕۆشنبیران، لە هەفتەی بەرەنگاری نیشتمانی سیمینارێکی بۆ لیوا بەهرام عریف یاسین فەرماندەی فەرماندەی هەڵگورد سازکرد.

لە سیمینارەکەدا تیشک خرایە سەر خەباتی چەندین ساڵەی بارزانیی نەمرو بەرخودان و تێکۆشانی دانیشتوانی دەڤەری بارزان. هەروەها تیشک خرایە سەر گۆڕانکاریە سیاسی و سەربازیەکانی ئەمڕۆی ڕۆژئاوای کوردستان و خەبات و قوربانی و بەرگری پێشمەرگە لەدژی دۆژمنان بەتایبەتی شەڕی داعش و هەوڵ و ماندوبون و شەونخوونی سەرۆک بارزانی بۆ بەرگری کوردستان و ئارامکردنەوەی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لەدوای ڕیفراندۆم و دەستدرێژی ئابوری و سەربازی دۆژمنان بۆ سەرگەلی کورد. لە کۆتایی مەراسیمەکەدا چەندین قوتابی پلەی یەکەمی سالی ڕابردووی خوێندن لەلایەن لقی ناوبراوەوە خەڵاتکران.

وەهەروەها مسلم دۆلەمەریش وەکوپەیامنێری ڕۆژنامەی خەبات لە بارزان لە بەرامبەر ئەرک و ماندووبوونی لە کاری ڕۆژنامەوانی لە دەڤەرەکە بەگشتی و خزمەتکردن بەتوێژی قوتابیان بەتایبەتی ڕێزوسوپاسی پێشکەشکرا .

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/10/24 ژمارە (5856)

تەرخانکردنی 40 ملیار دینار بۆ نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبانەکان

وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن: هەر بەڵێندەرێک پێویستە بەماوەی 70ڕۆژ کارکردن لەو پڕۆژانە تەواو بکات

دلشاد عیمادەدین: بۆ ئەوەی کارەکان لەکاتی خۆی تەواو بکرێت چەندین جار کۆبوونەوەمان لەگەڵ ئەندازیاران و تەکنیکارانی خۆمان کردووە







ڕاپۆرت: فاتیح بەرزنجی

ڕێگاوبانەکانی کوردستان پێویستیان بە بودجەیەکی زۆر هەیە تا بکرێن بە جووت ساید و زۆربەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ بۆ خراپی ڕێگاوبانەکان دەگەڕێتەوە لەم ساڵانەی دواییشدا بەهۆی قەیرانی دارایی نەتوانراوە بودجە بۆ چاککردنەوەو قیرتاوکردنی ڕێگاوبانەکان تەرخان بکرێت. وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن لە چوارچێوەی کارو بەرنامەی خۆی خەریکە کارو پڕۆژەکانی ڕێگاوبان دەست پێ بکاتەوەو لەو ماوەیەش بڕی 40ملیار دیناری بۆ نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبانەکان تەرخانکرد سەبارەت نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبانەکان وەک ڕۆژنامەی خەبات ئەو بەدواداچوونەمان ئەنجامدا:

تەرخانکردنی بڕی 40ملیار دینار بۆ چاککرنەوەی ڕێگاوبانەکان

لە لێدوانێکدا بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن دانا عەبدولکەریم وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن ڕوونیکردەوە: بڕی 40ملیار دینار بۆ نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبانەکان تەرخانکراوە لە چەندین شوێن کارەکان دەستیان پێکراوە و دراوەتە بەڵێندەرەکان و هەربەڵێندەرێکیش کەمتەرخەم بێت لەکارەکەی سزا دەدرێت و بەردەوام چاودێریکردن بۆ پڕۆژەکان هەیەو پێویستە بەماوەی 70 ڕۆژ کارکردن لەو پڕۆژانە تەواو بکرێن و بڕی ئەو پارەیەی کە تەرخانکراوە بەو شێوەیە دابەشکراوە بڕی 11 ملیار دینار بۆ چاککردنەوەو نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبانەکانی سنووری شاری هەولێر تەرخانکراوەو ژمارەیەک ڕێگاوبانی دەڤەری سۆرانیش نۆژەن دەکرێنەوەو ئێستاش کارکردن تیایدا بەردەوامەو زۆرجار هەوڵ دەدەین ئەو پڕۆژانە لەشارەکان بەسەر بکەینەوە پێویستە پڕۆژەکان بەکوالیتیەکی بەرز ئەنجام بدرێت و بڕە پارەیەکیش دراوەتە بەڵێندەرەکان و چاودێری کارەکانیان دەکرێت و کەمتەرخەمی لە هیچ بەڵێندەرێک قەبوڵ ناکەین.

واستەکاری، وایکردووە کە قوتابی تەنیا بیرلە بڕوانامەکە بکاتەوە و هیچ سوودێک لە وانەکان و ئەو بەشە وەرنەگرێت کە لێی دەخوێنێت، بۆیە زۆرێک لەوانەی لەدوای دەرچوون نابنە ڕۆژنامەنووس، بە بڕوانامەی زانکۆ کارێکی تر کاریک کە دەیکەی ئەگەر لە دڵەوەنەبێت و بە حەز و ئارەزووی خۆت نەبێ، ئەوا تێیدا سەرکەوتوو نابیت و کۆتاییەکەی هەر وازهێنانە لە کارەکە.

محەمەد گوتیشی: لە عێراق بەگشتی لەبەر زۆربی ڕێژەی گەندەڵی و بوونی دواتر سدقی ئامێدی بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بۆ ڕێگاوبان ڕوونیکردنەوە: وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن بەردەوام لە هەوڵی چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبانەکانەو ئەگەر قەیرانی دارایی نەووایە ئەوا ژمارەیەک ڕێگاوبان دەکران بە جووت سایدو زۆربەی ڕێگاوبانە تێکچووەکانیش قیرتاو دەکرانەوەبەشێوەی ستاندارد واخەریکە لەچوارچێوەی کارەکانمان کارو پڕۆژەکان دەست پێ دەکەنەوەو بڕی 40ملیار دینار بۆ نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبانەکان تەرخانکراوەو کارەکان دەستیان پێ کراوەو پێویستە بەماوەی 70ڕۆژ کارەکان تەواو بکرێن و هەر بەڵێندەرێکیش کەم تەرخەم بێت سزا دەدرێت و بەردەوام چاودێری پڕۆژەکان دەکەین.

پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبانەکان بە تۆکمەیی ئەنجام دەدرێت

ئەندازیار دڵشاد عیمادەدین بەڕێوەبەری چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێر ڕوونیکردەوە: ماوەی چەندین ساڵ بوو لەبەر هۆکاری قەیرانی دارایی نەمان دەتوانی کار بۆ نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبانەکان بکەین واخەریکە بەهەوڵ و کۆششی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی ئاوەدانکرنەوە کار کان دەست پێ دەکەنەوەو ماوەیەکە کاری نۆژەنکردنەوەکە دەستیان پێ کردووەو کارەکان بەشێوەیەکی تۆکمەو داڕێژراو بەڕێوە دەچن و ئێمەش چاودێری ووردی پڕۆژەکان دەکەین و پلان و بەرنامەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە گرنگیدانە بە تۆڕی ڕێگاوبانەکان و لەنزیکەوەش وەک بەڕێوەبەرایەتی چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبان سەردانی مەیدانی پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبانەکان دەکەین هەوڵماندداوە بەزوویی ڕێگا سەرەکیەکان چاک بکرێنەوەو کارەکان گەلێک زۆرن چاککردنەوەکەش بەشێوازی ستاندارد چاک دەکرێنەوە بۆ ئەوەی کارەکان لەکاتی خۆی تەواو بکرێت چەندین جار کۆبوونەوەمان لەگەڵ ئەندازیاران و تەکنیکارانی خۆمان کردووە تیمەکانمان لە شارو شارەدێچیەکانی سنوری شاری هەولێر کاری خۆیان ئەنجام دەدەن دیارە هەموو ئەو کارانە بەپێی پلان و ئەو دەرخستانەی کە پێشتر ئامادەمان کردووە پڕۆژەکان دەستیان پێ کراوەو لەلایەن حکومەتی هەرێمیش بودجەی بۆ تەخانکراوەو ڕۆژانە کارەکان درێژەیان هەیە.

ئایا دەرچوونی کۆلێژ و پەیمانگەکانی ڕاگەیاندن دەبنە ڕۆژنامەنووس؟

محەمەد رەفیق: ئەوانەی دەچنە پەیمانگە و کۆلێژەکانی ڕاگەیاندن، نابنە ڕۆژنامەنووس

سارا یاسین: زۆربەی ئەوانەی ڕاگەیاندن دەخوێنن، دەبنە ڕۆژنامەنووس و پێشکەشکار

محەمەد جەلال: ئەو قوتابیانەی لە ڕاگەیاندن دەخوێنن ئەگەر حەزو ئارەزوویان نەبێت، نابنە ڕۆژنامەنووس




ڕاپۆرت: پەریها عومەر

ئایا قوتابیانی بەشی ڕاگەیاندن ئەوانەی بەبێ ویستی خۆیان چوونەتە ڕاگەیاندن دەبنە ڕۆژنامەنووس؟ ئەگەر نابنە ڕۆژنامەنووس دوای دەرچوون چی دەکەین؟ ئایا پیشەی ڕژنامەنووسی وەک فەرمانبەریی سەیردەکەن یان حەز و بەهرەیە؟ لێرەدا دەمانەوێ ڕای جەند قوتابیەکی بەشی ڕاگەیاندن وەربگرین:



محەمەد رەفیق



سارا یاسین



محەمەد جەلال

محەمەد رەفیق قوتابی ڕاگەیاندن دەڵێت: ئەوانەی دەچنە پەیمانگە و کۆلێژەکانی ڕاگەیاندن بەبڕوای من نەخێر، نابنە ڕۆژنامەنووس، ئەگەر ببنە ڕۆژنامەنووسیش، ئەوا سەرکەوتوونابن لە کارەکەیان، چونکە هەر دەکەن جیاواز لە بوارەکەی خۆی.

ئەو دەشڵێت: ڕۆژنامەنووسی وەکو هەر کارێکی تر بە پیشە هەژمار دەکرێ، چونکە لەڕێگەیەوە بژێوی ژیانت تێیدا پەیدا دەکەی، پیشەیەکی تایبەتە و هەروەها چاوەڕێت دەکرد نابێت لەوەی کە بە ویستی خۆت نەچووی سەرکەوتوو دەبیت، زۆربەی ئەوانەش ڕاگەیاندن دەخوێنن دەبنە ڕۆژنامەنووس و پێشکەشکار.

سارا گوتیشی: کاری ڕۆژنامەوانی حەز و بەهرەیە دواتر وەکو پیشە سەیر دەکرێت، چونکە زۆربەی ئیشەکانی ڕۆژنامەوانی نابێتە کاری فەرمانبەری وەکو کارەکانی تر.

محەمەد جەلال قوتابی بەشی ڕاگەیاندن دەڵێت: ڕاگەیاندن حەز و ئارەزووە ئینجا پیشەیە، چونکە پێکدێت لە چەندەها چالاکی جیاواز کە حەز و بەهرەیشە، کە تێیدا هەردووکیان کۆبۆتەوە بەیەکەوە.

سارا یاسین ئەحمەد قوتابی بەشی ڕاگەیاندن دەڵێت: زۆرجار بە ویستی خۆت ئەوەی دەتەوێت سەرکەوتوو بیت پێیناگەی، بەڵام لەوانەشە پێیبگەی و ئەوەی ڕۆژانە لە پێناو باشترکردن و ئاشکراکردنی ڕاستییەکان بۆ ڕای گشتی دەخرێنەڕوو، ڕاگەیاندن بەردەوام پێویستی بە داهێنان و سەلیقەیە.

محەمەد دەشڵێت: من پێموایە بۆ بوون بە قوتابی ڕاگەیاندن، پێویستە بەرپرسانی بەش لە لیستی وەرگرتن کار لەسەر حەز و ئارەزوو بکەن و نمرەکانی گرنگ نەبێت لایان، بەڵکو چالاکییەکانی ڕابردووی ئەم کەسە سەیر بکەن، چونکە ئەم بەشە حەز و ئارەزووی لەگەڵ نەبێت لە کۆتاییدا ناتوانێت بێبێت بە ڕۆژنامەنووس، بۆیە بە ناچاری ئەبێت پاش تەواوکردنی پڕۆسەی خوێندن بچێت کارێکی تر بکات.

گوتیشی: لە ئێستادا دەرچوانی ڕاگەیاندن تەنها چاویان لە دامەزراندنە لە کەناڵە لۆکاڵی و ئاسمانییەکان، بەڵام گرنگە حکوومەت لە هەموو فەرمانگە و کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بیکات بە مەرج کە دەرچووی ڕاگەیاندن لە بەشی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی ئەو فەرمانگانە دابمەزرێندرێن.


کەرکووک د فەلسەفەیا پارتی و بارزانیێ نەمردا



نەوزاد زادە حسێن

هەر ژ وی دەمێ کو کورد کەفتینە ژێر زولم و ستەم و داگیرکرنێ دوژمنێن کوردان رێگربوونە ل ئازادی و سەربەخویا کوردستانێ و بۆ ڤێ چەندێ هەمی رێک بکارنینایە هەر ژ کوشتنێ و جینوسایدکرن و دروستکرنا دووبەرەکی و ناکوکیان و تێکدانا دیرۆک و کلتورا کوردان و ژێبرنا موركێ نەتەوایەتیێ، هەردەم دوژمنێن مللەتێ کورد هەولدایە ب دروستکرنا دویڤەلانک و خوفرۆشان دناڤ مللەتێ کورددا کو جهێ داخێ یە، بو نمونە هەر لڤێ دویماهیێ ئەو خیانەتکرنا گروپێ 16ی ئۆکتوبەرێ ل سالا 2017 دناڤ لایەنەکێ سیاسی یێ کوردستانێ، ئەڤەژی هەمی ل پێناڤ وێ چەندێ کو گەلێ کورد ب مافێن خۆ یێن رەوا شاد نەبیت.

شۆرِش و بەرخودان و خەباتکرن ژ بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و بدەستڤەئینانا مافان پێدڤی ب رێبەر و سەرکردەیێن هەژی و مەزن هەنە و ل ناڤ گەل و نەتەوەیان دا گەلەک رێبەر و سەرکردە دەرکەفتینە مینا مهاتما گاندی و ماندێلا و... هتد، ل ناڤ گەلێ کورد ژی دا بارزانیێ نەمر ژی رێبەرێ مەزنێ بزاڤا رزگاریا گەلێ کورد و هەمی ئارمانجا وی رزگارکرنا گەل و وەلاتی بوویە و و چ دەمەکی بەرهەڤ نەبوو دەستی ژ بستەکا ئاخا کوردستانێ بەردەت، خالا هەر سەرەکی یا ناکوکیان دگەل حوکمەتا ئیراقێ ل سەر کەرکوکێ بوو. ل شۆرشا بارزان د ناڤبەرا سالێن 1943- 1945 ل دەمێ دانوستاندنان دگەل رژێما وی سەردەمی بارزانیێ نەمر دیارکریە کو کەرکوک باژێرەکی کوردستانی یە، لێ ئاکنجیکرنا عەرەبێن شیعە و کۆچکرنا کوردان ژ باژێری ب ئەنفالکرن و ئاڤاکرنا ئەنجامێن ڕیفراندۆمێ ساڵا 2017 ئەو باژێرە ژ دەستێ کوردان دەرکەت و ئەو پلانە ژ هەمی پلانێن بەرێ خۆ سەرنەگرت.



ڕێبەراتیا بارزانیێ نەمر هاتبوو دامەزراندن ، نامەیەکا حەفت خالی ل روژا 3/3/1945 بۆ حزبا هیوا هنارتبوو کو ئێک ژ وان خالان پلان دانان بوو بۆ رزگارکرنا باژێرێ کەرکوکێ هەرچەندە چەکێ بارزانیێ نەمر یێ سڤک بوو، پشتی شۆرشا 14ی تیرمەهێ ل سالا 1958 بارزانیێ نەمر وەکی سومبولێ بزاڤا ئازادیخوازیا گەلێ کورد ل ئێکەتیا سوڤیەتێ بۆ عێراقی ڤەگەڕیا ، ل ڕۆژا 6/10/1 1958 گەهشتە بەغدا و پێشوازییەکا مەزن ژلایێ خەلکێ عێراقێ ژێ هاتەکرن و پشتی دەمەکێ کێم سەردانا باژێرو باژێرکێن کوردستانێ کر و ئێکەم وێستگەھ سەردانا کەرکوکێ کر سەرەرای وان کێشە و ئاریشەیێن نازم تەبەقچلی بەرپرسێ فیرقا دوو دروستکری لێ جەماوەرێ کەرکووکێ پێشوازیەکا مەزن ژ بارزانیێ نەمر کر و ل (خانوی ئەفسەران) بارزانی گوتارەک پێشکێشێ خەلکی کر و داخازیا ئێک ریزیا گەلی کر.


ل بهارا سالا 1963، شاندا شۆرشا کوردی گەهشتنە بەغدا پروژەک پێشکەشی حکوومەتا عێراقێ کر و ئەڤ پرۆژەیە پێکهاتبوو ژ هەشت بەندان و بەندێ شەشێ یێ تایبەت بوو ب لیوایێن کوردستانێ کو (سلێمانی و کەرکووک و هەولێر دگەل زۆربەییا وان قەزاو ناحێن خوجهێن وان کوردبن ل هەردوو لیوایێن میسل و دیالا ، ل ڤێرە ژی کەرکوک ئێک بوو ژ داخازیێن بارزانیێ نەمر.

ل دانوستاندنان دا سالا 1964دنافبەرا پارتی دیموکراتی کوردستان و حوکمەتا عێراقێ دا ل 1/10/1964، پارتی یاداشتەکا پازدە خالی پێشکێشی حوکمەتێ کر کو د بەندێ دوویێ هاتبوو دیارکرن (ئێکەتیەکا ئیداری پێک بهێت ژ لیوایێن هەولێر، کەرکووک، سلیمانی، هەولێر و قەزایێن لیوایا موسل (زاخۆ ژ ئامێدی ژ دهوک ژ ئاکرێ ژشێخان ژشنگال- تەلەعفەر)و دیسان ئەو قەزا وناحییێن زوربەیا خوجهێن وان کورد ل سنورێ لیوایا دیالا و ناڤێ وێ ئێکەتیا ئیداری بکەنە ویلایەت یان پاریزگەهێن کوردستانێ) ل ڤێرە خوبادبیت کو د دانوستاندنان دا دگەل حکوومەتا عێراقێ بارزانیێ نەمر دووپاتی ل هندێ کریە کو کەرکووک بەشەکە ژ کوردستانێ و چ دەمەکی دەست ژ کەرکوکێ بەرنەدایە.

سەرەرای هەمی هەول و بزاڤان ژ بۆی ژ ناڤبرنا شورشا ئەیلولێ لێ ئەڤ هەول و بزاڤە بێ ئەنجام بوون لەوما رژێما بەعس نەچاربوو کو دانوستاندنا دگەل بارزانیی نەمر بکەت، ئەنجامێن وان دانوستاندنان ژی ریککەفتنا (11)ی ئادارا سالا 1970 بوو، ل دەمێ دانوستاندنان عەبدولڵا سەلوم ئەلسامەرائی ئەندامێ شاندا حوکمەتا دبێژیت (ئەز دبێژم کەرکوک باژێرەکێ کوردی نییە، من باوەرە کو کەرکوک باژێرەکی کوردی نییە) بارزانیی نەمر جهێ کومبوونێ ب جھ هێلا، پشتی گەلەک داخاز و هیڤیان ژ بارزانیی نەمر داکو بزڤرینەڤە جهێ کومبوونێ، بارزانیێ نەمر دبێژیت (پەیڤا داگیرکرن ژ عەقلی ڤە نێزیکترە، بێژە کەرکوک باژێرەکێ داگیرکریە و نەبێژە کەرکووک باژێرەکێ کوردی نییە و ئەز نەشێم بەرپرسیاریم ل هەمبەر گەلێ خۆ ژبەر دەستبەرداربوون ژ کەرکوکێ...). ئەڤە خویا دکەت کو بارزانی نەمر چ دەما یێ دوودل نەبوو ل هەمبەر کوردستانیبوونا کەرکوکێ و هەردەم بیروباوەرەکا بلند هەبوو کو کەرکوک بەشەکا گرنگە ژ ئاخا کوردستانێ. هەروەسا شاندەکێ ئێکەتیا قوتابیێن کوردستانێ ل (دیلمان) چاڤ ب بارزانیی کەفتن، داخاز ژێ کرن کو چارەیەکا ناڤەندی بو کەرکووکێ بهێتە دیتن، بارزانی بەرسڤا وان دەدت و دبێژیت (هەمی دزانن کەرکووک باژێرەکێ کوردی یە و دلێ کوردستانێ یە، ئەز ب بیروباوەرڤە دبێژم دەستبەردار نابم ل بستەکا ئاخا کوردستانێ، هوین نزانن ل ئالاسکا چ روودەدت کو سەر ب روسیا بوو ب نرخەکێ ئەرزان ب ئەمریکا هاتە فروتن، ئەڤە ل دەمێ رابردوو روویدا، لێ خوجهێن (ئەلاسکا) هەتا ڤی دەمی ژی نەفرۆتان ل قەبسەری دکەن، نە ئەڤرۆ و نە پاشەرۆژێ ژی رازی نابم و دەست بەرداری کەرکووکێ نابم).

مورتەزا سەعید عەبدولباقی ئەلحەدیسی کو سەرۆکێ لیژنا ئاشتیێ بوو دماوەیێ چار سالێن دانوستاندنان بو جێبەجێکرنا رێککەفتنا (11) ئادارێ دبێژیت (دانوستاندنێن مە دگەل بارزانی دا هەردەم ل سەر کەرکوکێ بوون و مە هەمی رێک دگەل گرتنە بەر ل سەر دابەشکرنا وێ یان کرنا سەرژمێریێ لێ بێ مفابوون، بارزانی دگوت: "کەرکووک بەشەکە ل کوردستانێ و چ جاران لێ جودا نابیت، ل دەمێ وەرگرتنا دەنگان، ئەگەر کورد زورینە نەبوون ل کەرکووکێ وی دەمی من باوەریی ب سەر ژمێریێ نینە). د دەمێ چار سالان دا بەعسیان سیاسەتا ب عەرەبکرنێ ل کەرکووکێ و ناوچەیێن دی بێن کوردستانێ گرتنە بەر، ل دویماهیک روژێن هەیڤا ئەیلولێ واتە ل 9-29 1971دا پیلانەک بو تیرۆرکرنا بارزانیێ نەمر هاتە داریشتن ژلایێ رژێمێ ڤە و بارزانیێ نەمر ل پیلانێ رزگار بوو، د ناڤ سەرکردایەتیا شورەشێ داخازا تولڤەکرنا ڤی پیلانێ هاتنە کرن لێ بارزانیێ نەمرگوت (ل پێناڤ خوینا من شەری نەکەن و بلا شەڕ ل پێناڤ کەرکوکێ بیت) ل ڤێرە دیاربیت بارزانیی ل نەخوشترین دەم دا کو چ نەمابوو بهێتە تیرۆرکرن کەرکووک هەر دهزرا وی دابوو و داخاز کر تولا خوینا وی نەکەن و بەلکو شەر ل پێناڤ کەرکوکێ بکەن، دووبارە دەستپێکرنا شەری ل سالا 1974ێ ل سەر کەرکوکێ بوو کو حوکمەت یا بەرهەڤ نەبوو کەرکووکێ بکەڤیتە ناڤ سنورێ ئوتونومی و بارزانیێ نەمر ژی یێ ئامادە نەبوو دەستان ل کەرکووکێ بەردەت کو حکومەتا بەعس ل (11)ی ئادارێ وێ سالێ یاسایەک ب ناڤێ ئوتونومی ئێک لایەنە بەلافکر و دوو هەفتی مولەت دانە پارتی بۆ قەبولکرنێ یان ردتکرنێ ، بەری هنگی ل شەڤا 9-10/ 3/1974دا سەرکردایەتیا پارتی کومبوونا خوکر بۆ ڤەکولینا بارودوخی و بارزانیێ نەمر گوت (خودێ شاهدە ئەز دژی شەری مە و شەر خراپترین رێکە بۆ چارەکرنا کێشەیان، لێ بەعسیان چ رێکێن دی ژبلی شەری بۆ مە نەهێلاینە، داخازێ ژ مە دکەن دەستان ژ کەرکوکێ و دەڤەرێن دی بێن کوردستانی بەردەین لێ ئەڤە یا مەحالە) هەر ل بهارا سالا 1974 سەرکردایەتیا شۆرشێ قانوونا (بنچینەیا ئوتونومی یا کوردستانێ) راگەهاند کو پێکهاتبوو ل (115)بەندان و ل بەندێ حەفتێ دا بەشێ ئێکێ دا هاتیە (پایتەختێ ئوتونومی یا کوردستانێ باژێرێ کەرکووکێ یە، چێدبیت ل دەمێ پێدڤی دا جهەکا دی ببیتە پایتەخت).

ل دوماهیێ دبێژم هەردەم بارزانیی نەمر بەرەڤانی ل کوردستانی بوونا کەرکوکا کریە لەوما ژی کەرکوک ب دلێ کوردستانا ناڤکریە و شۆرشا ئەیلولێ ژی کرە قوربانی کەرکوکێ. دیسان رۆلێ سەرۆک مەسعود بارزانی ل بەرامبەر کەرکوکێ ددیارو بەرچاڤن مینا راپەرینا بەهارا سالا1991ێ وەکو سەروکێ بەرەیێ کوردستانی و راستەوخۆ سەرپەرشتیا رزگارکرنا کەرکوکێ کری یە ، ل سالا 2003ێ ژی هەمان هەلویست هەبوویە کو ناسناما کەرکوکی کوردستانی یە و راستە باژێرێ پێکڤە ژیانێ یە و دچەسپاندنا دەستوورێ عیراقێ و بەندا (58) و پاش بەندا (140) یا دەستووری کو هەردەم داکوکی لسەر ڤان هەردوو بەندان کری یە لسەر ناسنامەیا کەرکوک و دەڤەرێن کوردستانی ئەوێن دەرڤەیی هەرێما کوردستانێ، ئەڤەنە هەلویستێن پارتی و بارزانی لسەر کەرکوکێ بەلێ مخابن کو هەلویستێن لایەنێن دی ژی و نەمازە لایەنەکێ سیاسی کو دووەم هێزە ل کوردستانێ یا دیارو بەرچاڤ بوو کو لڤێ دویماهیێ ئەو خیانەتکرنا گروپێ 16ی ئۆکتوبەرێ ل سالا 2017 ئەنجام دای.



وەیسی سەعیدوەیسی


ئەنجامدانی چاکسازی لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتیدایە

ماوەیکەپەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان سەرقالی ئامادەکردنی پرۆژەیاسای چاکسازین لەموچە و دەرمالە و خانەنشینی وئیمتیازاتەکانی دیکەن کەئەمەش ئەوراستیە بەدەردەخات کەلەم قۆناغەدا ئەم پرۆژە یاسایە گرنگی و بایەخی خۆی هەیە و لەخزمەتی بەرژەوەندی گشتی دایە، هەرچەندە لەخولی چوارەمی پەرلەما نی کوردستاناپرۆژەیاسای چاکسازی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەلی پەسندکرا بەلام ژمارەیەک پەرلەمانتار یاداشتێکیان ئارستەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد بەمەبەستی هەموارکردنەوەی ئەومادەیانەی کەلایەن شەقامەوە گلەیی وتبینیان لەسەربوو کەسەرەنجام پرۆژەیاساکە هەروەکوخۆی مایەوە بۆیەش لەروانگەی پێویستی یاساکەلەئێستادا لەرێگای لیژنەیێکی هەماهەنگییەوە لەنێوان پەرلەمان و حکومەتەوە ئامادەکاری دەکرێت تابەمەبەستی خوێندنەوە و گفتوگۆکردن وپاشنیش پەسندکردن رەوانەی پەرلەمان بکرێت کەلەچەندرۆژی رابردوادا یەکەمین کۆبونەوەی ئەم لیژنەیە بەرێوەچوو کە ئەمەش ئومێدێکی زۆری لای کوردستانیان دروست کردوە تا بەگەشبینییەوە سەیری ئایندەی حوکمرانی کوردستان بکەن چونکە واقعێکی حاشا هەلنەگر هەیە کەلە کوردستاندابەهۆی بارودۆخی نەخوازراووی کوردستانەوە (گەندەڵ)ی بوونی هەیە کەئەمەش بوویتەمایەی ئەوەی لایەنەکان هەڵوەستەی لەهەمبەری دا بکەن وهەوڵی بنبڕکردنی بدەن. بۆیەش لەکاتی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن لایەنەکان دروشمی چاکسازی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بەرز دەکەنەوە و بەلێن بەکوردستانیان دەدەن گەر سەرکەوتن، چاکسازی بکەن وێرای ئەوەی لەسەروبەندی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمیش لەکاتی گفتوگۆکردن مەرجی چاکسازی وبەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیان دانا کەئەمەش وای کردووە پرسەکە ببێتە خواستێکی جەماوەری تەنانەت لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنیش داوای چاکسازی دەکەن.

بێگومان بەپەسندکردنی یاساکە جگەلە ئەنجام دانی چاکسازی کارەکان شەفاف دەبن و بەدادپەوەرانە بەرێوەدەچن و چێترە لە ژێر هەرناو و بیانوێک رێگەنادرێت سامانی گشتی بەهەدەر بدرێت و بەمیزاج و نایاسایی پلە بەرزبکرێتەوە یان خانەنشین بکرێن.

بۆیەش گرنگە بەهەموولایەک هەوڵی سەرخستنی یاسا کەبدەین، راستەی بابەتەکە شتێکی ئاسان وسادەنییە تابتواندرێت لەماوەیکی کەمدا بنبڕ بکرێت بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ناکرێت چیتر دەستەوەستان بوەستین بەڵکو پێویستە هەموومان هاوکاربین بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی وئەنجام دانی چاکسازی کە پرسەکە گشگیر و هەمەلایەنە کە تەنها بەمەش دەتواندرێت رەوشی ئابووری هەرێمی کوردستان بەرەوپێش بروات و لەخزمەتی بەرژەوەندی گشتی دابێت.

کوردانی سووریا و بڕیارەکەی تڕەمپ



ساتوشی ئیکۆشی


بڕیارەکەی سەرۆکی ئەمریکا، دۆنالد تڕەمپ، بە کشانەوە لە باکووری رۆژهەڵاتی سووریا، ئاڵۆزە لە پاساوەکەی و جێبەجێکردەکەنیدا. لە سەرەتادا پشتگیری لە لەشکرکێشی تورکیا لە سووریا دەکرد، بەڵام کاتێک ئەردۆغان، بە کردەوە هێزی سەربازیی رەوانە کرد، تڕەمپ هەڕەشەی (وێرانکردن و سستکردن)ی ئابووری تورکیاو سەپاندنی سزای ئابووری بەسەریدا کرد.

پەیامەکەی تڕەمپ بۆ ئەردۆغان، بە شێوەیەکی زۆر نەفامانە بوو، کە زۆر لە بڕین، لکاندن و کۆکردنەوەی دێرەکانی، لە تویتەکانی نێو تویتەرەکەی دەچوو، لەو پەیامەیدا داوای لە ئەردۆغان کرد، نەبێتە (گەنجێکی دڵڕەق) و (گەوج)، بە دڵنیاییەوەش، ئەو پەیامە زۆر بەڕوونی، مۆری کۆکشکی سپی و واژووی سەرۆکایەتی بەسەرەوە بوو. دوای ئەوە، کۆنگرێسی ئەمریکا، لەلایەن هەردوو پارتی کۆماری و دیموکراتییەوە، بە زۆرینەی دەنگ، سەرکۆنەی بڕیارەکەیان تڕەمپیان کرد، هەموو شرۆڤەکار، راوێژکار و گرووپەکانی فشاریش لە واشنتۆنی پایتەختدا، تڕەمپیان تۆمەتبار کرد. هەموو ئەو تۆمەت و هەستانە، یان ئەو لێکدانەوە سیاسییە دژ بەیەکانەی لە نێو کۆنگرێس، لە چواردەوری ئەو بڕیارە دەخوولانەوە، پاڵمان پێوە دەنێن بپرسین: ئایا هەموو ئەو تۆمەتانە، لە ناخێکی ڕاستگۆیانەی دیموکراتەکان هەڵقوواڵاوە، کە ئەوەش دەبێتە دەرفەتێکی دیکە، بۆ لادانی سەرۆک؟ سەبارەت بە بەرپرسان و ڕاوێژکارانی پێشووش، ئەوانەی لەلایەن تڕەمپەوە دەرکراون، دەرفەتێکە بۆ تۆڵە سەندنەوە و وەستان لە پێشەوەی ریزەکاندا، سەبارەت بە گرووپەکانی فشار، راوێژکار و شارەزایانی پەیوەندیداریش، کۆمەڵێک فاکتەری جۆراوجۆر، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوە هەیە، چۆن بەرەنگاری بڕیارە (سەرشێتانییەکە)ی تڕەمپ بوونەوە. بەڵام دەبێت ئەوەشمان لە بیر بێت، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە شێوەیەکی زیاد لە پێویست لە سووریا، لە ڕەوشێکی نالەباردا بوو، نە توانا و نە ویستی گۆڕانکاری هەیکەلی تەرازووی هێزی بالادەستی بەسەردا هەبوو، لەبەر ئەوەی تەوەری سێیانەی ڕووسیا-ئێران-تورکیا، هەژموونیان بەسەر گۆڕەپان و سیاسەتدا کێشاوە، ئەوەش بەدڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نییە. پێشبینی دەکرا، لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، بانگەشەی سەربەخۆیی بۆ کورد بەرەو زیادبوون بڕوات، لەوانەش بوو چارەکردنی ئەستەم بێت، هەرچەندە هیوایەکی زۆر لە بەرپابوونی دەوڵەتێکی بەردەوام لە رۆژهەڵاتی فوراتدا نەبوو، چونکە ئەمریکا لەو ساتە دەترسا، کە نەتوانێت بەڵێنەکەی بباتە سەر، ئەویش پشتیوانیکردنی لە سەربەخۆیی کورد بوو. بڕیارەکەی تڕەمپ، بە پشتکردن لە کورد، بڕیارێکی دڵڕەقانە و ستەمکارانە بوو، بەڵام بڕیارێکی ناچاریی بوو و هەر سەرۆکی داهاتووی ئەمریکاش بایە، دەبوو ئەو بڕیارە هەر بدات. لە ڕاستیدا، ڕەوشی نالەباری لەنگەرگرتنی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا، لەلایەن خودی تڕەمپەوە نەبوو، بەڵکو لەلایەن پێشووانی خۆیەوە بوو، لەوانەیە ئەوانی دوای ئەو، بە نهێنی سوپاسی ئەو بڕیارەی بکەن، ئەویش پچڕاندنی پەیوەندی و دەستوەردانە لە سووریا! ئەو نسکۆیەی ئەمریکا لە سووریا، بۆ گەلی ئەمریکا مایەی شەرمەزاریی بوو، وەکو شتێکی باویش، پەنجەی تۆمەتیان دڕێژکرد، زۆربەی تۆمەتەکانیش لە کاتی ئێستادا، ئاراستەی تڕەمپ دەکرێن، ڕوونە بەو سیفەتەی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، ئەو بەپرسی بڕیار و لێکەوتەکانی ولاتەکەیەتی، بە دڵنیاییشەوە ئەو شێوازەی کە لە ڕێگەیەوە پێشکەشی جەماوەری کرد، بەلایەنی کەمەوە زۆر سەیر بوو.

و: ڕەمزی میرەکانی



هۆکاری نەبوونی یەکڕیزی گەلی کورد چیە؟



ئەسرین عاسی شوانی

دیارە یەکریزی هەر گەل و نەتەوەیەک مایەی تۆکمەی و سەرکەوتنی ئەو گەل و میللەتە فەراهەم دەکات و وا دەکات دوژمنان بە ئاسانی نەتوانن دەسکەوت و سەرکەوتنەکانیان لە باربەرن، بەڵام بە پێچەوانەوە گەلی کورد هەرچەندە لە هوتاف و شیعارەکانیان دا زۆر قسە لەسەر یەکریزی ناو مالی کوردی دەکەن، بەڵام ئەوە تەنها قسەی زلە، بۆیە ئەگەر بێت و قسە لەسەر هۆکارەکانی نەبونی یەکریزی لە نێو گروپ و هێزو حیزبە سیاسیەکان بکەین، گەلێک هۆکار بەدی دەکەین، کە گرنگترینیان خۆیان لەم خاڵانەی خوارەوە دەبینن:

1- تێوەڵانی دەرەکی هەندێ لایەن و لاوازی هەستی نەتەوایەتی لە نێو لایەنە سیاسیەکان لەبەر ئەوەی ئەوەندەی بەرژەوەندی حیزبی ڕەچاو دەکەن، بەرژەوەندی نەتەوەیی ئەوەندە هەستی نەتەوەیی ڕەچاو نەکراوە و حیزبە سیاسیەکان لە سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان کارێکیان کردوە نەک لەلای خۆیان تەنانەت لای تاک بە تاکی کوردیش هەستی نەتەوایەتیان کزکردوە.

2- دوژمنانی گەلی کورد لە چواردەورمان کە کوردستان بەسەردا دابەشکراوە ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە، لە تێکدانی یەکڕیزی و دروستکردنی دوبەرەکی لە نێوان لایەنە سیاسیەکانی گەلەکەمان، ئەوەندەی دوژمنان نیاز و بڕیارە هەستیارەکانی سیاسەتی کوردی دەخوێننەوە و ئاگاداری ڕەش و سپی سیاسەتی ئێمەن، ئەوەندە خۆمان سەری لێ دەرناکەین، بۆیە هەموو کاتیک ئەگەر هاتە ئاراوە، هەر بە بەکارهێنانی خودی خۆمان هەوڵەکەمان لە چاڵ دەنێین. بۆیە دەڵێین بە یەکریزێ گەل، ئاسایشی نەتەوەی گەلی کورد لە چاڵ دەنێرێت.

3- بەداخەوە فرە حیزبی ئاستەنگێکی دیکەیە لەبەر دەم یەکبوون و یەکریزی گەل (هەرچەندە بونی فرەحزبی لە هەر کۆمەڵگایێت، نیشاندەری پێشکەوتنی ئەو میللەتەیە)، بەڵام لەم وەڵاتەی ئێمەدا فرە حیزبی کارەساتە؟!، چونکە خەڵکەکە وا ڕاهێنراون بەرژەوەندی حزبی لە سەروی بەرژەوەندی نەتەوەیی دا بنێن، بۆیە ئەوە کارەساتە و فرەحزبی مەرخۆمان دەرگایێکە بۆ لەناو بردنی پرۆژە و پلانەنەتەوەییەکانی کورد، چونکە (هەندێک؟!) گروپ و ئەو حزبانەی کە لە گۆڕەپانەکەدان، هیچ بەرنامە و ئەجندای نەتەوەیی و نشتیمنییان نیە، چونکە لە بنەڕەتدا ئەوان دروستکراوی دەستی دوژمنان و نەیارانی کوردن و بۆ بەرژەوەندی داگیرکەران دروستکراون.

6- لە ڕابردودا (هەندێ هێز و لایەن و گروپ) ئەوەندەی ئەجیندای دوژمنانیان جێبەجێکردوە، ئەوەندە لە هەوڵی یەکریزی گەلی کورد و مافەڕەواکانی کوردستانیان نەداوە و ئەوەی بانگەوازیشی بۆ کردوە نەی توانیوە وەکو پێوویست ئەو ئاواتانەی گەلی کورد بێنێتە دی، چونکە ئەو حزبانەی لە بەرژەوەندی نەیاران کاریان کردوە، بوون بە کوسپ کە گەلی کورد بە خواستەکانی خوی نەگات.

بۆیە دەکرێ ئەم بابەتە قسەی زۆری لەسەر بکرێت و هۆکاری زۆر هەڵبگرێت. بێشک لەپێناو یەکریزی میللەت پێوویستە هەموو حیزبە سیاسییە نیشتمان پەروەرەکانی گەلەکەمان لە جیاتی کارکردن بۆ بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی خۆیان، بەهەستێکی نیشتیمان پەرەرانە و لەبەرژەوەندی گشتی خەڵکی کوردستان، یەکریزی لایەنەسیاسییەکان ببێتە ئامانج و ستراتیجیای سەرەکییان. چونکە تەنیا بەیەکڕێزیی خەونی دوژمنان لە گۆڕ دەنرێت و گەلی کورد دەگات بە ئامانج و ئاوات.

بەبەڵگەی خودایی کوردبوون و ریفراندۆم، کوفر نین و خۆێنی کوردیش هەڵاڵ نییە



هیمداد عەبدوڵلا خۆشنار

خودایگەورە مرۆڤایەتی دروست کردوە لەسەرئەساسی زمان و کلتوری جیاوازدا و حەقی ژیانی پێداون ،نەتەوەی کوردیش وەک هەرنەتەوەیەکی تری سەرزەوی خوایگەورە دروستی کردووە و لەوچوارچێوەیەدا مافی خۆیەتی بەئازادی بژیت وەک هەرگەلێکی تری سەرزەوی.



بەڵام بەداخەوە نەک مافەکانی لێ زەوت کراوە لەلایەن دوژمنانی بگرە مافی ژیانیشی پێ ڕەوا نەبینراوە، ڕژێمە داگیرکەرەکان بەزۆری زەبری هێز و چەک کوردیان چەوساندۆتەوە و جۆرەها مردنیان لەسەری تاقی کردۆتەوە و جۆرەها چەکیشیان لەدژیەکار هێناوە وەک بڵێی کورد بوون کفربێت!

هەموو شۆڕش و قوربانیەکانی گەلی کورد لەپێناو ئازادی و سەربەستی بووە و لەوپێناوشدا دەریایەک خوێنی داوە بۆئەوەی شادبێت بەمافە ڕەواکانی بۆئەوەی وەک هەر گەلێکی تری سەرزەوی بەسەربڵندی بژیت دوور لەژێردەستەیی.

ئەوەی جێی داخە دووژمنان لەژێر ناوی ئاین دژایەتی کردنی گەلی کوردیان کردۆتە کاری لەپێشینەیان و کوردیان چەوساندۆتەوە و کارەساتی نامرۆڤانەیان دەرحەق بەکورد کردوە،لەکاتێکدا بەشی هەرەزۆری سەرکردەکانی کورد لە حوجرە وە پێگەیشتوون و هەڵگری ناوی شێخ و مەلا بووینە و ئەو دەوڵەتانەی دین بەکورد دەفرۆشنەوە لەوان دیندارتر و خواناس تربووینە و گومانمان نیە سەرکردەکانی دوژمنانمان بۆ ڕیکلام و بانگەشە قورئان بەرز دەکەنەوە و لەژێر مەندیلی مەلا و ڕیشدا، خوێنی کوردیان حەلال کردوە،پێچەوانەی سەرکردەکانی ئێمەن چونکە ئەوانەی ئێمە قورئانیان لەسەر خۆیان جێبەجێ کردوە و بازرگانیان پێ نەکردوە،کەسیان بەناحەق نەکوشتوە، هیچ میللەتێکیان ئەنفال و کیمیاباران نەکردوە،تەنها داوای مافی گەلەکەیان کردوە هەروەک پێغەمبەری خوامحمد د.خ دەفەرموێ:(کل المسلم علی المسلم حرام) ئەم فەرمودەیە مسوڵمانان و نامسوڵمانیش دەگرێتەوە، واتە چۆن رشتنی خوێنی مسوڵمان حەرامە، بەهەمان شێوە بۆ نامسوڵمانیش حەرامە، هەر بەپێی ئەو فەرمودەیە پێغەمبەر خوێن و ماڵ و ناموس حەرام دەکات نەک حەلال بکات وەک ئەوان.

لەلایەکی ترەوە دوای خەباتی سەدسالی گەلی کورد دواجار بەسەرۆکایەتی سەرۆک بارزانی گەلی کورد لەباشوری کوردستان لە25ی ئەیلولی 2017 لە ریفراندۆمێکی تەواو دیموکراسیدا، ئەودیموکراسیەی ئەوان بانگەشەی بۆدەکەن لە 93% دەنگەرە جەخت لەسەر پاراستنی دەکاتەوە، کەئەمانیش کۆمەڵێک بنەمای گرنگن بۆ پاراستنی مافەکان و هەست کردن بەبەرپرسیارێتی بەرامبەر بەمرۆڤ.

لەئیسلامدا دەست درێژی بۆ سەر ئەم مافانە دەست درێژیە بۆسەر گەورەترین بەهای مرۆڤایەتی کە کەرامەتی مرۆڤە، چونکە مرۆڤ پیرۆزە و بەر دانە بەتاوانەکانیان، کە دواجار بەسەر خۆیان دەشکێتەوە و بەر نەعلەتی خوا دەکەون.

کوردستانیان بڕیاریاندا کە سەربەخۆین و بێن بەخاوەنی دەوڵەت، بەڵام دیسانەوە دوژمنان ئەوەیان پێ ڕاوانەبینین و ئەومافەی کەخودای گەورەپێیداوین ئەوان دژی وەستانەوە، هەوڵی شکاندنی شکۆ و کەرامەتی تاکی کوردیان دا بەدژایەتیکردنی ڕیفراندۆم، لەکاتێکداکەرامەتی مرۆڤ چەمکێکی قورئانییەو خوای کەبەرەی خەونەکانمان هەڵ دەوەشێننەوە.

4- داگیرکەرانی کوردستان بەرنامەی یەکریزی گەلی کوردیان پێ هەزم ناکریت و هەر کاتیک هەوڵێکی لەو جۆرە هاتە ئاراوە، هەر بە بەکارهێنانی خودی خۆمان هەوڵەکەکانمان لە چاڵ دەنێن. بۆیە دەڵێین بە یەکڕێزی گەل، ئاسایشی نەتەوەی گەلی کورد لە چاڵ دەنرێت.

5- بەداخەوە فرە حیزبی ئاستەنگێکی دیکەیە لەبەر دەم یەکبوون و یەکریزی گەل (هەرچەندە بونی فرەحزبی لە هەر کۆمەڵگایێت، نیشاندەری پێشکەوتنی ئەو میللەتەیە)، بەڵام لەم وەڵاتەی ئێمەدا فرە حیزبی کارەساتە؟!، چونکە خەڵکەکە وا ڕاهێنراون بەرژەوەندی حزبی لە سەروی بەرژەوەندی نەتەوەیی دا بنێن، بۆیە ئەوە کارەساتە و فرەحزبی مەرخۆمان دەرگایێکە بۆ لەناو بردنی پرۆژە و پلانەنەتەوەییەکانی کورد، چونکە (هەندێک؟!) گروپ و ئەو حزبانەی کە لە گۆڕەپانەکەدان، هیچ بەرنامە و ئەجندای نەتەوەیی و نشتیمنییان نیە، چونکە لە بنەڕەتدا ئەوان دروستکراوی دەستی دوژمنان و نەیارانی کوردن و بۆ بەرژەوەندی داگیرکەران دروستکراون.

6- لە ڕابردودا (هەندێ هێز و لایەن و گروپ) ئەوەندەی ئەجیندای دوژمنانیان جێبەجێکردوە، ئەوەندە لە هەوڵی یەکریزی گەلی کورد و مافەڕەواکانی کوردستانیان نەداوە و ئەوەی بانگەوازیشی بۆ کردوە نەی توانیوە وەکو پێوویست ئەو ئاواتانەی گەلی کورد بێنێتە دی، چونکە ئەو حزبانەی لە بەرژەوەندی نەیاران کاریان کردوە، بوون بە کوسپ کە گەلی کورد بە خواستەکانی خوی نەگات.

بۆیە دەکرێ ئەم بابەتە قسەی زۆری لەسەر بکرێت و هۆکاری زۆر هەڵبگرێت. بێشک لەپێناو یەکریزی میللەت پێوویستە هەموو حیزبە سیاسییە نیشتمان پەروەرەکانی گەلەکەمان لە جیاتی کارکردن بۆ بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی خۆیان، بەهەستێکی نیشتیمان پەرەرانە و لەبەرژەوەندی گشتی خەڵکی کوردستان، یەکریزی لایەنەسیاسییەکان ببێتە ئامانج و ستراتیجیای سەرەکییان. چونکە تەنیا بەیەکڕێزیی خەونی دوژمنان لە گۆڕ دەنرێت و گەلی کورد دەگات بە ئامانج و ئاوات.



ڕێبوار حەمەلاو شوانی

ڕێبەر و بڕیار و ستراتیژیای نیشتمانی

هەمیشە ڕێبەر و سەرکردە گەورەکانی میژووی نەتەوەکانی جیهان لە ناو جەرگەی شەر و ڕۆژگارە سەخت و یەکلا کردنەوەی پرسە هەستیارەکان، بە بریاردانی قورس و گەورە، پەنجەردەیەکێ ئومێد بۆ گەل ونەتەوەکانی خۆیان دەکەنەوە و وەرچەرخانێک لە میژووی نەتەوە دروست دەکەن کە بەرەو سەرفرازیی و یەکجارەکی دەبات . جەختکردن و سووربوونی سەرۆک بارزانی لەسەر ڕێزگرتن لە شکۆ وئیرادەی گەلی کوردستان بە ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم، وێستگەیەکی دیکەی ڕێبەرایەتی بارزانی یە لە قۆناغە سەختەکانی نەتەوەدا. ئامانجیش ئەوەبوو کەلە ئایندەدا ماف و خواستە نیشتمانییەکانی مللەتی کورد لە بەر چاو بگیرێت. ئیرادەی گەلی کوردستان خۆی لە ئەنجامدانی ریفراندۆم دووپات دەکردەوە. سەرۆک بارزانی لە پەیامەکانی ئەوسا و ئێستاشیدا بە جیهانی ڕاگەیاند کە پرسی ئەنجامدانی ریفراندۆم لە دەستی من و هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان دەرچوودو بۆتە پرسی ئیرادەی خەڵکی کوردستان . کوردستانیان دواجار پرۆسەی ریفراندۆمی بەشێوەیەکی دیموکراسیانە لە کەشێکی ئازادا ئەنجامدا بەرێژەی نۆهەدو دوو لە سەدا بەدەنگی بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان وەک خواستێکی لە میژینەی خەڵکی کوردستان بە جیهانی ڕاگەیاند. چونکی عێراق بەرەو تاکرەوی و دیکتاتۆری و پیشێلی دەستور و ماف و خواستەکانی کورد لە پرەنسیپەکانی شەراکەت و دیموکراتی و دەوڵەتی مەدەنی ملی نابوو. مەحاڵ بوو بتوانێ لەگەڵ وەها عێراقێک بەردەوام بێت، ریفراندۆم ئەنجامدرا وبەڵام هاو زەمان کورد لە پەیامێکی دڵنیاکەرەوەی بۆ جیهان و دەروبەر نارد، ڕاشکاوانە تێگەیاند، ریفراندۆم نەبۆ دەستبەجێ ڕاگەیاندنی دەوڵەتە.و نە بۆ ڕەسمی سنورە و نە بەهەندەوەرگرتنی دڵە ڕاوکێی دەوڵەتانی دراوسێیە ونە بۆ تێکدانی بەرنامەی هاوپەیمانی نێو دەوڵەتییە ونە کاریگەریی سلبی لەسەر شەڕی بەرنگاری تیرۆر وداعش دەبێت. بەڵام سەرباریئەوە ئەمریکا و وڵاتانی هاوپەیمان پێیان وابوو کورد عینادی سیاسی دەکات. لەسەر سینی ئەم لێکنەگەشیتنەوە کوردستان کەوتە بەر پەلامار و پیلانی نێودەوڵەتی و سزاو ئابلوقە و هەرەشە ،و هێرشی سەربازی و بەکارهێنانی بەچەکی ئەمریکی هێرش کرایە سەر کوردستان.

کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش چاوپۆشی هەڵنەبژارد. ئەم چاوپۆشینە لەلایەن هێزە ئیقلیمییەوە قۆسترایەوە بۆ مەرام و ئەجیندایەک کەهیچ پەیوەندی بەسزادانی کورد و ریفراندۆمەوە نەبوو، پەلامارەکە بەدەستی هاوبەشی ئەو دەوڵەتە ئیقلیمییە بەئاستێک دەرفەتەکەی بۆ خۆی قۆستەوە. بە هاوبەشی و هاریکاری هێز و میلیشا چەکدارەکان و کۆمەڵێک خۆفرۆشی نێوخۆیی.

بەهێرش و هێزی سەربازی ڕەق و هەژموونگەرایی خۆیان فراوان بکەن. کێشەکە بە تێپەڕینی کات مەزنتر دەبێت و چارەنووس زۆر ئەستەمە لە داهاتووی نزیک کاتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئاوریان دایەوە نەک هەر کوردی هاوپەیمانی سەر ڕاست و هاو باوەڕیان لەتێکچوونی یەکجاری نزیک بوبێوە، بەڵکو فراوانخوازیی ئەو دەوڵەتە بەجۆرێک پەرەی سەند. تێکڕای بەرژەوەندییەکانی خۆیان و ئەمنی جیهانیش کەوتنە بەر مەترسی کەپێکدانی هێزەکان بە ئاشکرا دەرکەوێت لە ناوچەکە، دابەشبوونی وڵاتان و هەبوونی پتر لە چەند محوڕێکی دژ بە یەک لە حەقیقەتدا خۆی وێنا کردووە. ئەوەی جێگای سەرنج و هەڵواستە لەسەر کردنە ئەوەیە کە کوردستان هیچ هەڵەیەکی تاوانێکی نەکردووە. تەنیا موماردەسەیەکی دیموکراتی و ئاشتیانە و مەدەنیانەی بۆ یەکەمجار لە میژوو دا دەربینی خواست و مافەکانی پیادە کردووە. ڕوون و ئاشکرابوو دوژمنانی کورد نەیانتوانی هەزمی ئەو سەرکەوتنە مەزنە بکەن .کە کوردستان لە ریفراندۆمدا بەدەستی هێنا ، بۆیە بەگوێرەی نەخشە و پیلانێکی پێش وەختەی دارێژراو بەردەوامن لە دژایەتیکردنی مافی سەربەخۆیی کوردستان و پێبان وایە ئەوەی بەر لە ریفراندۆم نەیانتوانی بەدەستی بێنن .دوای ریفراندۆم بە دەستیان دەکەوێت. ئێستاش لەچوارچێوەی ئەو ئامانجەشیان هەموو سزا و هەرەشە و هێرشانەش لەسەر خەڵکی کورستان و سەرکردایەتی سیاسی کوردستان ئەوەیە تا بە بریاری ڕەتکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامی ریفراندۆم بدات.

کە ئەنجامەکەی خواست و ئیرادەی خەڵکی کوردستانە. بۆ جیهانی ئازاد کە داوای سەربەخۆیی و ڕەدی ژێر دەستی دەکەن و بانگی ئازادییان بەگوێ جیهان داوە. دەیانەوێت تەنها لەو ژێر دەستیە ئازادێک کە پتر لە سەدەیەکە بەهەموو شێوەیەک هەوڵ و قوربانیان لە پێناویدا داوە، دوژمنانیش هەر دەم هەوڵی سرینەوە و لە ناوبردنی گەلی کوردستانی داوە. کورد هەمیشە نایەنەوێت بەشێکبن لەملمالانێ تایفی و و مەزهەبی ناوچەکە. هەرەشە و گۆشارە سەربازی و ئابووی و فشارەکانی پاش ڕووداوەکانی دوای ریفراندۆم دەرکەوت کوردستان بە تەنهایە هەروەک سەرۆک بارزانی لە میانی چاوپێکەوتنی لەگەڵ تۆڕی هەوالی "سی ئێن ئێن"ی ئەمریکی ڕایگەیاند (ئێمە مافە دیموکراسییەکانمان لە ریفراندۆم پراکتیزەکرد. بانگەشەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئازادیی و دیموکراسی بێ بناغەن. و ریفراندۆم پاساو بوو بۆ هێرش کردنە سەر کوردستان. بۆیە پێویستە میلەتە سەرکوت کراوەکان دەبێت هەمیشە پشت بەخۆیان ببەستن).

لەم ڕوانگەیەوە ئەوەی بۆ خەڵکی کوردستان گرنگە بۆ یەکەمجار لە میژووی کورد و ناوچەکە بەشێوەیەکی ئازاد و دیموکراتیانە وەک دەسکەوت و گەلێکی خاوەن ئیرادە وشکۆ دەربری ماف و خواستە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی خۆی بۆ سەربەخۆیی بکات. ئەنجامی ریفراندۆم کەلەسەر دەستی سەرۆک بارزانی قۆناغە سەختەکەی پێش ریفراندۆم بە سەرکەوتوویی بری. بە هەمان شێوەش پشت و پەنای سەرۆک بارزانی بێن .قۆناغی دوای ریفراندۆمیش سەردرای هەموو فشار و هەرەشە و هێرشانەی دوژمن و ناحەزانی کورد وەک پێشمەرگە ئاسا لە گۆڕەپانی بەرگری و پاراستنی ئیرادە و شکۆی و خاک و شەرەفی کوردستان دەستەوەستان نەوەستاوە لە سەنگەری بەرنگاری سەربەرزانەبکەینە ئامانجی سەرەکیمان تا ئەو کاتەی دەگەینە کەناری ئارامی ... پاراستنی دەستکەوتەکان، سەرکەوتن لە دوای سەرکەوتن و ستراتیژی نەگۆڕی ڕابەرایەتێکردن دڵنیاییە بەرەو سەرکەوتن گەورەتر.

یادێک لەبیۆگرافیای شێخ محەممەدئەمین قرناقەوی

کەسایەتی وڵاتپەروەر و یەکێک لە پەیرەوکارە دڵسۆزەکانی ڕێبازی نەقشبەندی

عەبدوڵلا مەلا ئەحمەد ئەحمەدئاوایی*

لە ناو گەلی کورددا، زانایانی ئاینی و شێخانی تەریقەتی نەقشبەندی ڕۆڵی لە مێژینەیان هەبووە لە خزمەتکردن بە دۆزی ڕەوای نەتەوەکەیان، زۆربان خۆیان کردۆتە قوربانیی لە پێناو بەرگری کردن لە گەلە ستەمدیدەکەیان، و لە مێژووی نوێشدا تەواوی شۆڕشەکانی کورد بە ڕابەرایەتی شێخ و مەلاکانی وڵات بووە، هەر لە شێخ عوبێدوڵلای نەهری، تا سەیید تەهای شەمزینی، و تا شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحمودی حەفید، و پێشەوا قازی محەممەد، و مەلا مستەفای بارزانی، و بە ئێستایشەوە شێخ و مەلا ڕەسەنەکانی ئەم وڵاتە هەوێنی ئاشتی و پێکەوە ژیان و بەرگری لە مافی پێشێلکراوی ئەم گەلە ستەمدیدەیە، خوالێخۆشبوو (مەلا شێخ محەممەدئەمین قرناقەوی) یەکێکە لەو شێخ و زانا ئاینییەی کە خزمەتێکی ئێجگار زۆری بە (ئیسلامی کوردەواری) کردووە، ئەو لە ماوەی نزیکەی سەدەیەک تەمەن لە خزمەتکردن بە گەلەکەی بەردەوام بووە، هەم لەڕووی ئاینی و هەم لە ڕووی هەستی نەتەوایەتییەوە بەردەوام هاوکاری دۆزی ڕەوای گەلەکەی بووە.

ناو و بنەماڵە و ڕەچەڵەکی: ناوی شێخ محەممەدئەمینی کوڕی مەلا حەسەنی کوڕی مەلا کاک ئەحمەد کوڕی مەلا حەسەن کوڕی مەلا ئیبراهیم کوڕی مەحمود کوڕی مەلا حەسەن کوڕی مەلا عەباس، بنەماڵەکەیان بە (مەلازادە) ناوبانگیان دەرکردووە، حاجی شێخ ئەمین سااڵی (١٨٨٠ز) بەرامبەر بە سااڵی (١٣٠١ک) لە گوندی (سەردرە)ی، سەر بە قەزای ڕەواندوز لەدایکبووە.

خوێندن و چوونە ناو تەریقەت و کۆچکردنی لەگوندی (سەردرە) بۆگوندی (قرناقەو): حاجی شێخ محەممەدئەمین هەر بەمندااڵی دەستی کردووە بەخوێندن لای باوکی، و دواتر دەچێت بۆ (بیارە) و لەخزمەت (شێخ نەجمەددین)دا، ڕێبازی پیرۆزی نەقشبەندی وەردەگرێت، و بەهۆی خزمەتکردن بە گەلەکەی بەردەوام بووە، هەم لەڕووی ئاینی و هەم لە ڕووی هەستی نەتەوایەتییەوە بەردەوام هاوکاری دۆزی ڕەوای گەلەکەی بووە.

ناو و بنەماڵە و ڕەچەڵەکی: ناوی شێخ محەممەدئەمینی کوڕی مەلا حەسەنی کوڕی مەلا کاک ئەحمەد کوڕی مەلا حەسەن کوڕی مەلا ئیبراهیم کوڕی مەحمود کوڕی مەلا حەسەن کوڕی مەلا عەباس، بنەماڵەکەیان بە (مەلازادە) ناوبانگیان دەرکردووە، حاجی شێخ ئەمین سااڵی (١٨٨٠ز) بەرامبەر بە سااڵی (١٣٠١ک) لە گوندی (سەردرە)ی، سەر بە قەزای ڕەواندوز لەدایکبووە.

خوێندن و چوونە ناو تەریقەت و کۆچکردنی لەگوندی (سەردرە) بۆگوندی (قرناقەو): حاجی شێخ محەممەدئەمین هەر بەمندااڵی دەستی کردووە بەخوێندن لای باوکی، و دواتر دەچێت بۆ (بیارە) و لەخزمەت (شێخ نەجمەددین)دا، ڕێبازی پیرۆزی نەقشبەندی وەردەگرێت، و بەهۆی سوتانی گوندەکەیانەوە لەلایەن سوپای داگیرکاری ئەو کاتەی ڕوسیاوە کۆچ دەکات بۆ گوندی (قرناقەوی) سەر بە بنارێ قەندیل و لەوێ بە مەلایەتی دادەمەزرێت و چەندین جار سەردانی بیارەی کردووە و جارێکیان عەرزی (شێخ نەجمەددین) دەکات، و دەڵێت: دەمەوێت ئەوگونده بە جێ بێڵم، بەڵام شێخ ڕێگەی پێنادا و فەرمانی پێدەکات کەمزگەوت و خانەقایەک دروست بکات، و ئیدی دواتر گەڕاوەتەوە بۆ گوندی (قرناقەو) و مزگەوت و خانەقای لەوێ دروستکردوون، و لەوکاتەوە بە (حاجی شێخ ئەمینی قرناقەوی) ناسراوە و ناوبانگی بڵاوبۆتەوە، شێخ محەممەدئەمین قرناقەوی خزمەتەکانی بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام: حاجی شێخ محەممەدئەمین خزمەتێکی زۆری بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام کردووە، و ئەو ئایینی ئیسلامی لە بنارێ قەندیل بە دروستکردنی مزگە وت و خانەقا و خزمەتکردنی بە خەڵکی ناوچەکە زیندوکردۆتەوە، و وایکردووە کە خەڵکی ناوچەکە بایەخێکی زۆر بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بدەن، و لە سەردەمی ئەودا سەقامگیری و ئارامی لەڕووی ئاینی و کۆمەڵایەتییەوە بااڵی بەسەرناچەکەدا کێشابوو.

پێگەی کۆمەڵایەتی حاجی شێخ محەممەدئەمین قرناقەوی و شوێنکەوتوانی: حاجی شێخ محەممەدئەمین پێگەیەکی گەورەی لەناوخەڵکیدا هەبووە، و خەڵکێکی زۆر لەدەوری کۆبۆتەوە و پشتیوانییان لێکردووە و لە هەموو لایەکەوە خەڵک سەردانیان کردووە، کە تاوەکوو ئێستایش پەیڕەوکار و هەواداڕێکی زۆری لەدەڤەری پشدەر و بیتوێن و باڵەکایەتی و ڕۆژهەاڵتی کوردستان و چەندین ناوچەی تر هەن، و هەموکاتێک خانەقاکەی پڕبووە لە میوان و خەڵکی ڕێبوار و خزمەتی هەموویانی بە بێ جیاوازی کردووە، و خەڵکی ناوچەکەیش لە زۆربەی کاروبارەکانیاندا پرس و ڕایان پێکردووە و تاکو ئێستایش زۆر خۆشەویستە لە ناودڵیاندا، و شیاوی باسە حاجی شێخ محەممەدئەمین حەجی ماڵی خودایشی ئەنجامداوە.

پەیوەندی نێوان شێخ محەممەدئەمین قرناقەوی و شێخانی بیارە: وەک باسمانکرد شێخ محەممەدئەمین لەسەردەستی (شێخی نەجمەددین)دا، تەمەسوکی کردووە و دوای وەفاتی (شێخی نەجمەددین)، تەمەسوکی بە (شێخی عەلائەددین) باوکی مورشیدمان جەنابی (شێخ عوسمان سیراجەددین) کردووە و دوای وەفاتی (شێخی عەلائەددین)یش، بەهۆی ئەم کۆچە ناوەختەوە زۆر تووشی ناهەمواری بووە و دواتر چەندینجار سەردانی جەنابی (شێخ عوسمان سیراجەددین)ی، کردووە کە جێنشینی باوکی بووە.

حاجی شێخ محەممەدئەمین یەکێکە لەو شێخانەی کە چوار مورشیدی تەریقەتی نەقشبەندی بینیوە، حاجی شێخ ئەمین فەرموویەتی: هەرگیز لە خزمەتیاندا دانەنیشتووم، بەڵام لەسەردەمی جەنابی (شێخ عوسمان سیراجەددین)دا، فەرموی: تۆ دانەنیشی، منیش دانانیشم، منیش بە قسەم کرد و دانیشتم!



کۆچی دوایی حاجی شێخ محەممەدئەمین قرناقەوی: حاجی شێخ محەممەدئەمین لە بەروای (٢٠-٥-١٩٧١ز) بەرامبەر بە سااڵی (١٣٩١ک) ژیانئاوایی لەدنیا کردووە و لەسەر وەسێتی خۆی لەگۆڕستانی (بەڕۆژە) نێژراوە، کە دەکەوێتە نێوان گوندی (قرناقەو) و (پشتاشان) لە بناری قەندیل، و بەوەفاتی ئەو خەڵکی ناوچەکە زۆر دڵگران بوون، و چرای مەزنی زانست و ئایینداری ناوچەکە کوژایەوە.

خزمەتی بنەماڵەکەیان لەدوای وەفاتی حاجی شێخ محەممەدئەمین قرناقەوی: شایەنی باسە حاجی شێخ محەممەدئەمین لەماوەی ژیانیدا دووجار هاوسەرگیری ئەنجامداوە، و بە ڕەزامەندی خوای گەورە منداڵی لێیان نەبووە، و لەدوای خۆی تەنها کوڕە برازایەکی ماوە کە ئەویش (جەنابی مامۆستا شێخ محەممەدی قرناقەوی)یە، کە مامۆستایەکی زۆر خۆشەویستە لەلای هەمووان و دوای وە فاتی شێخ محەممەدئەمین جەنابیان بوونە جێنشینی، کە تائێستایش لەخزمەتکردن بەردەوامە و لە شارۆچکەی (چوارقورنە) مزگەوت و خانەقای دروستکردووە، کە خەڵکێکی زۆر سەردانی دەکەن و کەسایەتییەکی دیاری دەڤەری (پشدەر و بتوێن)ە، و ئەندامی لیژنەی فەتوای ڕاپەڕینە و وتارێژە لە مزگەوتی سەلاحەدین و یەکێکە لەخەلیفەکانی جەنابی (شێخ عوسمان سیراجەددین)ی، نەقشبەندی و چەندین کوڕی ئەویش مەلایەتییان تەواو کردووە و سەرجەمی بنەماڵەکە لەسەر ئەو ڕێبازە بەردەوامن.

*** خوێندکاری دکتۆرا لە ئیسلامناسی - زانکۆی سلێمانی**

*** زۆر سوپاس بۆ نووسەر و ڕۆناکبیر مامۆستا محەممەدی ئاڵی، کە زۆربەی زانیارییەکانی ناو ئەم بیۆگرافیایەی بۆ ناردووم.**

مێژووی ماد و خوێندنەوەیەکی دکتۆر میهردادی بەهار

کەمال نوری مەعروف
لەفارسییەوە گۆڕیویەتی و لەسەری نووسیوە

2 کۆتایی

بەرکۆلێک: ئەم بابەتە ڕەخنەییەی کە گۆڕیومەو لەسەرم نووسیوە، سەبارەت بە تێبینییەکانی دکتۆر(مەهردادی بەهار)ە لەسەر کتێبە میژوونووسییەکەی لێکۆڵەری گەورەی ڕووس (دیاکۆنۆف) بەناونیشانی ماد ، (کەریمی کشاورز) بۆ فارسی گۆڕیویەتی. لەم بابەتەدا بەلامەوە باشبوو هەندێک لەو ڕەخنانەی ناوبراو بگۆڕمە سەر زمانەکەمان ،چونکە توانیوێتی زانیاریی نوێ بخاتەڕوو. بەڵام لەلایەکی تردە زمانی ڕەخنەگر لەباسی هەندێکیاندا دەمارگیری پێوە دیارە هەڵەمەکەی وەکو ناسیۆنالیزمێک خستووەتەکار، بەوەیش لەکارە زانستییەکەی لایداوە، کە نەدەبوو بەوجۆرە مامەڵە لەگەڵ میژووی ڕۆژگارێکدا بکات کەزانیاریی لەسەری کەمە بەهۆی نەبوونی بەڵگەنامەوە. هەرئەوەیش وایکرد ڕای خۆم لەسەرهەندێک لەو بابەتانە دەربڕم.

بۆ بەشی یەکەمی باسەکە ڕام لەگەڵ ڕەخنەگردا یەکدەگرێتەوە کە بەلامەوە ڕاستە پارسەکان لەگەلانی هیندۆ ئاری بوون کە لەناوەڕاستی هەزارەی دووەم بۆ بەرزاییەکانی ئێران لەباشووری ڕۆسیاوە لەگەڵ ماددەکان کۆچیانکردووە، لەم کۆچەی پارسەکان کە دواتر بە فارس ناسران لەباشووری خۆرئاوای بەرزاییەکانی ئێران جێگیربوون. بەڵام ئەوەی لێرەدا شوێنی قسە لەسەرکردنە ناوی پارس زاراوەیەکی جوگرافییە کە لەخوودی هەرێمەکەوە وەرگیراوە هەروەکو چۆن ناوی مادیش زاراوەیەکی جوگرافییەو بەناوچەی باکووری خۆرئاوا وتراوە.

بەڵام ڕەخنەگر بەپێی سەرچاوەکان بۆ بەهێزکردنی ڕاکەی لەسەر پارسەکان کاتێک ناوی (پارسوە) واتە (پارت) یان (ئاشکانی) دێنا لە وەدا هیچ پەیوەندییەک نابینم لەو نێوانەدا جگە لەوەی ڕەخنەگر بۆ مەرامی خۆی ناوەکانی تێکەڵ بەیەکتری کردووەو نموونەکانی لەشوێنی خۆیاندا بەکارنەهێناوە.وشەی ئازات ، (ئازاد) یش جارێکیتر لە بەردەنووسراوەکانی پەیکۆڵی ناوچەی دەربەندیخانیش هاتووە کە بۆ سەردەمی نەرسی لە دەسەڵاتی ساسانیدا دەگەڕێتەوە لە سەدەی (3) زاینی دا .

پارتەکانیش کە لەگەلانی هیندو ئارین لەمێژووی کۆنی ئێراندا گەلێک پایتەختیان بووە بۆ بەڕێوەبردنی حکومەتەکەیان کە زیاتر لە 400 ساڵی خایاندووە، واتە لە (250 پ.ز تا 227 ز). بۆیە باشتر وابوو ڕەخنەگر بیووتایە فارس ناوەکەی کە لە پارسەوە هاتووە، پەیوەستە بەزاراوە جوگرافییەکەوە، بەڵام ناچێتەوە سەرناوی (پارسوە) یان (پشتۆن) چونکە ئەوانە دوو ناون بۆ دوو گەلی جیاواز دانراون و ناویان لە نازناوی قەومەکانیانەوە وەرگیراون، هەروەکو چۆن ناوی کوردستان بەخاکی گەلی کورد دەوترێت.

2-لەباسی بەندی پێنجەمی کتێبەکەدا، دیاکۆنۆف ئاماژە بەقسەی هێرۆدۆت دەکات کە دەڵا: ئازادەکانی پارس خەراجیان بە پادشا داوە، بۆیە ئەگەر بڵێم وەرگرتنی (مزە) لەوان دەتوانین بڵێین جیابوونەوەیانە لە چینەکانی تری ناو کۆمەڵگا، هەروەها دەڵێ: ئەو دیلانەیش کە لەئەنجامی شەڕەکاندا گیراون، بەرامبەر بەوە کاریان پێکردوون و (مزە)یان پێداون.

لەوەڵامدا دەڵێم: بۆ بەشی یەکەمی بابەتەکە کە قسە لەسەر ئازادەکانەو لە چینی بااڵی دەوڵەت بوونو ئەرکی ڕۆیشتنی کارەکان لەسەرشانی ئەوان بووە بەلامەوە لەشوێنی خۆیدا نییە لەکاتی تەنگانەدا کە وڵات پێیدا تێپەڕیووە مزەیان بە پادشا دابێت چونکە دەسەڵاتیان گەورەو فراوان بووەو لەژیانی خۆشیدا ژیاون. بەهۆی ئەوەی پارێزگاریان لە وڵاتەکەیان کردووە لەهەموو هێرشێکی دووژمنان. بەڵای منەوە لەپشتی ئەم پرسەوە وروژاندنی مەسەلەیەکی ڕامیاریی تر هەیە کە بەڵای ڕەخنەگرەوە ویستوویە بەیانی ئەوە بکات کە لەتەنگانەدا وڵات بەهەموو چینەکانییەوە یەکڕیز بوون بۆ پارێزگاریی لێکردنی. بەڵام ئەگەر وابێت پرۆژەکاندالێیان وەربگرن کە خەزێنەی وڵات بەرەو چۆڵبوون چووە بەهۆی زۆریی شەڕەکانیانەوەو قورسیی خەرجییەکانیان. بەڵام پێدەچێت لەبەشی دووەمی فەرمانڕەوایی ئەنەوشیروانی یەکەم (579-539ز) کاتێک وازی لەشەڕ لەگەڵ دوژمنەکانیا هێنا بێت، دەستی کردبێت بەئاوەدانی بۆ ژیانەوەی ئابووریی وڵات تا بەرەو باشبوون بڕوات. بەرامبەر بەکارپێکردنی ئەو دیلانەش کە کۆیلە بوون لایان دیارە خواردنیان پێداون.

(مزەش) زاراوەیەکە لای کورد زیاتر تایبەتە بە خاوەن ئاشی ئاو لەکۆندا، کاتێک باراشێکی هاڕیوە بەرامبەر بەوە مزەی کارەکەیان لە باراشە هاڕاوەکە پێداوە. بۆ ئەمەش ڕام وایە وشەکە پەیوەستە بەو ژەمە نان خواردنەوە ڕۆژانەکە پێیان داون. بارودۆخەکەو قورسی ژیانەکەو چەوسانەوەکەش لەکاتی شەڕدا هەر لەسەر شانی ڕەشووڕووتەکە بووە.

3- لەلاپەڕە (456)ی کتێبەکەدا دیاکۆنۆف دەڵێ : ڕێز لەسەگ گیراوەو لەو بابەتانەشە کە لە ئاوێستاشدا هاتووەو لەناو گەلانی کاسپیو ئالبانیشدا باو بووە.

بۆ وەڵامی ئەم ڕایە بۆ ئەوە دەچم کە ڕێزگرتن لە سەگ کەلتوریکی کۆنی ئایینی میترایی- ڤیدایی کۆنەو مووغەکان لەگەڵ خۆیاندا هێناویانەو لە کاسپی یەکان واتە لە کاشییەکان وەریانگرتووەو گواستوویانەتەوە بۆ ناو مادەکان کە ئایینی ڕەسەنی وڵاتەکەیان بووە کە بەهۆیەوە ململانێیان لەگەڵ ئایینی زەردەشتیدا پێکردووە . لەم ئایینەدا ئەوە دیارە سەگ گرنگیی پێدراوە بەڵگەش بۆ ئەمە نەخشە هەڵکۆڵراوەکەی ئەشکەوتی گوندۆکی ناوچەی ئاکرا یە کە بۆ ڕۆژگاری میتانی دەگەڕێتەوە پارێزگاری لەئاژەڵەکان دەکات. نابێت ئەوەش لەیاد بکەین سەگ لەسەردەمی سۆمەرییەکانیشدا بەناوی خواوەند (کۆلا)وە پەرستوویانە، ئەوەش بەڵگەیەکی تر بۆ ئەو گرنگیپێدانەیان بەو ئاژەڵە.

بەڵام کاتێک ئایینی زەردەشت لەبەشی دووەمی دەسەڵاتداریتی هخامەنشیدا واتە ئەخمینی دا بااڵو بۆوە سەگ کە مووغەکان هێنابوویانو ڕێزیان لێدەگرتو گرنگییان پێدابوو ڕۆڵی نەماو ئایینی نوێش بەرهەڵستی لەوجۆرە کارانە کردووە واتە نەریتێک نەبووە لەناو ئایینەکەدا ڕەواجی پێدرا بێت. لەئاوێستاشدا کەناوی هاتووە پەیوەستە بە سەردەمی ساسانی یەوەکە ئەو مووغانە گرنگییان پێداوە ئەمەش هەر ئایینە کۆنەکەی میترایی بووە بەڵام لەبەرگێکی زەردەشتیدا تازەیان کردۆتەوە. واتە ئایینێکی لادەر بووەو پەیوەندیی بەبیروباوەڕی زەردەشتەوە نەبووە. لەهەمانکاتیشدا ئاوێستای ساسانی ئەوەی سەردەمی هخامەنشی ڕۆژگاری زەردەشت نەبووە چونکە پڕ بووە لەبیروباوەڕی لادەر،لەوبابەتانەی دوور لەوانەی زەردەشت.

4-دیاکۆنۆف دەربارەی شۆڕشی (گاوماتە)و ئەوانی تریش کە سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە، لەڕۆژگاری داریوشی گەورەدا. دەیباتەوە بۆ نەبوونی یەکێتی ناوخۆیی لەناو جەماوەر و دەڕەوەیدا. بەڵام دکتۆر میهرداد ڕای وایە بە پەنا بردنی بۆ ئەوەی کە داریۆش چەند جارێک لەنووسینەکەیدا وتوویە : هۆکاری شکستی شۆڕشەکە، پشتیوانی لێنەکردنیان بووە لەلایەن جەماوەرەوە نەوەک نەبوونی یەکێتی.(لا 538).

بەلای منەوە بۆچوونەکانی هەردوولا لەڕاستییەوە دوورن، چونکە (گاوماتە) کە موغێکی میدی بووەو هەڵگری ئایینی خۆرپەرستی بووە هەرخۆی بەتەنیا نەبووە بەپێی دیمەنەکانی بەردەنووسراوەکەی بێستوون لەکرماشان . ناوبراویش وێستوویە لە بێهێزی دەسەڵاتی ناوەند کە پادشا قەمبیز بەڕێوەی بردووەو لەهێرش کردنیدا بووە بۆ سەر میسر ئەو دەرفەتەبقۆزێتەوەو دەسەڵاتە ئاینییە کە جارێکیتر بگێڕێتەوە بۆ ماددەکان ئەوە بوو بەپێی ئاماژەی سەرچاوەکان گاوماتە سەرەتای وەرگرتنی فەرمانڕەوایەتییەکەی لەکرمانەوە دەستی پێکردووە کە ساڵ وڵاتی ئێرانی بەڕێوەبردووە. بەڵام ئایینی زەردەشت کە سەرەتای بااڵبوونەوەی لەدەسەڵاتی ساسانیدا هەیە پێی بەسەرچاوەکان ئەوە بوو بەپێی ئاماژەی سەرچاوەکان گاوماتە سەرەتای وەرگرتنی فەرمانڕەوایەتییەکەی لەکرمانەوە دەستی پێکردووە

سەرچاوە:

دکتر مهرداد بهار / از اسکوره تا تاریخ/ گرد اورندەو ویراستار: آبو القاسم اسماعیل پور/ نشر چشمە/ تهران / 1386ص 497 - 505

وون بووە
پسوولەی شارەوانی ٥ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٤١٩٩٠٦ بەرووار ٢٠١٩/٦/١٠ بەبڕی ٥٠٠٠٠ بەناوی پوشو جوهر سلیمان وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
وون بوون
هەوێیەکی پێشمەرگایەتی بەناوی (ئاکو محمود عبدالله)، لە لیوای پێنجی شارەزوور، بە ژمارە ٦٢٩٥، ونبووە. هەرکەس دۆزییەوە بیهێنێ بۆ نوسینگەی ڕۆژنامەی خەبات.
***
وون بوون
ناسنامەی زانکۆی صلاح الدین کۆلێژی پەروەردە بەشی زمانی عربی بەناوی صادق سرکوت علی وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
تبلیغ بالحضور
دعوة موجهة من قبل (جوتیار حسن نورالدین) المدیر المفوض لشرکة (ملەت گروپ یا بەلێندەرایەتی بیناسازی /سنوردار) بتاریخ ٢٠١٩/١٠/٢٢ الی اعضاء الشرکة السید عبدالله طالب عبدالعزیز بحضوره في مقر الشرکة الکائن في دهوك مالطا لعقد اجتماع في ٢٠١٩/١١/٦ لغرض تصفیة الشرکة نرجوا من سیادتکم بالحضور
***
دادگای بەرایی هەولێر
جاردان
ژمارە: ٦٥/ب/٢٠١٩/١
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢١
داواکار: صلاح الدین حمید
عبدالله و هاوبەشەکانی
داوالێکراو: فاطمة حمید عبدالله و هاوبەشەکانی
شوێنی مولّك/ هەولێر /گەرەکی
هەڤالان- نزیك باخچە
ژمارە مولّك: ٢٤١٩/٧ ك ٩٣ حصاروك
پێکهاتوەکان: دوو خانووی لەسەر دورستکراوە خانووی یەکەم ڕووبەری (١٠٠م) پێکهاتووە لە دوو ژوور و مەتبەخ و حەمام و تواليت لە خوارەوە و یەك ژوور حەمام و تواليت لەسەرەوە بەتاڵە بابەتی داوا و خانووی دووەم ڕووبەری (١٠٠م٢) پێکهاتووە لەدوو ژوورو مەتبەخ و حەمام و تواليت لەخوارەوە یەك ژوورو حەمام و تواليت لەسەرەوە خانووەکە بەناوی (عبدالرحمن عبدالله احمد).
ڕووبەر: ٢٠٠ م٢
نیشتەجێ: ١- خانووی یەکەم بەتاڵە.
٢- خانووی دووەم عبدالرحمن عبدالله احمد – هاوبەشە - کرێ نادات.
نرخی خەملاندن/ ٧٤,٠٠٠,٠٠٠ دینار نرخی خانووی یەکەم
خانووی دووەم ٧٤,٠٠٠,٠٠٠ دینار نرخی خانووی دووەم
١٤٨,٠٠٠,٠٠٠ سەدو چل و هەشت ملیۆن دینار
لەسەر بڕیاری ئەم دادگایە لە داوای ژمارە ٦٥/ب/٢٠١٩/١ ازالە الشیوع/ نەهێشتنی هاوبەشی بڕیاردرا بە فرۆشتنی ناشکرای ئەم مولکەی سەرەوە بۆ ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بلاوکردنەوە لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، جا هەرکەسێ نیازی کڕینی هەیە هاوبەشی بێ یان هاوبەشی بێت یان هاوبەشی نەبێت سەردانی ئەم دادگایە بکات لە کەڵ دابینی کردنی ڕێژەی یاسایی ١٠٪ لە خەملاندنی فرۆشتنی ناشکرا، کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات، هەرزیاد بوونێك دوای (٥) پێنج دەقیقە کۆتایی دێت.
دادەری یەکەم/مجید سعید برادۆستی
***
دادگای بەرایی هەولێر/١
ژمارە/ ١١٧١/ب/٢٠١٩/١
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٢
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (بان کنعان عبدالعزیز)
داواکار (ساجدة جادر سلطان) داوای ژمارە (١١٧١/ب/٢٠١٩/١)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لە سەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی یاداشتی مختاری (پارێزگای هەولێر/ گەرەکی زانایان و هەڤالان) لە ٢٠١٩/١٠/٩ بڕیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادە بوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/١١/٢٠) بە پێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادەری یەکەم / مجید سعید برادۆستی
***
دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٨٤٢/ش/ ٢٠١٩
ڕێکەوتی / ٢٠١٩/١/٢٣
ڕاگەهاندن
بو / داوالێکراو : لعلی عرفات عبدی
ل دیف داخوازیا داواکار(رمضان سلیمان حسین) وکێشا ژمارە (٨٤٢/ش/٢٠١٩) تێدا داخوازا کەتنا تەلاقا ویی بەرامبەری ڤێ دادگەهی ژتە دکت و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا پنگەهێ پولیسێن (دەلال) یا ژمارە (٥١٤٩) ل (٢٠١٩/١٠/٢٠) و نڤیسارا بەربژارێ تاخێ (کیستە) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕوژانە دا ئامادە بی ل ڤێ دادگەهێ ل ڕوژا ٢٠١٩/١١/٣ ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بڕیکارەکێ ژ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەرۆفاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .
دادەر / دارا طاهر توفیق
***
دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٧٠٨/ش/ ٢٠١٩
ڕێکەوتی / ٢٠١٩/١٠/٢٣
ڕاگەهاندن
بو / داوالێکراو : نیچیرڤان صبری محمد
ڤێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (٧٠٨/ش/٢٠١٩) ل ڕوژا (٢٠١٩/٩/٣٠) ژێك ڤەبوونا دادی (تفریق قضائی) دناڤبەرا تە و داواکار (سولین سلیم یوسف) ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەڤێ یاسایی کو پێتڤیە ئاگەهداریا تە دەمێ دەرکەتنا بریاری زی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕوژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاسایيدا و بەرۆفاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر ودرگرت .
دادەر / دارا طاهر توفیق
***
ئاگاداری
وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێدانی ئەم شوێنانەی لە خوارەوە خراونەتە ڕوو بە زیادکردنی ئاشکرا بە پێی یاسای ژمارە (٣٢) ی ساڵی (١٩٨٦) و ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی (١٩٨٦) , جا هەرکەسێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە لە زیادکردنەکان سەر لەبەڕێوەبەرایەتی خانوبەرەی میری لە سۆران بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێدەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئاگاداری کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی , زیادکردنەکە لە کۆمەڵگای دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران ئەنجام دەدرێت بە مەرجێك بەشداربوو بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێ بێت لە بری پارەی خەملێنراو , گشت خەرجییەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچییە.
١/ فۆتۆکۆپی بۆ ماوەی یەك ساڵ لە ناوکۆمەڵگای دەروازەی سنووری نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران.
٢/ کافتریا بە ڕووبەری (٤٠م٢) لە نێوکۆمەڵگای دەروازەی سنووری نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران.
د. کمال طیب قادر
بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری
***
ئاگاداری
وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێدانی ڕووبەری (١٨٠)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (٣)ك٤ گەلی عەلی بەگ , بە مەبەستی دروستکردنی (چێشتخانە) بۆ ماوەی (١٥) ساڵ بە زیادکردنی ئاشکرا بە پێی یاسای ژمارە (٣٢) ی ساڵی (١٩٨٦) و ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی (١٩٨٦) , جا هەرکەسێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانوبەرەی میری سۆران بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێدەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠)ی سەرلەبەیانی , بە مەرجێك بەشداربوو بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێ بێت لە بری پارەی خەملێنراو , گشت خەرجییەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچییە.
د. کمال طیب قادر
بەڕێوەبەری گشتی خانوبەرەی میری
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
بەڕێوەبەرایەتی جێ بە جێ کردنی سۆران
جاردان
بەڕێوەبەرایەتی جێ بە جێ کردنی (سۆران) مولکی ژمارە (٦٥) کە کەوتۆتە کەرتی (حاجی ئۆمەرانی خوارروو) دەفرۆشێت خاوەنەکەی قەرزار (ابراهیم عبدالرحمن نبی) کە گلدانەوەی خراوەتە سەر لە جیاتی قەرزی (زیاد رسول توفیق) بە بڕی (١٦٧,٣١٥,٠٠٠) دینار , هەرکەسێ ئارەزوومەندە لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی کە (١٠٪) نرخە قرساوەکەیەتی ولّاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کریارە .
ئاکارەکان :
١/ شوێن و ژمارەی / ٦٥ کەرتی ١٠ حاجی ئۆمەرانی خوارروو
٢/ ڕەگەز و جۆری / زەوی کشتوکالی
٣/ سنوور و ئاگاداری / هەروەکو لە وێنەی تۆماری مولکەکە داهاتووە
٤/ پێکهاتەی / ____
٥/ ڕووبەرەکەی / ١٧ دۆنم و ٦ ئولك
٦/ پلەی ئاوەدانکاری / ____
٧/ نیشتەجێکەی / ____
نرخی قرساو / ٢٠٦,٨٨٠,٠٠٠ دووسەد و شەش ملیۆن و هەشتسەد و هەشتا هەزار دینار
نرخی قرساو : (١٣٨٥٧٠٠٠) سێزدە ملیۆن و هەشت سەد و پەنجا و حەوت هەزار دینار
جێ بە جێ کاری داد/ نالی شهاب صدیق
***
سەرۆکایەتی شارەوانی سۆران
بەشی مولّکایەتی
ژمارە : ٤٤٥٥
ڕێکەوت : ٢٠١٩/١٠/٢١
ئاگاداری
ئاگاداری خاوەن کارتی شارەوانی دیانا بە ژمارە (٤) لە بلۆکی (١٠) لە گەرەکی بانە دەکەین کە لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم ئاگادارییە تاکو ماوەی (٣٠ سی ڕۆژ) هەر کەسێك تێبینی لەسەر ئەم پسوولەیە هەیە سەردانی شارەوانیان بکات بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست.
تێبینی : تەواوی پارەی بلّاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی داواکار
کاوە نجیم عبدالله
سەرۆکی شارەوانی سۆران_بە وەکالّەت
***
دادگەها کەتن دهوك
ژمارە:١٩٣٨/ج/٢٠١٩/٢
ڕێکەفتی:٢٠١٩/١٠/٢٠
بۆ تۆمەتباری ڕەفی (سردار ڕمضان ناصر)
ئاگەهدارکرن
توی بەر تاوانکری د کێشا ژمارە (١٩٣٨/ج/٢٠١٩/٢) ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل ڕێڤەبەریا بەرهەنگاربوونا تۆندوتیژی دژی ئافرەتا ل پاریزگەها دهوکێ/ نفیسینگەها نزارکێ) ل سەر مادەێ (٢/ یاسا ژمارە ٦ سالا ٢٠٠٨) ژبەر نەدیاربوونا جهێ ئاکنجیبونا تە بریار هاتە دان هن بهێینە ئاگەهدارکرن ڕێکا بەلاڤکرنێ دوو ڕۆژنامی نافخۆیی, دا بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠١٩/١١/٢٨ بەرۆفاژی دادگەریا تە پاشملە (غیابیا)دێ هێتە ڕێڤەبرن ل دویڤ یاسایێ.
داوەرێ ئێکێ/ عصمت کولیك اسماعیل
***
دادگەها کەتن دهوك
ژمارە: ١٢٩/ج/٢٠١٩/٣
ڕێکەفتی: ٢٠١٩/١٠/٦
ئاگەهداری
بو/ دادگەهکریێ پاشملە (طیفون جلال طاهر)
ڤێ دادگەهێ بریاردا ب حوکمکرنا تە بەندکرنا سزایێ (٣) سێ ساڵا ل سەر مادەی (٤٥٣/یاسا سزای) دوسەیا ژمارە (١٢٩/ج/٢٠١٩/٣) ئەوا هاتیە تومارکرن لە ڕێڤەبەریا ئاسایشا پارێزگەها دهوکێ (٢٠١٦/١٦٠) دا تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب ڕێکا بەلاڤکرنێ دوو ڕۆژنامێن نافخۆیی و تە مافێ هەی نەرازیبوونێ خۆ دەربڕی لسەر بریارا دادگەهێ ل دەمێ هاتیە دیارکرن دیاسایيدا بۆ دەمێ (٣) سێ هەیڤا و بەرۆفاژی ڤێ چەندێ بریارا دادگەهێ دێ هێتە پەسندکرن و دێ هێتە بجهێنان.
دادەر/ انس فریق مسکین
***
دادگەها کەتن ل سێمێلێ
ژمارە/ ٧١٣/کەتن/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١٤
ئاگەهداری
بو کەسێ دادگەهکری (بشار محمد بشیر) تو یێ هاتیە دادگەهکرن بێی ئامادەبوون بزیندانکرنا سڤك بو ماوێ (١) ئێك سال لدیڤ بەندێ ١/٤٥٦أ/ ژ یاسا سزا و ژبەر نەیاسا جهێ ئاکنجیبونا تە بریار هاتەدان تۆ بێتە ئاگەهدارکرن ب بریارا دادگەهێ بڕیکا دوو ڕۆژنامێت نیشتەجێ و تە مافێ هەی نەرازیبوونا خۆ دەربڕی لسەر بریارا دادگەهێ ل دەمێ هاتیە دیارکرن دیاسایيدا بۆ دەمێ (٣) سێ هەیڤا و بەرۆفاژی ڤێ چەندێ بریارا دادگەهێ دێ هێتە پەسندکرن و دێ هێتە بجهێنان.
دادەر/ بیان ادیب رشید
دادەرا دادگەها کەتن سێمێلێ
***
دادگەها کەتن ل سێمێلێ
ژمارە/ ٧٠٧/کەتن/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٨
ئاگەهداری
بو کەسێ دادگەهکری (لقمان اسماعیل سعید) تو یێ هاتیە دادگەهکرن بێی ئامادەبوون بزیندانکرنا سڤك بو ماوێ (٦) شەش هەیڤا لدیڤ بەندێ ١/٤٥٦أ/ و ب و دگەل بەندێن هەڤشك ٤٧ و ٤٨ و ٤٩) و ژبەر نەیاسا جهێ ئاکنجیبونا تە بریار هاتەدان تۆ بێتە ئاگەهدارکرن ب بریارا دادگەهێ بڕیکا دوو ڕۆژنامێت نیشتەجێ و تە مافێ هەی نەرازیبوونا خۆ دەربڕی لسەر بریارا دادگەهێ ل دەمێ هاتیە دیارکرن دیاسایيدا بۆ دەمێ (٣) سێ هەیڤا و بەرۆفاژی ڤێ چەندێ بریارا دادگەهێ دێ هێتە پەسندکرن و دێ هێتە بجهێنان.
دادەر/ بیان ادیب رشید
دادەرا دادگەها کەتن سێمێلێ
***
دادگەها کەتن ل سێمێلێ
ژمارە/ ٧٠٨/کەتن/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٩
ئاگەهداری
بو کەسێ دادگەهکری (دیار سلیمان عبدالرحمن) تو یێ هاتیە دادگەهکرن بێی ئامادەبوون بزیندانکرنا سڤك بو ماوێ (١) ئێك هەیڤ لدیڤ بەندێ (١٧ ژیاسا پاسپورتا یا ژمارە ٣٢ یا سالا ٢٠١٥ و بدلالەتا بەندێ ١٥/رابعا ژ هەمان یاسا و دگەل بەندێن هەڤشك ٤٧ و ٤٨ و ٤٩ ژ یاسا سزایی) و ژبەر نەیاسا جهێ ئاکنجیبونا تە بریار هاتەدان تۆ بێتە ئاگەهدارکرن ب بریارا دادگەهێ بڕیکا دوو ڕۆژنامێت نیشتەجێ و تە مافێ هەی نەرازیبوونا خۆ دەربڕی لسەر بریارا دادگەهێ ل دەمێ هاتیە دیارکرن دیاسایيدا بۆ دەمێ (٣) سێ هەیڤا و بەرۆفاژی ڤێ چەندێ بریارا دادگەهێ دێ هێتە پەسندکرن و دێ هێتە بجهێنان.
دادەر/ بیان ادیب رشید
دادەرا دادگەها کەتن سێمێلێ
***
دادگای باری کەسایەتی بەردەرەش
ژمارە: ١٣٨/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت ٢٠١٩/١٠/١٤
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (محمد صالح رشید)
شوێنی دانیشتووی نادیار
داواکار (نبراس شهاب احمد) داوای شەرعی ژمارە (١٣٨/ش/٢٠١٩) لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە کە داواکە بریتیە (لێك جیابوونەوە بە هۆی کۆچکردن) (تفریق بسبب الهجر) وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی نادیارە بەپێی (ئیشعاری موختاری کۆمەڵگەی غەدیر/ برطلة وە نووسراوی بنکەی پۆلیسی برطلة ژمارە (٣٢١٢) لەڕێکەوتی ٢٠١٩/٨/٢١ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەبریاری پاشملە ژمارە (١٣٨/ش/٢٠١٩) کە لەڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٨ دەرچووە وە دوای دە ڕۆژ پلەی لەپێراگەیاندن پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا لەگەڵ ڕێزدا.
دادەر/ نزار خلیل ابراهیم
***
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/١٧٣٥/٢٠١٩
ڕێکەوت/٢٠١٩/١٠/٢٢
جاردان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ١٦٦٧ کە کەوتوتە گەنجان ستی دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار عەانوئیل بطرس سخریا کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی کۆمپانیای ارض الافراح بەبڕی/ ١٦٩,٤٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی ولّاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کریارە.
جێبەجێکاری داد / هەردی حمدامین همزه
١ – شوێن و ژمارەی/ ١٦٦٧ گەنجان ستی
٢ – ڕەگەزو جۆری/ خانوو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ خانوویەکی دوو نهۆم/ یەکەم ١ ژووری نوستن + هۆل + مطبخ + استقبال + ٢ حمام + ٢ مرافق/ دووەم چوار ژووری نوستن ٣ حمام + مرافق + بالکون کونکریت + قرمیت.
٥ – ڕووبەرەکەی/٤٥٠ م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/ کەسی تێدانییە
٨ – نرخی قرساو/ ٢١٦,٠٠٠,٠٠٠ دوو سەدو شازدە ملیۆن دینار.
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکان/ سلێمانی
بەشی یاسا
ژمارە: ٧٩٨٧
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢٢
بڕیاری کۆژانەوەی ناوی بازرگانی کۆمپانیا دوابەدوای بڕیاری کارگێڕیمان ژمارە (٦٩٩٦) لە ٢٠١٩/٩/١٨ کە تایبەتە بە پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ئانی بۆ چاپەمەنی فۆتۆ/ سنوردار) وە ئامادە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی دەستەی گشتی کۆمپانیا لەبەروارى ٢٠١٩/١٠/١٢ کە تیایدا بڕیار دراوە بە:
کۆتایی هێنان بەماملەی پاکتاوکردن و کۆژانەوەی ناوی بازرگانی کۆمپانیای (ئانی بۆ چاپەمەنی فۆتۆ/ سنوردار)
بەپێی ئەو دەسەلاتەی کە پێمانی دراوە پاڵپشت بە مادەی (١٧٧) لەیاسای کۆمپانیاکان ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو پاش هێنانی سەرجەم بەڵگەنامە یاساییەکان بڕیاری ڕەزامەندیاندا بە:
کۆژانەوەی ناوی بازرگانی کۆمپانیای (ئانی بۆ چاپەمەنی فۆتۆ/ سنوردار) تا بەپێی مادەی (٢٠٦) لە یاسای ئامۆژە پێکراوی سەرەوە بڵاوبکرێتەوە
سۆران احمد اسماعیل
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی سلێمانی
***
فەرمانگەی دادنووسی سلێمانی/ نێواران
ژمارە: ٢٠٣٣٠
بەروار: ٢٠١٩/١٠/١٣
هۆشداری (انذار)
بۆ/ محمد سعدی صالح لە ڕێگەی
بەڕێز دادنووسی سلێمانی/ نێواران
ناونیشان/ سلێمانی/ سەرچیا/ خ.ژ/ A١٣-٢)
مۆبایل: (٠٧٧٢٥٧٣٧٣٣٩)
بەپێی گرێ بەستی بەکرێدانی نێوانمان کە تایبەتە بە بەشێك لە خانووی (A١٣-٢) بەکرێی مانگانە بەرامبەر بە (٣٠٠٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار وە ماوەی ٦ شەش مانگە کرێی ئەو خانووەتان نەداوە قەرزدارن بۆیە داواتان لێ دەکەین کە پابەندبن بەدانی ئەو قەرزەی لە سەرتان کەڵەکە بووەو بڕەکەی (١٨٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن و هەشت سەد هەزار دینارە هەروەها پابەند بن بەپێدانی کرێی مانگی (٢٠١٩/١٠) بە پێچەوانەوە داوای یاساپتان لەدژ تۆمار دەکەین بە مەبەستی چۆلکردنی خانووەکە.
هونەر عمر خضر
بریکارەکەی/ پارێزەر/ دیار ئاوات محمود
بەپێی بریکارنامەی گشتی (١٨٩٤٣) کە دەرچووە لە (٢٠١٨/١٠/١٤) لە فەرمانگەی دادنووسی/ نێواران
ناوی سیانی هۆشدەر/ هونەر عمر خضر/
بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیای هیرۆن بۆ بەڵێندەرایەتی گشتی/ سنوردار
سەرەڕای کارەکەی
ژمارەی ناسنامە/ ١٩٦٠٤٦٥٧٥١٣٢ لە (٢٠١٨/٦/٢٠) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامە دەرچووە.
ناونیشان/ کۆمپانیای هیرۆن/ پڕۆژەی بناری گۆیژە/ ژ.م/ ٠٧٥٠١٧٩٠٦٧٠
ئەم هۆشدارییە پێشکەشکراوە لەلایەن (هونەر عمر خضر/ سەرەڕای کارەکەی) کە ناسراوە بەپێی ناسنامەی سەرەوەی دوای ئەوەی واژووی کرد داوای کرد بە ئاگادارکردنەوەی (محمد هدی صالح) وێنەی بنەڕەتیەکەی هەلگیراو وێنەی دووەم نێردرا بۆ پێراگەیاندن لە (٢٠١٩/١٠/١٣).
دادنووس/ شیلان عارف حمه
***
دادگای کەتنی دەشتی هەولێر
ژمارە: ٢٢٨/ك/٢٠١٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٠
بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو (عمر جمال عبدالعزیز)
ئاگادارکردنەوە (سزا)
لە ئەنجامی دادگایی کردن لە داوای ژمارە (٢٢٨/ك/٢٠١٨) لەڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٢٨ ئەم دادگایە بریاریدا بەشێوەیەکی غیابی بەئیدانەکردن و سزادانت بەبەندکردن بۆ ماوەی (٦/شەش) مانگ وە سزادانت بەبڕی (٤٥٠,٠٠٠) چوار سەدو پەنجا هەزار) دینار پاڵپشت بە مادەی (٤٥٩) لە یاسای سزاکان بریار درا بەم بڕیارە پێت ڕابگەیەنرێت بەهۆی بڵاوکردنەوەی لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ مافی تانە لێدانت لە بڕیارەکە هەیە لەڕێکەوتی ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامە بۆ ماوەی سێ مانگ بەپێی مادەی (٢٤٣/أ) لە یاسای بنەماکانی دادگایکردنی سزایی.
دادەر/ ناطق شمس الدین کوخا حسین
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:٣٥٨٦/ش/٢٠١٩/٢
ڕێکەوت:٢٠١٩/١٠/٢٢
جاردان
بۆ داوالێکراو ئاهنگ روستم
احمد شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە ٣٥٨٦/ش/٢٠١٩/٢ وە لەبەرواری ٢٠١٩/١٠/٦ بڕیاریدا لەسەر التفریق للضرر لەنێوان تۆ و داواکار کارزان یاسین محی الدین لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر/ قەزای دەشتی هەولێر گەرەکی چوارچرا بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی ١٠ دە ڕۆژ لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە, بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادەر/طارق حسین کریم
***
ئاگاداری
وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێدانی ڕووبەری (٢٠٠٠)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (١/٢) ك (١٠) سوێرێ لای ڕاستی (ڕێگای هەولێر – خەبات) بە مەبەستی دروستکردنی (کۆگا و پێشانگا) بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ بە زیادکردنی ئاشکرا بە پێی یاسای ژمارە (٣٢) ی ساڵی (١٩٨٦) و ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی (١٩٨٦) , جا هەرکەسێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانوبەرەی میری هەولێر بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێدەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠)ی سەرلەبەیانی , بە مەرجێك بەشداربوو بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێ بێت لە بری پارەی خەملێنراو , گشت خەرجییەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچییە.
د. کمال طیب قادر
بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری
***
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ٢١٢/ج/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢١
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ یونس حبیب باوە
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی مادەی ٤٤٢ لەیاسای سزا و سەلماندنی هەلاتنت وە نادیاری جێگاکەت لە کاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا پاڵپشت بەمادەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٠/٢٠
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر
***
یەکەم لە هەولێر لەڕۆژی ٢٠١٩/١٢/٣١ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/ غیابی بەپێی یاسا.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
***
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە/ ٩٩/ج/٢٠١٩/٣
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢١
بۆ/ تۆمەتباری هەلاتوو (شوان ابراهیم رشید)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددە ٤٠٦ لەیاسای سزایی وە سەلماندنی هەلاتنت و نادیاری جێگاکەت لەکاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا و پالپشت بەمادەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی

زارێ یەکەم فیلمی کوردی



حەیدەر عەبدولرەحمان

دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەریش و بەپێی ئەو ڕێکەوتنامەی لە **21**ی ئاداری **1921**لەنێوان ڕوسیاو تورکیادا ئەنجام درا، هەردوو ناوچەی (قارسو واردهان) گەڕاندرانەوە بۆسەر تورکیا و ئیدی تەنها چەند هەزار کوردێک لەئەرمینیا مانەوە .

ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی (لازاریف) لەوتاریکیدا (کوردو مەسەلەی کورد) لە ذمارە **12**ی ساڵی **1983**ی گۆڤاری (ئاسیاو ئەفریقیای ئەمڕۆ) بڵاوی کردۆتەوە، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ڕێذەی کوردەکان لەیەکێتی سۆڤییەتی ئەو کات، گەیشتۆتە لەسەدا یەک، ڕێذەی تێکڕای گەلی کورد.

دەسەڵاتدارانی قەیسەریش وەک عوسمانییەکان هەمیشە هەوڵی ئەوەیان داوە، کورد ڤێردەستەی خۆیان بکەن، ئەوەتا (مینورسکی) لەکتێبە ناوبراوەکەی دا پشت بە ڕاپۆرتە نهێنییەکانی دبلۆماسی و سەرکردە ڕووسییەکانی شەڕ دەبەستێت، ئاماژە بەوە دەکات کە هەرکات شەڕو شۆڕ لە هەرێمی قەوقازدا بەرپا بووایە، ئەوە بایەخدان بەکوردەکان لەو ساتانەدا زێتر دەبوو، ئەوەتا لەشەڕی ڕووسیادا تورک لەساڵی **1829**چوار تیپی ئیسلامی هەبوو، یەکێک لەو تیپانە کورد بوون، کە لە **400** سوارچاک پێک هاتبوون، سەرکردەکەیان ڕووسی بوو، یارییدەدەرەکەشی کورد بوو، هەروا لە شەڕی (قرم) دوو تیپی سەربازی کورد هەبوون کە یەکێکیان لە قارس و ئەوی دیکەیان لە یەریڤان بوون .

وێڕای هەموو ئەمانەش تێکڕای ڕاپۆرتەکان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئاماذە بەوە دەکەن کە کوردەکان ئەوساتە بەکاری لەوەڕگاو ڕەوەندی و شوانکارییەوە خەریک بوون، هەرگیز ذیانێکی سەقامگیریان نەبووە، چونکە خاکی ئازادی خۆیان نەبووە، بۆهەمیشە لەذیانێکی کولەمەرگی و کۆترەوەری و نەخوێندەواری ذیاون، تەنانەت لەسەردەمی ڕووسیای قەیسەردا لەنێو **125** هەزار کورد تەنها دوو قوتابییان تێدا هەبووە، بەڵام دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەسەڵاتی نوێ بایەخێکی باشتری بەکورد دا و هەوڵی دا کە باریکی سەقامگیر بۆ کوردەکان دابین بکات و لەو ذیانە کولەمەرگییە نەخوێندەواریەی هەیان بوو ڕزگاریان بکات .

لەسەرەتای بیستەکانداو بەپشتگیری ئەو دەسەڵاتە ساوایەی کە هێشتا دووچاری نەخۆشییە درمە بیرۆکراتی و حزبایەتی و توندو تیذی نواندن بووبۆوە، بەرامبەر بە بەرهەڵستکاران و زۆر شتی تر دەبۆوە، خەونی بەکۆمەڵگایێکی مەدەنییەوە دەبینی، تا لەو ساتانەدا سینەما کارە سۆڤییەتییەکان سینەمای نەتەوەیی خۆیان لەئاسیای ناوەڕاستدا دامەزراند، لەنێوان ئەوانیشدا سینەماکارە ئەرمەنییەکان بوون کە لەنێو هەلو مەرجێکی تەنگەتاودا هەوڵی دروست بوونی خۆیان دەدا، لەوانەش دەهێنەری ناوداری ئەرمەنی (ئامووبیک نزاریان) ی ناسراو بە(نزارۆف بەگ) کە بە یەکێک لەگەورەترین دەهێنەرە سۆڤییەتییەکان هەذمار دەکرێت، سۆڤییەتی بەرهەم هێناوە، لەوانەش فیلمی باوک کوذ- **1922**گەنجینەی دزراو - **1924**ئەنتیلا **1925**هەر لەو ساڵانەشدا کەبۆ کارکردن هاتبووە ئەرمینیا ، فیلمە بەناوبانگەکەی ئاموس- **1923**ی بەرهەم هێنا ، ئەم فیلمە دەنگدانەوەیەکی گەورەی بۆ نەزارۆف هەبوو، چونکە بایەخێکی زۆری دابووە کولتووری ڕۆشنبیریی و نەتەوەیی گەلەکەی و زۆر کێشەی کۆمەڵایەتی گرنگی بەزیرەکی و دانایی خۆیەوە خستبووە ڕوو، سەرکەوتنی ئەو فیلمە لەئاستی هونەریی و جەماوەریدا وای لە نەزارۆف کرد کە زێتر خۆی بۆ کێشە و ئەشکەنجەوئازاری گەلانی ڕۆذهەڵات تەرخان بکات، ئەوەبوو لەساڵی **1926**ئەو دەهێنەرە گروپە سینەماییەکەی خۆی کۆ کردەوە بەرەو هەرێمی چیاکانی ئاراکاسی – هەڵکشان، کە هەرێمێکی کورد نشینە ، بۆ ئەوەی لەوێ فیلمە درێذەکەی خۆی (زاریا –واتە زارێ) تۆمار بکات، کە تێیدا باس لەذیانی کوردەکان دەکات لە سەردەمی ڕووسیای قەیسەری دا.

نزارۆف بەگ –لەکتێبی (یاداشتی ئەکتەرو دەرهێنەرێکدا) کە لە ساڵی **1965**لەمۆسکۆ دەرچووە باس لەئەزموونی سینەمای خۆی دەکات، بەتایبەت ئەزموونی لەگەڵ فیلمی زارێ و لەم بارەیەوە ئاماذە بەوە دەکات کەچۆن لەکاتی بەرهەم هێنانی ئەو فیلمەدا هیچ سەرچاوەیەکی ئەتۆی لەبەر دەست دا نەبووە، کە باس لەمێذووی کوردو ذیانی کوردەکان بکات، خۆشی زانیاریەکی ئەتۆی لەم بارەیەوە نەبووە، تەنها شتێکی کەم نەبێت، بۆیە دەستی کردووە بە گەڕان بەدوای داب و نەریت و ڕەوشت و مێذوو خێڵەکانی ئەو نەتەوەیە، لەم بارەیەشەوە کۆمەڵێ لیستی نووسیووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی چەندین لایەنی گرنگی ئایینی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی و ذیانی ڕۆذانەی خێزان و تێڕوانینی ئەوان دەربارەی گەلێ لایەنی پەیوەست بەژیان و چەند پرسیارێکیش دەربارەی (لازۆ) ی نووسەر کە یەکەم نووسەرێک بووە ئەلف و بێی کوردی بۆ کوردەکان لەوڵاتی سۆڤییەتدا دانراوە، چەندین پرسیاری تر.

فیلمی زارێ چیرۆکی ئەفسانەی نێوان کوڕو کچێک دەگێڕێتەوە لە یەکێ لەگوندە کورد نشینەکاندا، کوڕەکە شوانکارەیەکە و ناوی سەعیدە و (نیر سیسلییت) ی ئەکتەر هەژارێکیش کە ناوی زارێ یە (تینازی) دەورەکەی دەبینێ، دەربەبەگێکی گوندەکەش ئەگەرچی ژنیشی هەبووە، کاتێ بەخۆشەویستی نێوان سەعیدو زارێ دەزانێ، بەخیلییان پێ دەباو لەسەر ئەوە سوور دەبێت کە زارێ بۆ خۆی بخوازێت، بەڵام لەو دەمەدا جەنگی جیهانیی یەکەم هەڵدەگیرسێ و دەسەڵاتدارانی قەیسەر بڕیار دەدەن کە لاوە کوردەکانیش پەلکێشی ئەو شەڕە کاولکارییە بکەن، سەعیدی ئەڤیندارییەکێ لەو کۆمەڵە لاوە دەبێت کە لەو گوندەدا ڕەوانەی ئۆردوگایێکی سەربازی دەکرێ لەنزیک گوندەکە، ئیدی لەو کاتانەدا کە کاروانی سەربازەکان بۆ ئاو خواردنەوە لەتەک کانیەکاندا وچان دەدەن بۆ ئاو خواردنەوە، سەعید دەرفەت وەردەگرێت و را دەکاتە نێو ئاوایی،کەچی کە تەیموور بەگ ئەمە دەزانێ فرمان دەداتە پیاوەکانی کە سەعید پەلەبەست کەن و ڕادەستی بکەنەوە و بیخەنە زیندان، کاتێکیش کە زۆربای برا گەورەی زارێ بەبریندارەی دەگەڕێتەوە، بڕینەکەی زۆر سەخت و دژوار دەبێت، لەنێو گریەو هاوارەی کەسوکاری گیان لەدەست دەدات .. بەگ بێ کەسی زارێ بەدەرفەت دەزانێ، بۆیە فرمان دەداتە پیاوەکانی زارێ پەلکێش کەن و بەزۆر لەخۆی مارە دەکات، بەڵام زارێ زۆر ئازایانە بەرووبدا دەوەستێ و نایەڵی بەهیچ شێوەیەک بەگ لێی نزیک بێتەوە، ئا لەو کاتەدا(خدۆ) ی برا بچووکەکەی زارێ، بۆ ڕزگار کردنی خوشکەکەی تەقە لەبەگ دەکات و بریندارەی دەکات، بەڵام پیاوانی بەگ زوو فریای دەکەون و بەخەنجەر خدۆ دەکوژن، دوای ئەوەش کە بەگ چاک دەبێتەوە بە زۆرە ملێ زەماوەندی خۆی لە گەڵ زارێ دا دەگێڕێت، کە سەعید بەم هەواڵە تاڵە دەزانێ بۆ تۆڵەسەندنەوە خۆی و هەندێ لەهاوڕێیانی لەبەندیخانە ڕادەکەن ..

کاتێ بەگ لە بەردەم خۆ بەدەستەوە نەدانی زارێ دووچاری بێ ئومێدی دەبێت، بەئامانجی سووکایەتی پێکردنی، دەنگۆی ئەوە لەئاواییدا بڵاو دەکاتەوە کە گوایە زارێ کچ نیە، لە تۆڵەی ئەوەش سەرەو ژێر، زارێ سواری گوێ درێژێ دەکەن و دەموو چاویشی سواغ دەدەن و هەتکی دەکەن ، ئینجا لەناو تیرو توانجەوە بەئاواییەکەدا دەیگێڕن، تا لەو کاتەدا سەعیدو هاوڕێکانی دەگەنە ئەو شوێنەو تەیموور بەگ و پیاوەکانی دەکوژن، ئینجا زارێش لەگەڵ خۆیاندا هەڵدەگرن و ڕوو دەکەنە چیا ..

ئەم فیلمە لە ساڵی **1927** دوای فیلمی (ئایزنشتین) نیشاندراو دەنگدانەوەیەکی چاکی هەبوو لەڕۆژنامەکانداو بوو بەمایەی ڕەزامەندییەکی زۆری خەڵکی، بەڵام دەبێ بۆ میژوو خۆمان لەو ڕاستییە هەڵنەبوێرین کە فیلمەکە وێڕای ئەوەی سەرکەوتنەش نەگەیشتە ئاستی فیلمی (ناموس) ی هەمان دەرهێنەر

لەم فیلمەدا تێبینی ئەوە دەکرێت کە فیلمەکە کاریگەرییەکی زۆری (ئایزنشتین) ی بەسەردەوە، بە تایبەت لەڕووی بەکارهێنانی خەڵکی ڕەمەکی دوور لەناوەندی هونەریی، هەروەها لەڕووی دەربڕینی ڕوخساری سروشتی خەڵکی ساده و وردەی ژیانی ڕۆژانەی ئەوان بەشێوەیەکی ڕەمزی، هەروەها دەرهێنەر هەوڵی ئەوەی داوە کە ململانێی تاکە کەسی بگوازێتەوە بۆ ململانێیەکی گشتی و پەرەپێدانی هێڵی درامی ڕووداوەکان و پاشان تەقاندنەوەیان لە کۆتایی فیلمەکەدا بە شێوەیەک کە ئەم کۆتاییە دەستپێکێکی نوێ بێت بۆ ململانێیەکی تووندو تیژترو کاریگەرتر ..

(نزارۆف بەگ) لەڕێگەی کەسایەتیەکی وەک سەعید توانیوویەتی بەرجەستەی سیمای ڕۆژهەڵاتیانەو پۆزەتیفانەی پاڵەوانەکە بکات، جوامێری و بوێری و نازایی ئەو دەربخات، دەرهێنەر لەڕێگەی کەسایەتی سەعید–ەوە چمک و فەلسەفە نوێکانی خۆی بەکەسایەتیە مرۆییەکان و بەرەو پێشڤەچوونی هوشیاریی و تێگەیشتنی ئەوانەوە دەرنەبڕیوە، وەک (سابیرەزایف) لە کتێبی (سینەمای داستانی ئەرمەنی) دا کە ساڵی **1963**لە یەریڤان دەرچووە ، باسی لێوە کردووە، بەڵکو لەڕیگەی کەسایەتییەکی شێتی وەک خدۆی برای زارێ کە کەسایەتییەکەی لەکەسایەتی سەعید کەمتر نیە ئەمەی دەربڕیوە، چونکە گۆڕانکارییەکی گەورەو خیرای هەزری و دەروونی لەم کەسایەتییەدا درکی پێ دەکرێت،کە ڕەنگە ڕەسم کردنی ئەو کەسایەتیە لەکەسایەتی سەعید ڕوونترو ئاشکرا تر بێت، بینەر لەسەرەتادا تەنها وەک شێتێک ئاشنا بەخدۆ دەبیت، بەڵام لەگەڵ بەرەو پێشڤەچوونی ڕووداوەکان و ڕوو بە ڕوو بوونەوەی لە گەڵ جەندرمەکانی دەسەڵاتی قەیسەری و تەیموور بەگ و پیاوەکانی، هوشیاریی ئەو فرەوانترو قوڵتر دەبێتەوە، بەتایبەتیش دوای مردنی (زۆربا) و بەند کردنی سەعید . نزارۆف بەگ –لەڕێگەی کەسایەتی خدۆوە توانی بەقەد توانای لەسنووریێکی دیاری کراودا شتێک بخاتە سەر ئەو هەوڵانەی نراون بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانەی کە ڕوو بەڕووی سینەمای ساوای سۆڤیەتی ببوونەوە، بەتایبەت ئەوانەی کەپەیوەست بوون بەکاری بەرجەستە کردن و نەشوو نوومای کردنی کەسایەتی درامی لەسەر پەردەی سینەماوا، یان وەک ڕەخنەگری ناسراوی ڕووسی (تشیرنشیفسکی) لەزانستی ستاتیکادا ناوی ناوە (دیالیکتی ڕۆح).

نزارۆف لەم فیلمەدا توانی تا ڕادەیەکی زۆر لەکەشو هەوای کوردی و سیماو خەسلەتەکانی کەسایەتی کوردی نزیک بێتەوە، بەڵام لەم پێوانگەشەوە پرسیارێک دێتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئایا نزارۆف توانی ئەو سیماو خەسڵەتانەی گەلی کورد لەفیلمی (زارێ) شدا بخاتە ڕوو؟

دەڵێین نەخێر وەک پێویست ئەم ئاواتەی نێمەی بەدی نەهێناوە، لەبەر کۆمەڵێک هۆ، یەکێ لەوانە ئەوەیە کە دەرهێنەر شارەزایەکی ئەتۆی لەکولتوورو کەلەپووری کوردی نەبووە، ڕووداوی فیلمەکەش لەئەرمینیا بووە نەک لە کوردستان، ئامانجی سەرەکی دەرهێنەریش هەر ئەوە بووە کە چەند خەسڵەتێکی سیاسی و ئایدۆلۆژی و چینایەتی و قۆناغی ئەو سەردەمە نیشان بدات، کەمتر بەلای پرسە نەتەوەییەکانی کورد وەک نەتەوەیەکی پارچە پارچە بووی پەرشوبڵاو نیشان بدات، بەڵکو هەستی شۆڕشگێڕانەی چینایەتی بەسەر تەواوی فیلمەکەدا زاڵە.

ئەگەرچی دەرهێنەر لەهەندێ دەوردا پشتی بە چەند ئەکتەرێکی نەناسراو بەستووە، بەڵام نواندنێکی ئەوەندە ڕێکو پێکییان کردووە کە بینەر جودایییەکی ئەتۆزلە نێوان ئەکتەری ناسراوو ئەکتەری نەناسراودا نەکا، دەشتوانین ئەوە بڵێین کە بەهۆی ئەو هەلو مەرجە تایبەتیەی لە کاتی تۆمار کردنی فیلمەکەدا هاتوونەتە پێش و لەبەر کەمی ماوەش زۆر وردەکاری گرنگ لە دەست دەرهێنەر دەرچوونە، ئەگەرچی فیلمەکە لەرەسەندا بەپێدەنگ تۆمار کرابوو، بەڵام دەرهێنەر توانی لەسییەکاندا دەنگ بخاتە سەر فیلمەکە، ئێستاش تەنها دوو دانە ل فیلمەکە لە مۆسکۆ پارێزراوە، یەکێکیان بەزمانی ڕووسییە.

ساتەکانی نێوان مەرگ و ژیان لە ڕۆمانی شورەییدا



سەدیق سەعید ڕواندزی

ڕۆمانی شورەیی، چیرۆکی تووندوتیژی ئیسلامییە تووندڕۆکانی بەنگلادیش بەرامبەر هیندۆسەکانی ئەو وڵاتە بەگشتی و خێزانێکی هیندۆسیش کەلە شاری تیکاتۆلی دەژین بە تایبەتی دەگێڕێتەوە. چیرۆکێک کە هێمای دڵڕەقی و شکاندنی شکۆی مرۆڤ و بێ بەها کردنیەتی، لە پەراوێزی ناسنامەی ئایینی.سەرەتای ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە بە ڕووخاندنی مزگەوتێک لە وڵاتی هیندستانەوە لە نیوەی یەکەمی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوولەلایەن دەوڵەتەوە دەست پێ دەکات. مزگەوتەکە ناوی(بابری) یەو کەوتۆتە شوێنێکی هیندۆس نشین. ئەم ڕووداوە، لە ئاستی ناوخۆیی و دەرەکیدا، کاردانەوەیەکی توندی لێدەکەوێتەوە و بەو پێیەی ئیسلامییەکان بە پیلانی هیندۆسەکانی دەزانن و زۆربەی دانیشتووانی هیندیش هیندۆسین، ئیدی هیندۆسەکانی وڵاتی بەنگلادیش، لە تۆڵەی ڕووخانی مزگەوتەکەوە دەکەونە بەر شاڵاوی دەستدرێژی ئیسلامییەکانی بەنگلادیش و هەزاران شوێن و پەرستگەی ئایینی هیندۆسەکان وێران و خاپوور دەکەن و هاوکات هەزاران گەنج و ژنی هیندۆسیش دەڕفێنن و ئەتکیان دەکەن و دەیانکوژن. ڕۆمانەکە، چرکەساتی ڕووداوەکان لە سەردەمی خێزانێکی هیندۆسی دەگێڕێتەوە. چرکەساتێک کە دەکەونێتە نێوان مەرگ و ژیان و هەموو کاتێک مرۆڤ لە چاوەڕوانی ئەوە دایە بکوژرێت.ئەو خێزانە لە دایکێک و باوکێکی خانەنشین و کچێکی گەنج و برایەک پێکهاتووە، دوای ئەوەی هیندۆسەکانی بەنگلادیش دەکەونە بەر تووندووتیژی، ئیدی ئەو خێزانەش وەک هەموو خێزانێکی دیکە، دەکەونە بەر دەستدرێژی وباجی ڕووخاندنی ئەو مزگەوتە دەدەن کە سەدان میل لەوانەوە دوورە.



سودهاموی باوک پزیشکێکی خانەنشینە ،پێشتر بۆ ساڵانێکی زۆر لە ڕێزی ئازادیخوازەکانی بەنگلادیش لە پێناو سەربەخۆیی وڵاتەکەی جەنگاوە، وەک تێکۆشەرێکی ڕێگای نیشتمان، باوەڕی بەوە هەبووە، کە وڵات لە دەستی پاکستان ئازاد دەبێت و دەبنە خاوەنی خاک و ئاڵاو نیشتمانی خۆیان. هەربۆیە بەنگلادیش بە وڵاتی ڕاستەقینەی خۆی دەزانێت و لە سەرەتادا ئامادەنییە وەک سەدان هەزار هیندۆسی تر، کۆچ بکات بۆ هیندستان. سودهامو بڕوای وایە، بەنگلادیش هەر تەنها وڵاتی ئیسلامییەیەکان نییە، بەڵکو هی هندۆسەکانیشە،چونکە هەموویان بێ جیاوازی بۆ ئازادبوونی تێکۆشاون، کە واتە بۆچی دەبێ مافی ئەوەی نەبێت لەوڵاتێک بژی کە خۆینی بۆ داوە و تێکۆشانی لە پێناودا کردووە؟بۆیە لە نێوان ئەودۆخە پڕ لە ترس و دڵڕاوکێییە دەمێنێتەوە. ڕۆژانە بڵیسەی تووندووتیژییەکان زیاتر دەبێت و ئیسلامییەکانی بەنگلادیش ڕووخانی مزگەوتی بابری دەکەنە پاساوێک بۆ ئەوەی هیندۆسەکانی وڵاتەکەیان ئازار بدەن و بیانچەوسێننەوە.سورنجان کە کوڕی سودهامویە، گەنجێکی بێ کارە، بڕوای وایە بەنگلادیش کەوڵاتێکی ئیسلامییە، هەرگیز نابێتە وڵاتی هیندۆسەکان و ئەو خەباتەی باوکی کردوویەتی، هەرگیز ناتوانێت هاوشێوەی ئیسلامییەکانی لێ بکات. چونکە ئەوان ئایینێکی جیاوازیان هەیە و شوێنی ئەوان هندستانە. بەڵام خێزانەکەی ناتوانن بە ئاسانی پشت بکەنە نیشتمانێک کە بە هی خۆیانی دەزانن، گەرچی دڵنیاشن لەوەی کە هاوشێوەی هەزاران هیندۆسی دیکە، ئەوانیش دەکەونە بەر شاڵاوی ئەو تووندووتیژییانە و باجی هیندۆسیبوون دەدەن.سودهامو باوکی بەردەوام ئەو پرسیارە دەکات کە بۆ دەبێ لە وڵاتی خۆی نامۆ بێت و بڕوات؟ لە کاتێکدا وەک هەموو ئیسلامییەکان خەباتی لە پێناو سەربەخۆیی بەنگلادیش کردووە. وەلێ هیندۆسەکان وەک تەنێکی نامۆ دەبینرێن و بە هاووڵاتی کەمتر لەوانی ترتەماشا دەکرێن و بەنگلادیشییەکان پێیان وایە دەبێ ئەوان بچنەوە لای هیندۆسەکانی هیند. دوای ڕووخانی مزگەوتەکە، پرووشکی تووندووتیژییەکان بەنگلادیشیش دەگرێتەوە و بەو هۆیەوە هەزاران شوێن و جێگە و پەرستگەی هیندۆسەکان لە تۆڵەی مزگەوتەکە لەلایەن ئیسلامییەکانەوە دەڕووخێنرێت. سەدان کچ دستدرێژییان دەکرێتە سەر، هەزاران ماڵ دەسووتێنرێن و خاپوور دەکرێن. خێزانی سودهاموش، وەک هەموو هیندۆسەکانی دیکە لە نێو ئەو ترس و دڵە ڕاوکێیەدا دەمێننەوە و ڕۆژانە لە چاوەڕوانی ترسی ئیسلامییە تووندڕۆکان دانە ئاخۆ کەی پەلاماری ئەوانیش دەدەن.ژیانی ئەو خێزانە، هاوشێوەی هەموو هیندۆسییەکانی تر، کە لە تۆڵەی ڕووخاندنی مزگەوتی بابری، کەوتۆتە ترس و فۆبیاو لە چاوەڕوانی کوشتندان. مایای کچی ئەو خێزانە، لە هەمووان زیاتر هەست بە ترس دەکات، چونکە ئەو لەلایەکەوە کچە و لەلایەکی دیکەشەوە هیندۆسیشە. بۆیە هەموویان ترسیان هەیە مایاش وەک کچەکانی دیکە بکەوێتە بەر ئەتککردن. لە نێو ئەو دۆخە ناهەمواڕەدا، سودهاموی سەرۆک خێزان، نۆرەی مێشک لێی دەدات و نیوەی جەستەی دەمرێت و لە نێوجێگەدا دەکەوێت. ڕۆژێکییان، کە سورنجانی کوڕی لە مالەوە نییە، چەند گەنجێک هەڵدەکوتنە سەر مالەکەیان و بە داخەوە مایای خوشکی دەڕفێنن. ئەم ڕووداوە بۆ خێزانەکە بەگشتی و سورنجانی بۆای مایاش بە تایبەتی، تراژیدیاو کارەساتێکی گەورەیە، مایا ئەگەرچی پێشتر خۆی لە ترسی ئیسلامییە تووندڕۆکان حەشاردابوو، مالی جێهێشتبوو، بەڵام دواتر دەگەڕێتەوە مالەوە. بڕاکەی دەزانێت ڕفاندنی کچێکی گەنج یانی چی؟ دەزانێت تۆڵە کردنەوە لە کچی خێزانێکی هیندۆس چۆن و بە چ شێوەیەک دەبێت. بۆیە نائومێدییەکی گەورە دەیگرێت و هەموو کوچە و کۆڵانەکانی شار بە دوای مایادا تەی دەکات بەڵام نایدۆزێتەوە و دواجار چارەنووسی ئەویش وەک چارەنووسی ئەو کچانەیە کە بەدەستی ئیسلامە تووندڕۆکانی بەنگلادیش لە تۆڵەی ڕووخانی مزگەوتی بابری دەڕفێنرێن و ئەتک دەکرێن. خێزانی سودهامو، کە تا ئەو کات خۆیان لەبەردەم هەموو ئەو سەختییانە ڕاگرتبوو، بەڵام بە ڕفاندنی مایا دەڕووخێن ودەزانن تازە گەڕانەوەی مایا مەحاڵە ،بۆیە دوای ئەو کارەساتە، سودهامو دەگاتە ئەو باوەڕەی کە ئیدی بەنگلادیش وڵاتی ئەو و هەموو هندۆسەکانی تر نییە و دەبێ کۆچ بکەن بۆ هیندستان، بۆیە لە بەیانییەکی زووداو، دوای ئەوەی بە تەواوەتی دڵنیا دەبن کە مایا ناگەڕێتەوە بۆ هەتایەو دەبێ هەر چاوەڕوان بن، بە نهێنی ئەو وڵاتە جێدێڵن و کۆچ دەکەن بۆ هیندستان. بەمەش کۆتایی بە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە دێت. ئەم ڕۆمانە، دیوێکی تووندووتیژییەکانی مرۆڤ بەرامبەر بە هاوڕەگەزەکەی،پیشان دەدات. ڕۆمانێکە، جیاوازییە ئایینی و نەتەوەییەکانی گەلانێک دەخاتە ڕوو کە ناتوانن بەیەکەوە بژین و هەریەکەیان ئایینی تایبەتی خۆیان هەبێت، لە کاتێکدا دواجار هەموشیان هەر مرۆڤن. ئەم ڕۆمانە پێمان دەڵێت چۆن دەبێت مرۆڤ هێندە بێ باک و درندە بێت، کە بەئاسانی هاوڕەگەزەکەی بکوژێت و ئەتکی بکات.ڕۆمانێکە لە پەراوێزی خوێندنەوەیدا، مرۆڤ شەرم دادیدەگرێت کە هەمیشە بێ بەهاترین شت لەو گەردوونە خوێنی مرۆڤ بووەو دەبێت!!!.دواجار دەستخۆشانە لە وەرگێڕی ڕۆمانەکە دەکەم، کە بەشێوەیەکی جوان و سەرکەوتووانە ڕۆمانەکەی وەرگێڕاوە و خوێنەر چێژ لە خوێندەوەی دەبینێت.

*** پەراوێز: شورەیی/ڕۆمان/ نووسینی(تەسلیمە نەسرین)/ وەرگێڕانی ئەردەلان هەڵەبجەیی.**

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/10/24 ژمارە (5856)
خەبات

سینۆگرافیا و بابەتی دیکە



ئاکۆ عەبدوڵا

ئەم ساڵ بە تیراژی 500دانە، کتێبی سینۆگرافیا و بابەتی دیکە لە چاپخانەی نرکال لە شاری موسل چاپکرا و خرا بەر دیدەی خوێنەران. ئەو کتێبە لە کۆمەڵێک وتاری تایبەت بە هونەری شانۆ پێکهاتووە. لە لایەن نەجمەدین ئەسعەد رەزا لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕدراون و ئامادەکراون. لەبەر ئەوەی ناوبراو دەرچووی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی شاری موسلە، لە ساڵانی هەشتاکانیش وەک لاوێکی دەرچووی ئەو بواڕە و لەسەر سەکۆی شانۆکانی شاری هەولێر رۆڵی گێڕاوە، بۆیە زۆر لێهاتوانە بابەتەکانی هەڵبژاردووە و بەشێوەی ئەکادیمیش مامەڵەی لەگەڵ کردوون. گرنگیەیە سەرەکیەکەی کتێبەکە لە پێکهاتەکەی بەدیدەکرێ. چونکە وتارەکانی ناوی لەلایەن کەسانی شارەزا و پسپۆر لە بوارەکە بە زمانەکانی عەرەبی و بیانی نووسراون، کەواتە روبەرێکی فراوانی لە بۆچوون و زانیاری و شارەزایی نووسەرانی گرتۆتەخۆ.



وتارەکانی پێشەوەی کتێبەکە تایبەتە بە سینۆگرافیا سەبارەت بەو زاراوەیە لە لاپەڕە 10هاتووە (زاراوەی سینۆگرافیا وشەیەکی لێکدراوە، لە دوو وشەی سەرەکی پێکهاتووە: سینۆ بە واتای وێنەیەک دێت کە هەڵگری دیمەن بێت و گرافیاش بە مانای وێنەگرتن دێت. بۆیە سینۆگرافیا وەک زانست و هونەر بایەخ بە ڕێککخستنی تەختەی شانۆ دەدات) دواتر نووسراوە (سینۆگرافیا پشت بە چەندین زانست و هونەری ئاوێتەبوو بەیەکتر دەبەستێت).

سەبارەت بە گرنگی سینۆگرافیاش لە لاپەڕە 9 هاتووە (کاری سینۆگرافەر بەیەکێک لە گرنگترین ئەو کارانە دادەنرێت کە حوکمی خۆی دەدات لە نمایشی شانۆییدا و لە دەرهێنانی درامایشدا بەتەواوەتی پشتی پێدەبەستێ). دواتر بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر لە لاپەڕە 12هاتووە (سینۆگرافیا هونەری هەماهەنگی کردنی پانتاییە، یان ڕێککخستنی نێوان پانتایی و نمایشی شانۆییە... کە ئەویش خۆی لە خۆیدا پێکهێنەری ئەو چوارچیوەیەیە کە رووداوەکان لە خۆی دەگرێت).

سەبارەت بە پێگەی سینۆگرافیاش لە مێژووی شانۆدا، لە لاپەڕە 9هاتووە (لە کۆندا نووسەری شانۆیی کاری سینۆگرافیا دەکرد، ئەمەش لە دوای دەرکەوتنی دەرهێنەر لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمی زایندا دەرهێنەر خۆی کۆنترۆڵی تەختەی شانۆ و ئەکتەرەکانی کرد، بەڵام ئەمڕۆ سینۆگرافیا بووە بە هونەر و زانستێکی سەربەخۆ و کەسێکی تایبەتیش کە سینۆگرافەرە کاری لەسەر دەکات). هەر سەبارەت بە پێگەی سینۆگرافیا لە لاپەڕە 70 هاتووە (زاڵووونی سینۆگرافیا دەبێتە هۆی وەرگرتنی پێگەیەک کە پێویستە لەناو نمایشی شانۆی نوێدا ڕێزی لێبگیرێت، لەبەر ئەوەی کە پڕ دەبێت لە وێنەی ئاسایی (واتە شانۆیی) کارتێکەرە دیمەنیەکان و تەکنیکە ژمارە ئامێرەکان و قیدیۆ و یارییە ڕۆشنکەرەوە و ڕەنگا و ڕەنگەکان).

بێگومان وەک لە ناونیشانی کتێبەکە دیارە، تەنیا تایبەت نییە بە سینۆگرافیا بەڵکو بابەتی دیکەشی گرتۆتەخۆ لەوانە (کورتەیەک لە مێژووی دەرهێنەر لە کۆن و نوێدا) و (بێهوودەیی و مرۆڤ لە شانۆی ئەلبێر کامۆدا) و (پانتایی سیمیۆلۆژییانەی کارکردنی ئەکتەر) و (شانۆی نوی یابانی) و (شانۆی ئەزموونگەری نوێی جیهانی) و (چەند زاراوەیەکی پەیوەست بە دەرهێنانی شانۆیی). ئەوانە و بابەتێکیش دەبینین کە تایبەتە بە بایۆگرافیای ئەندرێ سیربان. دواتریش چەندان وتار دەخوێنینەوە کە تایبەتن بە شانۆی منداڵ، بەو بۆنەیەش دەقێکی شانۆیی هەیە بەناوی (بزن و کاریلەکانی) کە لە حەوت پەردە دایە و لە لایەن عبدالفتاح ابو معال نووسراوە و لەسەریشی نووسراوە تایبەتە بە منداڵانی تەمەن 9 تا 11ساڵ.

دەکرێت بڵێین جگە لە سینۆگرافیا و شانوی نوی ژاپۆنی و شانۆی منداڵان، لەناو بابەتەکانی ئەو کتێبە، خوێنەر کەم تا زۆر ئاشنای ستایلە شانۆیەکانی کەسانی وەک (ماکس ڕینهارت) و (مایەر هۆلد) و (لیۆپۆلد جیسنەر) و (برتۆلد بریخت) و چەندانی دیکە دەبێ. ئامادەکار و وەرگێڕ لە کۆتایی هەندێک لە وتارەکان پەراوێزی داناوە، بۆ ئاماژەدان بە سەرچاوە و شوێنی دەقەکان کە لە کتێب و گۆڤار و ماڵپەرەکانی ئینتەرنێت وەریگرتوون، بەڵام بۆ هەندێکیان بە وردی و دروستی زانیاریەکانی تۆمارنەکردووە. وێڕای دەستخۆشی، بە هیوای هەوڵ و بەرهەمی دیکەین.

حەسەن حەیران
حەیرانبێژی شۆڕش و بەرگری



جەمال گردەسۆری

پێشەکی: حەسەن حەیران ئەو مرۆڤە بوو، کەتوانی مێژوویەک بۆ خۆی دروست بکات نەوەی ئێستاو دوارۆژ شانازی پێوە بکەن، وەک کەسێکی کورد پەروەرو حەیرانبێژێکی لێهاتوو هەریەکەی لەم بواڕە ئەو مرۆڤە دەناسن، عیشق و ناسینی بەندە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵیم لە یادمە لەساڵی 1975بەر لە نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لەگەڵ دایکم و کاکم کەمال لە گوندەکەمان گوندی گردەسۆر دەچووینە گوندی سۆفی ئیبراهیم مالی خاڵمان لەوێ بوو لەنزیک گوندی سۆفی ئیبراهیم چەند چەکدارێک لەسەر ڕێگا دانیشتبوون بە موسەجەل کاسێتی حەسەن حەیران خرابووە سەر دەنگی لەدووڕەوە دەهات.

بەشی دووەم



-12-
دەڕێم ئەوڕۆ بەوێ هێوارێ
چەندی گاز دەکەم و گاز دەکەم
نازانم بە کێندەرێدا هەر بڕێم
چاوەکەم دەڕێم لە بانان لە بانی کۆڕێ
دەبا گەردەنی ئەو غەدار داکەی لەبۆ من
بمینێ
بە گەردەنی قورینگەکانی شاپەڕ بە خوناو
وەکی هەموو فەسڵێ دەرە بواران
قیپڕەی دێ لەساکە گۆڕێ
ئەمن دونێ لە مەرکەزێ ژوانێ
گەلە بە درەنگەوە گەیە دوو چاوێ بەرەک
دەمگۆ دەبینە لەبۆ خۆ
دەستەکی باوێمە سەر ملێ بەکەزی
بە دەستێ دی بترازێنم کلیلی سنجاقان
دەربینم جۆتە شەمامە شەمامان
دەچمەوە وراتەکەی غەریبان
درت گەلە گەلە ناسکە غەدار داک
نەوەک مەیلت بگۆڕێ.
-13-
چەندی گاز دەکەم و گاز دەکەم
بابە ئەوڕۆ بەوێ هێوارێ
چەندی گاز دەکەم و گاز دەکەم برام
سێتاقان لەمن ئەوبەر ئەوبەرە
ئەوە دەڕێم جادەکەی کۆێ
لە من ئەوسەر ئەوسەرە
کۆشکی ماری بابی نازدار حەیرانەکەی من
لە من بە تاق و پەنجەرە
ئەوی غەداری غەدار داک
جۆتەکی تیرانیان لە جەرگی دایە
یەکەکیان ناوی خەجیجە
ئەوی دی ناوی ئەسمەرە
ئەمن دونێ گەلە بە درەنگەوە
لە مەرکەزی ژوانێ گەیە دوو چاوێ بەرەک
دەگۆ دەوەرە لە بۆ خۆ بترازێنە
کلیلێ سنجاقان
بە دەستی دی دەربینە
جۆتە شەمامە شەمامان
ئەوڕۆ لەگوندەگەیە
شایی و گۆوەندە
نازانی لە من و دری تووە
ئاخە لەگەر کەسەرە.
-14-
دەڕێم لە زووری
لەبۆت نەمینێم پەرچەم شێ
دەڕێم لە زووری
وەللا دەڕێم لە زووری ما زووری
دەبا چاوی تووە لە بۆ من بمینێ
بە چاوی کارو کار غەزالەکانی سورخنی
جا وەکی دەلەوەڕێتەوە لە دەشتی کاولە
قەراجی
هەموو دانی سبەینان گەلە گەلە بە نازی
کێشتاوی خۆی دەخاتەوە
لە جۆگەی مەخموری
ئەمن خۆزی بە خۆزی داران
جۆتەکی ڕاموسانم قەردبایە
لەوێ غەداری غەدار داک
یەکەکیان وەکی سۆر دەبی لەبەر هەرمێ ئاگری
ئەوی دی دانی هێواران
وەکی دادەنیشی لەبەر تەونی
دەست دەگەینتە مقەسەکی ئینگلیزی
گەلە گەلە بەنازی
بە درەکی خەمبار فرمێسکان بەردەداتەوە
بەسەر ڕوومەتێ سۆری گور گوری
گەلە بە درەکی بەخەم
دەبڕی گورینگەی مافوری.
-15-
چەندی گاز دەکەم و گاز دەکەم
دەڕێم خۆزیا بە خۆزیاداران
دەبا ئەمن کوریکەک باما لە کوریکی
لەیلایێ
ئەوڵ فەسڵی دەرە بواران
شێ بباماید لەسەر قەراتی پیرە هەولێری !
هەموو دانی سبەینان
دەبا بەرێ خۆم دابایە
هەردوو دەرکێ سەرایێ
ئەمن دونێ لە مەرکەزێ ژوانێ
لە من وابی خەبەرەکیان دەدامێ
لە من وایە دەگەمە مرازو مەخسودێ دنیایێ
نەمدەزانی لە پێیانم دەکەنەوە سندمێ
لە دەستانم دەکەنەوە کەلەمچێ
گەلە گەلە بەدرەکی خەمبار دەمبەنەوە
لە بۆ شارەکەی حەفت قۆناغ لە خوار
بەغدایێ.
-16-
دەڕێم بابە ئەوڕۆ بەرێ هێوارێ
چەندی گاز دەکەم دەڕێم
زێیێ بادینان لە من دێیو دەسافێ
لە بۆت نەمینێم پەرچەم شێ
دەڕێم زێیێ بادینان لە من دێیو دەسافێ
شەپۆلی خۆ دەداتەوە
لە جسرێ کەرەکێ
لە حاوێ مەلا عومەرو چەمە دوبزان
گوێڕو زمارەو زماران
هەموو دانی هێواران گەلە بەنازی
پارێ خۆ دەداتەوە
بە گردەکەی کاولە کوشافێ
دەبا سینگ و مەمکی
ئەوی غەداری غەدار داک
لە بۆ من بمینێ
بە گومەتەکەی سولتان عەولای عارەبی
وەکی هەموو فەسڵی دەرە بواران
جاحێرەکانی در بەغەم
لە بۆ خۆ گەلە بە درەکی بەخەم
لێ دەکەنەوە زیارەتا
لەگەر تەوافێ.
-17-
دەڕێم بابە لەبەر گەلی دۆست و برادەران
ئەمن نازانم بە کێندەرێدا هەر بڕێم
چاوەکەم دەڕێم لە سیلان لە سیلەی مزگەفتێ
ئەمن لەبۆ خۆم بەتەما بووم
بەوێ فەسڵی دەرە بواران
بە مرازو مەخسودێ خۆم بگەم
لەگەر دوو چاوی بەرەک
ئەمن نەدەزانی پیرە کوردستان
کۆسپەی دەیەختێ
ئەوە ماری بابی حەیرانەکەی من لێی دەناوە
دەپەڕیەوە لە کەندێ کەندێناوێ
شۆڕ دەبوونەوە لە کلکەیێ قەرەبێتک و
قەرەبۆتکان
وەکی دەکێشی سەری شێوەرێ
دەڕێی قورینگە گەردەنی خۆی هەر دەکێشا
دەزانم هەواریان گەلە دووڕە
هەریان دەدا
لەدەو کاولە شەتێ
دەوجا کێژ دەرێ
عەزیزێ بە درێ خۆم
بترازێنە کلیلی سنجاقان
دەربینە جۆتە شەمامە شەمامان
هەر مژە خارێ گەردەنێ
بۆنکە گەڕی خەناوکان
بەینی مۆری و مەرجانان
گەلە عاشق سەری خۆیان نایەوە بن گری
گەلە مەترسیم هەیە
لەسەر درمان
ببیتە کولکە
لەگەر خەفەتێ.
-18-
دەڕێم دیسان خەمی دنیایێ
ئەوڕۆ بەوێ هێوارێ دەڕێم
لە درێ کاکینگۆ دەیان کرد تەگبیرە
لەگەر هەرایە
لۆت نەمینێم گەردەن کێل
دەڕێم خەمی دنیایێ
دیسان لەدرێ من دەیان کرد
وەللا تەگبیرە لەگەر هەرایە
ئەمن سەت حەیف و دوازدە مخابنێ
دنیاییم دەمینێ
لە بۆ کۆرپە کیژۆرەکانی پەرچەم شێ
لە نیوەی باری شەوێ
هوردە فرمێسکان بەردەداتەوە
سەر ڕوومەتا سۆری گور گوری
گەلە گەلە بەدرەکی خەمبار
کەلەکان دەگۆڕی
هەر بە تەنهایە
دونێ گەلە بە درەنگەوە
لە زاری کۆرانێ گەیێ
دەیگۆ لاوێ نەرمۆکە دەتو وەرە
لە بۆ خۆ بترازێنە
کلیلی سنجاقان
بە دەستی دی دەربینە
جۆتە شەمامە شەمامان
ئەتو نازانی گولەکەی مێران
بە خودای بوویتە کندرەکی حەلەبێ
لەملان شەتایە.
-19-
دەڕێم بابە ئەوڕۆ بەوێ هێوارێ
دەڕێم خۆزیا بە خۆزیداران
دەبا ئەمن کوریکەک باما
لە کوریکی نەورۆزێ
شێن ببامایە لەسەر قەراتێ
نەوەللا بابە دەڕێم شێن ببامایە
ئەوڵ فەسڵێ دەرە بواران
لەسەر قەرەچوغا ڕەنگین
هەموو دانی سبەینان
سەبارەتێ بە کۆرپە کیژۆرەکانی دزەییان
شل وملان
پەرچەم شێیان
باغەر شۆڕان
دەبا ئەمن سەری خۆم دەربهینابا
لە بەینی غوبارەو تۆزێ
ئەمن دونێ لە مەرکەزی ژوانێ
گەیە ئەوی غەداری غەدار داک
دەبینە لەبۆ خۆ
دەستەکێ باوێمە
سەر ملێ بەکەزی
بە دەستی دی
دەرینم جۆتە شەمامە شەمامان
دەرێن سبەینێ جێژنەیە
خەرک و عالەمێ گوندێمە
دەچنەوە سەر چاکەکەی
سولتان عەولای عارەبی
دەبا ئەمن و تۆو لەبۆ خۆ
گەلە گەلە بە نازی
لێرە بکەین جێژنە
لەگەر پیرۆزی.
-20-
ئەوڕۆ بەوێ هێوارێ دەڕێم
چەندی گاز دەکەم و گاز دەکەم
بابە لەبەر غەمێ دنیایێ
ئەمن نازانم بە کێندەرێدا هەر بڕێم
چاوەکەم سبەینان لەگەر گەزەنگی ڕۆژێ
وەکی دێتەوە لە ڕێی سراوێ
دەڕێم ڕفت و ڕۆینی گەلە گەلە لەم گێزە
کیژ دەرێ چاوەکەم دەتوو وەرە
لەبۆ خۆت دەستەکی باوێ سەر ملێ بە
کەزی
بە دەستەکی دەربینە
جۆتە شەمامە شەمامان
هەر مژە خارێ گەردەنان
بۆنکە گەڕی خەناوکەو
مۆری و مرجانان
گەلە گەلە بەنازی
لەبۆ خۆ قەفا سمێرە سوسنی
لە بەینی گوارەو خەزێم سەر گۆزە.
-21-
کیژ دەرێ چاوەکەم دەتوو وەرە
لەبۆ خۆ بە دەستەکی بترازێنە
کلیلی سنجاقان
بەوی دی بگرە
جۆتە شەمامە شەمامان
گەلە گەلەک عاشق سەری خۆیاننا لەبن
گری
گەلەک مەترسیم هەیە
نەوەک بەوێ فەسڵی دەرە بواران
لەسەر درمان ببیتە کولاو ماخراتێ
بابە دەڕێم سەریا من گەلە دێشی
درم دێی و دەلەکێ
دەمگۆتە گەلی دۆست و برادەران
دەوەرن بەوێ فەسڵی دەرە بواران
دەبا بە عام زەینێ خۆ بدەینە قەرەچوغا
ڕەنگین
دەبا بزانین کوریک و حاجیلەو بەیبونان
بەوێ فەسڵی دەرە بواران
وەی بابە دەڕێم
دارەبان لەگەر پەلکێ
ئەوجا کیژ دەرێ حەیاتەکەم
بە درێ خۆم
ئەتوو وەرە
بە دەستەکی باوێ سەر ملی بەکەزی
بگرە جۆتە شەمامە شەمامان
خۆ لە خەرک و عالەمێمەدا دیارە
واتازە دادەنێی خەتی سمێرا
لەبۆ خۆ گەلە گەلە بە نازی
خڕ دەکەمەوە بنێ مەمکێ.
-22-
دەڕێم بە چاوی من بڕۆننێ ساماڕە
برام ساماری شینە
دونێ لە مەرکەزی ژوانێ
گەیە دوو چاوی بەرەک
دەمگۆ وەرە چاوەکەم
بزانم لۆچی عاجز و در بە غەم و غەمباری
گفتو گۆی جارانت لەگەر من نینە
چاوی ڕەشی هەر دەینی لاوی نەرمۆکە
وەمزانییە جۆتەکی یارانت
لەسەرە من گرتینە
دەڕێم قسەی توو ڕاستە چ درۆی تێنینە
دەتوو وەرە
ناوی ئەوان کۆرپە کیژۆرانت لۆ بەیان کەم
کێنە
یەکەکیان فاتمە سۆری خەیلانییە
ئەوی دی خەزارە شۆڕی مەلا نەبییە
ئێمەنی سۆرە گۆزیێ چەلینە
ئەوە شەوێ زستانێ ساردو سەرمایە
یەکت لۆ دەکەم بە کۆڵەواریێ چاوەکەم
بە خوای ئەویتکە دەکەم
بە لانک ژینە.
-23-
بابە دەڕێم چەندی گاز دەکەم و گاز دەکەم
دەڕێم دری من بە خۆف و قەراتە
سەبارەتێ بە دوو چاوی بەرەک دەڕێم
قەت نابم ڕازی
ئەمن بە ژنی باریکێم دەشوبهاند
بەکارو کار غەزالەکانی سۆرخونی
چاو لەوەکی دەلەوەڕێتەوە
لە بانی گردەسۆری
لەبەر عەوەت عەوەتی برایمە سواران
فەرمێ مامزان
قاژێ برنۆیان
گەلە گەلە بەنازی
لە دوای داکە
بابە دەڕێم دەپەڕییەوە
لە جۆگەی شاقازی
ئەوجا کیژ دەرێ شەوی زستانان
جۆتە شەمامە شەمامەکانی
ڕۆستەم بەگی
سەری مانگ و مانگان
لەبن کراس و کەوێیە
دەوەرە بەوێ فەسڵی دەرە بواران
دەستانی لێبەردە
یان لەبۆ بەردا
یا ئەوەتانە بمخوازی .



360خولەکە یانەی هەولێر تامی بردنەوەی نەچێشتووە


ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

بەروارى 22/10لەگەڕی چوارەمی خولی نایابی تۆپی پێی عێراق لەسەرجەم یاریگاکانی عێراقدا چەندین یاری گرنگ ئەنجام دەدرا، لەوانە لەشاری هەولێر و لەیاریگای نێودەوڵەتی فرەنسۆ هەریری، هەردوو یانەی هەولێر و زاخۆ بەهەردوو ڕاهێنەرە تازەکەیان ڕادان یاسانین و عەلی هادی ڕووبەرووی یەکتربوونەوە، یاریبەکە بەسەرپەرشتی ڕاهێنەرە تازەکەی یانەی هەولێر ڕادانی کڕواتی بەریتوەچوو، بەڵام ئەمجارەیان یانەی هەولێر لەژێر سەرپەرشتی ئەو ڕاهێنەرە کڕواتییە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا و دوای ئەوەی بەرانبەر یانەی زاخۆ بەگۆڵێک بۆ هەردوولا یەکسانبوون، ئەگەرچی لەهەردوو گێمدا تیپی خاوەن یاریگا باشتر دەبێندران لەتیپی میوان، بەڵام چانس وبەخت لەیاریبەکەدا یاوەری هەولێر نەبوو، یاریبەکە بەیەکسانبوونی هەردوولا کۆتایی هات و هەردوو یانە چوار گەڕە هیچ بردنەوەیەکیان تۆمار نەکردووە، بەتایبەتی یانەی زاخۆ لەچوار یاریدا تەنها یەک خاڵی هەیە و لەدواوی هەموو یانەکانی خولی عێراق دەبێندرێت.

ئەنجامی یاریبەکانی گەڕی چوارەمی خولی عێراق بەمشێوەبوو:

نەفت *3دیوانیە 1	
نەفتی ناوەراست *2سەماوە 1	
سناعات کارەبا *2ئەلقاسم 0	
زەورا *2مینا 2	
نەفت نیسان *2شورتە 2	

بڕیار بەدەستەکانی وەرزشی عێراق بە پیلان کوردستان فەرامۆش دەکەن



سامان بریفکانی

بڕیار بەدەستەکانی وەرزش لە عێراق خەریکن بە تەواوی لە هەموو بابەتێکی پەیوەندیدار بە وەرزش، کوردستان فەرامۆش دەکەن، هەرچەندە کاتی خۆی دەرگای شارەکانی هەرێم بۆ سەرجەم چالاکی و تیپەکان والآ بوون و هەموو چالاکییە گرنگەکان لێرە ساز دەکران. بڕیاربەدەستەکان ئەگەر چی ناوی کوردیشیان تێدایە، بەڵام مەبەستیانە لەم دۆخەدا (کاتێک شارەکانی دیکەی عێراق) هیچ خاڵێکی ئارامی و تەناهیی تێدا بەدی ناکرێ، شارە ئارامەکانی کوردستان فەرامۆش بکەن، ئەوەتا فایلەکانی یاریگەگانی کەربەلا و بەسرە دەخرێنە بەردەم یەکێتیی نێودەوڵەتیی فیفا بۆ میواندارێکردنی بۆنە نێودەوڵەتییەکان، کەچی ناوی یاریگەی فرانسۆ حەریری نابیستین لەو میوانداریانە. ئەوەتە یارییەکانی هەڵبژاردەی عێراق بۆ پالاوتنی دووانەی ئاسیا بۆمۆندیالی قەتەر و کۆتاییەکانی ئاسیا 2023 لە بەسرە بەڕێوە دەچێت و یاریگەی کەربەلاش پالاوتنەکانی لاوانی ئاسیا لە تۆپی پێ لەخۆ دەگرێت، بۆیە پێویستە رێگە لەو فەرامۆشکردنە بگیرێت ئەگەر بە پیلان کرابێت، ئەگەر نەشکرا، بە یەکجاری دەرگاکان دابخەن و لە کاتی تەنگانەشدا گوێیان پێ نەدەن.

گرانیت شاکا گلەیی لە ئیقرا دەکات

گرانیت شاکای یاریزانی لاوی یانەی ئەرسنالی ئینگلیزی وەڵامی پاتریس ئیڤرای یاریزانی پێشووی یانەی مانچستەر یونایتد دەداتەوە و نیگەرانی خۆی دەردەبڕێت کە کەسایەتییەک لەم ئاستەدا بەو شیوەیە باسی بکات.

شاکا لەوەڵامی ئیڤرا دەڵێت: خەڵکێکی زۆر قسەدەکەن، ئەوە یەکەمجارە قسە لەدژی ئێمە دەکرێ، ڕێزو ئیحترامی زۆرم هەیە، لەبەر ئەوەی یاریزانێکی گەورە بوو، بەڵام پێویستە ئاگادار بێت لەوەی کە چی دەڵێت؟ و هەڵوێستی چۆنە؟ ئەمە بەسەرشۆڕی دەزانم بۆ ئەوانەی ئەم قسانە دەکەن.




پێرلۆ: بایرن میونخ زۆر پێویستی بە کۆتینهۆ بوو



ئەندریا پێرلۆ، ئەستێرەی پێشووی تۆپی پێی ئیتاڵیا، دووپاتی کردەوە، یانەی بایرن میونخی ئەڵمانی، زۆر پێویستی بە خزمەتەکانی یاریزانی بەرازیلی، فیلیپ کۆتینهۆ بوو. ئەمەو کۆتینهۆ لە هاوینی ڕابردوودا، بە شێوەی خواستن لە بەرشلۆنەوە تاکو کۆتایی ئەم وەرزە پەیوەندی بە ریزەکانی بایرنەوە کرد، بڕگەیەکیش لە دەستەوارەکەدا هەیە، کە ڕێگە بە بایرن میونخ دەدات، لە کۆتاییدا بە بڕی 120ملیۆن یۆرۆ، ئەو یاریزانە بکڕێت. پێرلۆ لە میانی لێدوانی بۆ کەناڵی (سپۆرت یەک)دا وتی:"بایرن میونخ پێویستی بە یاریزانێکی وەکو کۆتینهۆ بوو، بەتایبەتی دوای ڕۆیشتنی ریبێری و وازهێنانی ڕۆبن". شیاوی باسکردنە، کۆتینهۆ لەمیانی بەشداریکردنی لە 8یاری بە دریسی بایرن، توانی ڕۆڵی لە تۆمارکردنی 5گۆڵدا هەبێت، تۆمارکردنی 2گۆڵ و دروستکردنی 3گۆڵ. لەمبارەیەوە پێرلۆ وتی:"بەشێوەیەکی باش خۆی گونجاند، هەرچەندە بایرن خۆی تیپێکی بەهێزە، بەڵام بە بوونی کۆتینهۆ زیاتر بەهێز بووە". لە بارەی باشترین یاریزانەکانی بایرن میونخیش پێرلۆ وتی:" تیپەکە چەندین یاریزانی باشی هەیە، بەڵام من کۆتینهۆ و ڕۆبرت لیڤاندۆڤسکی هەڵدەبژێرم، هەرچەندە چەندین یاریزانێکی دیکەی باشی بە هەمان ئاست هەیە".

ڕەمزی میرەکانی

ئیبرا: ژمارەی تەلەفۆنەکەمت دەوێ؟



زلاتان ئیبراهیمۆڤیچی سویدی بەشێوازێکی سەیر وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسێکی داوە کە لێی پرسیبوو ئەگەر کارلۆ ئەنچیلۆتی پەیوەندیت پێوەبکات تا رازیت بکات بچیتە ناپۆلی؟ ئیبرا لە وەڵامدا گوتی: هەمووان پەیوەنیدم پێوەدەکەن و تلفۆنم بۆ دەکەن، ئەگەر تۆش دەتەوێ پەیوەندی بکەی ئەوا ژمارەی تەلەفۆنی خۆمت پێدەدەم.

بەگوێرەی ئەو هەواڵەی ڕۆژنامەی یورۆ سپۆرت باڵاوی کردبۆوە کە ئەگەر ئەنچیلۆتی بۆ وەرزی گواستنەوەی زستانە داوای لێبکات چی وەڵام دەداتەوە؟ بەڵام ئیبراهیمۆڤیچ بەپیکەنینەوە وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ ئەگەر تۆش دەتەوێ تەلەفۆنم بۆ بکەی ئەوا ژمارەکەی خۆتمت دەدەمێ.

پاڵەوانی لاوانی ئەوروپا لە دیدارێکی (خەبات)دا:

نونا داتواشڤیلی: بۆ جۆرجیا زۆر گرنگە 7شەترەنجزانی لەنیو لیستی 100باشترینەکانی جیهان بێت







دیمانە: هاوار مورتکەیی

نۆنا داتواشڤیلی خانمە شەترەنجزانی جۆرجی لە ساڵی 1986لە شاری تبلیسی لەدایک بووە، باشترین ئەنجام تا ئێستا بەدەستی هێنابێت، پلەی دووەم بووە لەسەر ئاستی ئەوروپا، ئەمە جگەلەوەی چەندین جار لەسەر ئاستی لاوانی جۆرجیا میدالیای زێڕی بەدەستهێناوە، لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات دیمانەیەکی لەگەڵ ئەنجام داوە و تیشکی خستۆتە سەرژیانی وەرزشی و خەونی داهاتووی.

سەرەتا نۆنا ژ-Nona Datuashvili لەبارەی ئاوێتەبوونی بە یاری شەترەنج گوتی: خەونی بابم ئەوەبوو رۆژێک لە رۆژان ببمە یاریزانی شەترەنج، چونکە ئەو شەترەنجی زۆر خۆش دەویست، ئەوەبوو منداڵەوەش هانیان دام خەونەکەی بابم بەدی بهێنم، ئەوەبوو لەتەمەنی 8 ساڵیدا بەفەرمی دەستم بەو یارییە کرد و یەکەمین بەشداریشم لە پاڵەوانێتی جۆرجیا بوو بۆ خوار 8 ساڵی.

ئەو خانمە شەترەنجزانە جۆرجییە زیاتر دەڵێت: زۆر دڵخۆش بووم کاتێک رەیتینگی نێودەوڵەتیم وەرگرت و هانیدام زیاتر گرنگی بەو یارییە بدەم، ئەگەرچی راهێنەریشم نەبووە بەڵام بەخۆم هەوڵم داو تا خۆم پێش بخەم و لەمەشدا چەند ئامانجێکم پێکا لەوانە توانیم پلەی دووەم لەسەر ئاستی لاوانی ئەوروپا بەدەست بهێنم، شەترەنج بۆ من زۆر گرنگ بوو، بیری فراوانتر کردم.

دواتر سەبارەت بە ئاستی شەترەنج لەوڵاتی جۆرجیا خاتوو نۆنا گوتی: جێی خۆشحالیە رۆژ دوای رۆژ ئاستی شەترەنج لە جۆرجیا پێش دەکەوێت، بەڵگەی ئەمەش دەبینین ئێستا 7یاریزانی ئافرەتمانمان لەنێو باشترین 100یاریزانی جیهانە، کە ئەمەش بۆ ولاتێکی بچوکی وەکو جۆرجیا بەدەستکەوتێکی گرنگ دەژمێردرێت، ئەمە جگە لەوەی چەند جارێک یاریزانی جۆرجی توانیوانە پاڵەوانێتی جیهان بەدەست بهێنن، لەوانە نونا گابرینداشڤیلی و مایا چیبۆرانیدزە.

9یاریزان سوپەر هاتریکیان لە چامپیۆنس لیگ تۆمار کردووە



لەمێژووی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپادا، تەنیا نۆ یاریزان بە تۆمارکردنی چوار گۆڵ لە یەک یاریی(سوپەر هاتریک) ناوی خۆیان لەمێژووی خولەکەدا تۆمار کردووە، ئەمەی خوارەوەش، ناوی یاریزانەکان و ئەو یارییەی گۆڵەکانیان تێدا تۆمار کردووەیە:

1- مارکۆ ڤان باستن (میلان- ئیتاڵیا): ئەو یاریزانە لەوەرزی 1993 - 1992 توانی چوار گۆڵ بەرامبەر یانەی مارسیلیای فەرەنسی تۆمار بکات.

2- سیمیۆنی ئینزاگی (لازیۆ ئیتاڵیا): ئەو یاریزانە لەوەرزی 2001-2000توانی چوار گۆڵ بەرامبەر یانەی مارسێلیای فەرەنسی تۆمار بکات .

3- دادۆ برنسۆ (مۆناکۆ-فەرنسا): ئەو یاریزانە لە وەرزی 2004 -2003توانی چوار گۆڵ بەرامبەر یانەی دیپۆرتیڤۆ لاکەرۆنیای ئیسپانی تۆمار بکات.

4- رۆد ڤان نیستەلرۆی(مانچستەر یونایتد ژێنگلتەرا): ئەو یاریزانە لە وەرزی 2005 -2004توانی چوار گۆڵ بەرامبەر یانەی سپارتاک براگای چیکی تۆمار بکات.

5- ئەندریا شیفچینکۆ(میلان-ئیتاڵیا): ئەو یاریزانە لە وەرزی 2006 -2005 توانی چوار گۆڵ بەرامبەر یانەی فەنەربەخچەی تورکی تۆمار بکات.

6- لیۆنێل میسی (بەرشلۆنە-ئیسپانیا): ئەو یاریزانە لە وەرزی 2011 -2010 توانی چوار گۆڵ بەرامبەر یانەی ئەرسنالی ئینگلیزی تۆمار بکات.

7- ڕۆبێرت لیڤاندۆڤسکی (بوروسیا دۆرتمۆند-ئەڵمانیا): ئەم یاریزانە لە وەرزی 2013 -2012توانی چوار گۆڵ بەرامبەر یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی تۆمار بکات.

8- زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ (پاریس سان جێرمان): ئەو یاریزانە لە وەرزی 2013- 2014توانی چوار گۆڵ بەرامبەر یانەی ئەندەرلختی بەلجیکی تۆمار بکات.


9- سێرجی گەنابری (بایرن میونخ- ئەڵمانیا): ئەو یاریزانە لە وەرزی 2019- 2020توانی چوار گۆڵ بەرامبەر یانەی تۆتنهامی ئینگلیزی تۆمار بکات.

ڕەمزی میرەکانی

ڕیال مەدرید چۆن 300 ملیۆن یورۆی بەهەدەر داوە؟

زێدان سەرکەوتوو نەبوو لە بەرپاکردنی شۆڕشێک لەناو پێکهاتەی میرینگی





ئا: هاوکار کەڵهوڕی

یانەی ریال مەدرید زیاتر لە 303 ملیۆن یورۆی بۆ کڕینی شەش یاریزان سەرف کردووە، کەچی هیچ کام لەم شەش یاریزانە نەیانتوانیوە خۆیان بسەلمێنن.

هەموو هەوڵەکانی زێنەدین زیدانی راهێنەری فەرەنسی بۆ ئەوە بوو شۆڕشێک لەناو پێکهاتەی میرینگی بەرپا بکات، بەتایبەتیش دوای ئەوەی ئەو راهێنەرە بەوەناوبانگی دەرکردووە تامەزرۆی سوودوەرگرتنە لەو یاریزانە تازانەی پەلکێشی یانەکەی دەکات.

یاریزانە تازەکانی ریال کڕیونی و هیچ سوودێکیان بۆ ریال نەبووە بریتین لە:

* ئیدین هازاردی بەلژیکی کە بڕی 100ملیۆن یورۆی پیدرراوە و لە چێلسیەوە رووی کردە سانتیاگۆ بێرنابیۆ، کە هەمووان بە ئەستێرەیەکی گەورە ناویان دەبرد و پییان وابوو ئاستیکی بەرز پێشکەش دەکات، بەتایبەتیش لەوەی کە یەک لەو یاریزانە تازانەیە کە بەردەوام لەپێکهاتەی سەرەکی میرینگییە.

* لۆکا یۆڤیچی سربی بەرامبەر 60 ملیۆن لە یانەی لیڤەرکوزنەوە رووی کردە یانەی ریال، ئەگەرچی تەمەنی 21ساڵە چاوەڕوانییەکی زۆری لێدەکرا بەئاستیکی بەرز دەربکەوی، بەڵام لە 8 یاریدا یاریی کردووە و تەنها گۆڵێکی تۆمار نەکردووە، بەڵام واپێشبینی دەکرێت زوو بێ یان درەنگ خۆی دەسەپینی.

* ئیدەر ملیتاوی بەڕازیلی تەمەن 21ساڵ کە بەرامبەر 50ملیۆن یورۆ لەگەڵ ریال ریککەوت، ئەویش وەک یاریزانێکی دواڕۆژ حسابی بۆ کرا، هەر بۆیەشە زۆر بەشداری پێنەکراوە لە یارییەکاندا بەتایبەتیش بە بوونی رامۆس و ڤاران، شوینی ئەو نەبوو یاری پێ بکرێت.

* فێرلاندی مینەدی فەرەنسی کە بەرامبەر 48ملیۆن یورۆ چووە ریال مەدرید، بەخت یاوەری ئەو یاریزانە نەبووە بەهۆی پێکانەوە، چەندین جارە پێکان یەخەی دەگریت و ناتوانێت بەردەوام بێت، هەربۆیە ئاستی لەدابەزیندایە.

* رۆدریگۆ گۆسی بەرازیلی بەرامبەر 45ملیۆن یورۆ چووە ریال مەدرید، بەڵام بەرپرسانی ئەو یانە مەدریدییە تا ئێستا بیان یەکلا نەبۆتەوە کە ئەو یاریزانە لە تیپی یەکەم یان دووەم یاری پێ بکەن، چونکە تەمەنی گەیشتۆتە 18ساڵ، لەو چەند یارییەی بەشداری پێکراوە وادەرنەکەوتووە تەنها ئەو گۆڵەی نەبێت کە لە ئۆساسۆنای تۆمار کرد.

* ئەلفۆنس ئاریۆلا کە بەبڕی 2.2 ملیۆن یورۆ بەشێوەی خواستن لە یانەی پاریس سان جێرمانەوە وەک شۆینگرەوەیەکی کیلۆر ناڤاس چووە ریال مەدرید، ئەم گۆڵچییە بەشداری لە سێ یاری کردووە و چاودێران پێیان وایە ئەمە رکابەری کۆرتوا دەکات لە پێکهاتەی سەرەکی یانەی ریال مەدرید.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu, 24. Oct. 2019 No: (5856)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

کازم ساهیر پشتگیریی لەلاوانی عێراق دەکات



خەبات : هەمزە سەرحان

هونەرمەندی گۆرانیبێژی دیاری عێراقی کازم ساهر، لە تویتێکدا گۆرانیی "شباب العراق"ی بڵاوکردەوە و وەسفی گەنجانی عێراق دەکات.هونەرمەند کازم ساهر لە تویتێکدا لەگەڵ وەسف و پیاهەڵدانی گەنجانی عێراقدا، گۆرانیی "شباب العراق"ی بڵاوکردەوە. تویتەکەی کازم ساهر لە کاتێکدایە، دژی گەندەڵی و نەبوونی پرۆژەی خزمەتگوزاری، دوو ڕۆژە لە بەغدا و چەند شارێکی تری عێراق خۆپیشاندانە، لە خۆپیشاندانەکانی ئەمڕۆدا پێنج کەس کوژراون و 132کەسیش بریندارببون.

(شباب العراق) یەکێکە لە گۆرانییەکانی کازم ساهر، لە شیعری شاعیر کەریم عێراقییە، لەساڵی 2015 بڵاوکراوەتەوە.کازم ساهر گۆرانیبێژ و ئاوازدانەر و میوزیکژەن و هۆنراوەنووسی عێراقییە، لە 2ی ئەیلوڵی 1957لە شاری مووسڵ لە عێراق لەدایکبووە، لە ساڵی 1984یەکەمین ئەلبوومی گۆرانیی بە ناوی داری زەیتوون (شجرە الزیتون) بڵاوکردەوە، چەندین ئەلبوم و فیدیۆ کلیپی تۆمارکراوی هەیە، لەلایەن هەواداراکانییەوە بە "قەیسەر" ناسراوە.

تووڕەج ئەسڵانی خەڵاتی فێستیڤاڵی ئازادی ئەمەریکای پێشکەش بە خۆڕاگری خەڵکی ڕۆژئاوا کرد

ئا- بەرهەم شێخ عزەدین

تووڕەج ئەسڵانی خەڵاتی باشترین وێنەگرتنی لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "ئازادی" ئەمەریکای وەرگرت و خەڵاتەکەی پێشکەش بە خۆڕاگری خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان و هەروەها منداڵانی ڕۆژئاوا کرد.فیلمی سینەمایی (14ی تیرمە)، 14ی تیرمە لە دەرهێنانی "هاشم ئایدێمیر، لە بەرهەمهێنانی (محەمەد حیسامەدین یووڕک) لە کۆمپانیای یاپیم (13 13) و لە بەڕێوەبەری وێنەگرتنی تووڕەج ئەسڵانی سینەماکاری ناودار و نێودەوڵەتی کورد، بەرهەمی هاوبەشی وڵاتانی ئەڵمانیا و تورکیا، لە نوێترین بەشداریی نێودەوڵەتی خۆیدا لە بەشی پێشبڕکێی فیلمی سینەمایی (ئازادی) لە وێلایەتی کارۆلینای باشوور لە وڵاتی ئەمەریکا نمایش کرا و تووڕەج ئەسڵانی خەڵاتی باشترین وێنەگرتن و هەروەها خەڵاتی باشترین فیلمی ئەم ڕووداوە سینەماییە بەدەستهێنا.

تووڕەج ئەسڵانی دوای وەرگرتنی خەڵاتی باشترین وێنەگرتنی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی (ئازادی) ئەمەریکا، ئەم خەڵاتەی بە نەتەوەی ئاشتی خوازیی کوردستان و بە تایبەت خۆڕاگری قارەمانەی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان و هەروەها منداڵانی ڕۆژئاوا پێشکەش کرد، فیلمی سینەمایی (14ی تیرمە) لە یەکەمین بەشداریی نێودەوڵەتی خۆیدا لە بەشی پێشبڕکێی فیلمە بلندەکانی "سینەمای کوردی" لە پێنجەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی (دهۆک) لە هەرێمی کوردستان نمایش کرا و خەڵاتی تایبەتی لێژنەی دادوەرانی ئەم ڕووداوە سینەماییە بە هۆی وێنەگرتنی بەرچاو و ستایلی وێنەیی بەرجەستە، بە تووڕەج ئەسڵانی بەڕێوەبەریی ئەم فیلمە سینەماییە بەخشرا و هەروەها کۆمەڵەی ئەکتەرانی ئەم فیلمەش بە هاوبەشیی خەڵاتی بەشداریی کردووە، ئەم فیلمە بە بەشداری لەم ڕووداوە سینەمایانە چەندین خەڵاتیشی بەدەستهێناوە، لەوانە: خەڵاتی باشترین وێنەگرتن بۆ تووڕەج ئەسڵانی و باشترین ئەکتەری پیاو لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی (کرالا) لە وڵاتی هیندستان، خەڵاتی تایبەتی داهێنان لە سێیەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی (سلێمانی) لە هەرێمی کوردستان، خەڵاتی باشترین دەرهێنان بۆ فیلمی یەکەم لە خەڵاتەکانی وێنەگران لە وڵاتی کەنەدا، خەڵاتی باشترین فیلم، خەڵاتی باشترین سیناریۆ، خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاو، خەڵاتی باشترین ئەکتەری کچ، خەڵاتی باشترین دیزاینی دەنگ بۆ بەهەمەن ئەردەڵان و هەروەها خەڵاتی باشترین بەڕێوەبەریی وێنەگرتن بۆ تووڕەج ئەسڵانی لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "پێنج قارە" لە وڵاتی وینزۆئێلا . فیلمی سینەمایی "14ی تیرمە" بۆ ماوەی سێ مانگ لە 145 هۆڵی سینەمایی لە وڵاتانی جۆراوجۆری ئەورووپا چووە سەر پەردەی سینەماکان و لە لایەن هۆگرانی هونەریی سینەمایی پێشوازیی لێکرا.




شیعر دەتوانێت شۆڕشێکی گەورە بەرپا بکات

کچە شاعیری لاو (کوردە) بۆ «خەبات»:

شیعر زادەی چێژێکە، هەمیشە ویستوومە واقیعی خۆم و هەموو ئەوانەی کە لە ناخمدا شاردوومەتەوە بە شیعر وێنایان بکەم





دیانە : وریشە عومەر

(ئاسوده غازی) ناسراو بە (کوردە) خاتونە شاعیرێکی قەڵەم بەبڕشت و ئازاو چالاک و بوێر، لە دایکبووی 1999.2.14یەو لە شاری هەولێر نیشتەجێیە (وەک خۆی گوتەنی) لە تەمەنی نۆ (9) ساڵانەوە ئاشنای کاری هونەری بووە ، لەوانەش زیاتر شانۆ ، لە چەندین کارو چالاکی هونەری و ڕۆشنبیریی قوتابیاندا بەشداریکردووە ، ساڵانێکیشە دەخوێنێتەوە شیعر دەنووسێ، لە ئێستاشدا چەند تێکستێکی شیعریی تەواوکراوی هەیەو زۆر لە شیعرەکانیشی لە ڕێگای ڕۆژنامەو فەیسبووکی خۆیەوە بڵاو دەکاتەوە، لە دوو کۆڕی تایبەتی شیعر خوێندنەوەشدا بەشداریکردووە.

(کورده) لە دیانەیەکدا بەو شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی (ڕۆژنامەی خەبات) ی دایەوە:

بۆ شیعرت هەڵبژارد؟

هەمیشە وا بییرم کردۆتەوە شیعر حاڵەتێکی نەفسی ئینسانە بەرامبەر بە دوونیاو هەستیاری شاعیرە بە ئینسانەکان ، من لە قۆناغێکدا کە دەرکم بەوە کرد کە ئەوە شیعرە زۆر جار دوونیا جواندەکات و هەم شیعریشە دەتوانێت شۆڕشێکی گەورە بەرپاکات، ئیدی زیاترو زیاتر شیعرم دەخوێندەوە، زیاتر ئەو شیعرانەی کە وینەیێژ سازڵن و توانای هەمیشە خۆ تازەکردنەوەیان هەیە لە هەمو زەمەنێکدا، ئەو ئاشقبوونەم بە فەزای شیعر هێندە چاوو دەستی کردمەوە تا وەکو توانیم منیش ببمە نوقتەیەکی زۆر بچووک لە دوونیای شیعردا ،بەوە کۆتایی بەم وەڵامە دەهێنم ، ئەوە شاعیرانن لە هەستیاری خۆیاندا بە دوونیا، هەمیشە پەراوێز دەخرێن بۆ نموونە: بەختیار عەلی شاعیران دەنێرێت بۆ دۆزەخ و ئەفلاتون لە کۆمارەکەیدا شاعیران دەردەکات.

لە زمانی شیعریتاندا وشەگەلێکی ناسک و چیرۆکئاسای ڕۆمانسی بەدیدەکرێت، ئاخۆ ئەمە زادەی خەیاڵی سحری خۆتانە، یان پەیوەستە بە ژیانی واقیعیتانەوە؟

ئەمەوێت ئەوە بڵێم هەمیشە شاعیر پێیەکی لەناو واقیعدایەو پێکەی تری لەناو خەیاڵ، تێکستەکانی منیش هەروان ، کەواتە هەموو شاعیرێک لەناو واقیعی خۆیدا دەتوانێت متوربەی تێکستێک بکات.

شانۆ و شیعر لێکدوورن، چۆن لە شانۆوە دەستتکرد بە نووسینی شیعر؟

شانۆ بۆ من وەک کچێک خولیایەکی سەیرو زۆر سەیری هەیە بە سەرمەوە هەتائێستاش . من ئەم پرسیارە بەوە کۆتایی پێدێنم، هەمیشە سەرسام بووم بەو نەسانەی کە نووسراون و من خولیام بووە کە بیم بە کاراکتەری یەکێک لەو نەسانە بۆ نموونە مارگرێت لە دەقی (دکتۆر فاوست) یان دەقی نۆتێلای شکسپیر، وە شیعریش زادەی چێژێکە کە هەمیشە ویستومە هەم واقیعی خۆم وە هەم هەموو ئەوانەی کە لە ناخمدا شاردومەتەوە بە شیعر بیانن‌ووسم ، شێرزاد حەسەن گوتەنی هەمیشە وابیرم کردۆتەوە ئەبێت بیم بە دەرگایەک بۆ ئەو کچانەی کە دەفتەری یادگاریەکانیان لە دەیان کون شاردۆتەوە لە ترسی هەموو ئەو داب و نەریتانەی وڵات.

ئیلهامی زۆرێک لە شاعیران خۆشەویستەکەیانە یان دایکە یان نیشتیمانە، ئیلهامی شیعری تۆ چیبە؟

من بە ڕوونی ئەوە نازانم شیعر سەرچاوەکەی چییە چونکە ئەوە هیچ شاعیرێک ئەوەی بۆ یەکلایی نەبۆتەوە، بەڵام بۆ خودی خۆم زۆرجار بابەتێک کە ڕوو ئەدات، بۆ من دەبێتە شیعرێک، زۆر جاریش با بەت خۆی بۆ خۆی دەبێتە شیعر بە لا شعوری خەیاڵەوە.

من کچم و لە شەرق دەژیم، ئەوەی کە کێشەیە ئینسانەکانن نەک شیعرەکانم



حەز دەکەیت پر بە گەرووی شیعرت چی بڵێیت و بە کێ بڵێیت؟

ئەگەر شیعر بەو جۆرەی کە تۆ دەڵێیت شاعیران بییانوتبایە ئەوە لەو کاتەی کە دەیانوت ئیتر شیعریش کۆتایی پێدەهات ، کەواتە مانەوەی ئینسان بەو کۆدە نەوتراوانەوەیە کە دەیباتە دونیایەکی تر لەگەڵ خۆیدا، من لە دڵی خۆمدا زۆر شتم وتووە پڕ بە دڵی خۆم.

چی ئاوێتەی شیعر دەکەیت بۆ ڕازاندنەوەی؟

خسوسیاتی شیعر سەرەتا بابەتەوە زمانەوە وێنەیە وە مۆسیقایە، منیش هەر ئەم سێ کەرەستەیە بەکار دێنم بۆ ڕازاندنەوەی شیعرەکانم.

تا ئێستا چەند دەقی شیعریتان کراوەتە گۆرانی؟

تا ئێستا چوار تێکستم داوە بە چوار هونەرمەندی ئازیز کە قەڕارە بەم نزیکانە کاری لەسەر بکەن.

وەکو کچە شاعیرێک لەمپەرو کێشەکانت چین، یان چی نیگەرانی کردوویت؟

ئەو پرسیارە بۆ خانمان سەیرە، چونکە شەڕق بەعام کلتورو دەسەڵاتێکی ترسناکی پیاو سالاری بە سەریەوەیەتی ، من ئەوە دەڵێم پێتان: مردنی دووعاو بەرد بارانکردنی سووریا و کوژرانی زووهرە، بەسە بۆ ئەوەی منێک نیگەران بکات.

لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە شیعرەکانت کێشەیان بۆ دروست نەکردوویت؟

تا ئێستا کەس دەقی شیعرەکانی من کێشەی بۆ کەس دروست نەکردووەو وە هەرگیز دروستی ناکات چونکە هەموو شاعیرێک ژیاندۆستە چونکە واقیعی خۆم دەنووسمەوەو واقیعی ئینسانەکان، من تەنها ئەوە دەڵێم من کچم و لە شەرق دەژیم، ئەوەی کە کێشەیە ئینسانەکانن نەک شیعرەکانم.

دەڵێیت قەرزاری دڵم بۆ؟ ئایا کە دڵ شکا بەچی ساڕێژ دەبێت؟

خۆی ئەشق حاڵەتێکی سەیرە بەڵام ئەوە دەڵێم: کە دڵ شکا دەبێت قەرزاربای ئەقڵ بین، ساڕێژ دەبێت چۆن لە قەسیدەی (زمانی ئەشق و زەمەنی ئەنفال)ی ڕێبوار سیوەیلی کە دەڵێت: تێپەڕی و دەست پێبکەرەوە هێندە نابات هەمووان بیرەچێتەوە.